

# کۆڕەو، ٦٨٨

کۆڕە ملیۆنیەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان، وەرچەرخانێکە لەمێژووی میللەتەکەمان و بڕیارێك بوو لە ئیرادەی راستەقینەی خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵابوو، رەتکردنەوەیەکی بەکۆمەڵ بوو بۆ قبوڵ نەکردنی زۆرداری و ژێر دەستەیی، بانگێشەیەك بوو ئاراستەی هەموو ویژدانی مرۆڤایەتی لەسەرانسەری جیهاندا کرا بەوەی میللەتێك دەیەوێت لە نێوان ئازادی و مەرگدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، کۆڕەو کە لەماوەی نزیکەی ١٠٠ کاتژمێریدا سەرلەنوێ مێژووی ١٠٠ ساڵی خەبات و بەرخودانی ژیاندەوە و بووە هۆکاری ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ دەربکات و نەوایەکی ئارام و ناوچەیەکی دژە فڕین بۆ ئەو گەلە چەوساوەیە دابین بکات، بووە دوا بزمار و لە تابوتی شەڕی سارد درا و سەرلەنوێ سەروەریی دەوڵەتی بەشێوەیەکی تازە پێناسەکردەوە، بۆیە ئەگەر زۆر لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوابێت، بەرووخانی کۆماری کوردستان، شەڕی سارد لەکوردستانەوە دەستی پێکرد، ئەوا بەدەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ و شکاندنی سەروەریی دەوڵەت بەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆی نییە بۆ پارێزگاری نەتەوە ژێردەستەکان دەست لەکاروباری ناوخۆیی هیچ دەوڵەتێك وەربدات، بەڵام بڕیاری ٦٨٨ بە دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین و نەوای ئارام بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان، بووە کۆتایی هێنان بەو پێناسەی کە شەڕی سارد بۆ سەروەریی دەوڵەت دروستی کردبوو. بۆیە دەکرێت دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ و دروستکردنی نەوای ئارام بۆ هەرێمی کوردستان بە دەسپێکی بونیادی ژیانێکی سیاسیی نوێ لە کوردستاندا لە قەڵەم بدەین.

لایەنێکی دیکە کە بووە هۆکاری ئەوەی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان زیاتر سەرنجی جیهان رابکێشێت، زومی کامێرای رۆژنامەنووسان بوو کە بەشێوەیەکی زۆر تراژیدیانە دیمەنی کۆڕەوەکەیان گواستەوە و بووە هۆکاری ئەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی بهەژێت، بەڵام لەنێو ئەو دیمەنە تراژیدیانەشدا، لەناوخۆ و لەسەر ئاستی بڕیاری بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی کە بڕیاری مقاوەمەت و رووبەڕووبوونەوەی دا و لە چەند لایەکەوە رووبەڕووی دوژمنی داگیرکەر بوونەوە، کە دیارترینیان داستانی کۆڕێ بوو کە بووە سەرەتای لوت شکاندنی دوژمن کە نەیانهێشت لەوە زیاتر پێشڕەوی بەهێزەکان بکات و سنووریان بۆدانا، بووە هۆکاری ئەوەی بڕیاری ٦٨٨ مانایەکی گەورەتر وەربگرێت و لەبواری مرۆڤایەتی دەربچێت و لایەنی سیاسیش بگرێتەوە و حکومەتی عێراقی ناچار بێت دامودەزگا ئیدارییەکانی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك بکشێنێتەوە، پاشان لەو نەوا ئارامەدا و بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی سەرۆك بارزانی جێبەجێ بکرێت کە ئاداری ١٩٩١ لە کۆیە داوای کردبوو دەبێت لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت، بەرەی کوردستانی یاسای ژمارە یەك و دووی بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەرکرد، ئەمەش بووە سەرەتای بونیادنانەوەی دامەزراوە شەرعیەکانی کوردستان کە دواتر لە دامەزراندنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خۆی بینیەوە.

ئەم لایەنە سیاسییە کە خودی بڕیاری ٦٨٨ نەهاتووە و ئیرادەی سیاسی سەرکردایەتی سیاسی لەکوردستان کردی بە ئەمری واقیع، بووە شانازییەکی دیکە بۆ خەڵکی کوردستان، بەوەی ئەم گەلە وێڕای ئەوەی گەلێکی ئازادیخوازە، لەهەمانکاتدا ئەم ئازادییە لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتی و رەچاوکردنی بنەمای مافەکانی مرۆڤ و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان رێکدەخات و بەرەو پێشەوەی دەبات، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بڕیاری دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین (No fly zone) جیاواز لەو





# نۆفــڵای زۆن

بڕیارەی بۆ دروستکردنی هەمان ناوچە لەباشووری عێراق، مانایەکی تایبەتی وەرگرت و لەبەر ئەوەشی هەنگاوەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان هاوشان و هاو تەریب لەگەڵ باهۆزی جیهانی دوای هەڵوەشانەوەی شەڕی سارد دەڕۆیشت و وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع پابەندبوونەکانی سەرشانی خۆی جێبەجێ دەکرد، بۆیە هەموو جیهان وێڕای کەموکورتیەکان و بوونی دوو ئابڵوقە لەسەر ئەم هەرێمە بەچاوی ڕێز و تەقدیرەو سەیری ئەم ئەزموونی دیموکراتیەیان دەکرد و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پێشوازیان لێدەکرد و ئەزموونەکەش لە چوارچێوەی ئەم بڕیارەو لە ژێر چەتری نەوای ئارامدا هەنگاوی گەورەتری بۆ پێشەوە هەڵدەگرت، لەیەکەمین هەنگاوی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ فرۆشتنی نەوت بەرامبەر بەخۆراك بەپێی بڕیاری ٩٨٦ی نێودەوڵەتی، ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی دیکە چووە پێشەوە و لەگەڵ ئەوەی بەشە داهاتی کوردستان لەپارەی فرۆشتنی نەوت نەدەدرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەرێژەی ١٣٪ی ئەو داهاتە جیاکرایەوەو تەسلیمی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا بۆ ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان خەرج بکرێت، لێرەدا نایەمە سەر ئەوەی ئەم پارەیە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چۆن خەرجکرا، بەڵکو مەبەست ئەوەیە چۆن سیاسەتی ڕاست و دروستی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بووە هۆکاری ئەوەی سەرچاوەیەکی داهات بۆ ئەو کیانە دروست بکات، کەپێشتر بێجگە لەداهاتی خاڵە گومرگیەکانی سنوورەکان شتێکی دیکەی نەبووە.

ئەوەی لەم بۆنەیەدا جێگەی ئەوەیە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە ئەزموونی ٢٠ ساڵی ڕابردوو کە لەوڵاتێکی کاولی دوای شەڕ و وڵاتێك کە دەیان ساڵ بوو ڕژێمە یەك لەدوایەکانی حکومەتی عێراق پشتگوێیان خستبوو هیچ پرۆژەیەکیان تیا ئەنجامنەدابوو، لەوڵاتێکدا کە بێجگە لەوەی لەژێر باری دوو گەمارۆی ئابووری و نێودەوڵەتی دەیناڵاند، هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی بەدەستەوە نەبووە، بێجگە لە هاریکاری ئاژانس و ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەتا ساڵی ٢٠٠٣، ئەزموونێکە کە پێشتر هیچ گەل و نەتەوەیەك پێیدا تێپەڕ نەبووە و تەنانەت ناکرێ لەگەڵ ئەزموونی تایوانیش بەراورد بکرێت، لەبەر ئەوەی تایوان لە ساڵی ١٩٤٩ کە لەچین جیابۆوە خۆی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە هەتا ساڵی ١٩٧١ کە لە ئەندامیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی هەڵپەسێردرا و کۆماری چینی میللی جێگەی گرتەوە، ئەمەش واتە کاتێك تایوان بووە دەوڵەتی ئەمری واقیع هەستابووە سەرپێی خۆی و پێویستی بەوە نەبوو دەوڵەت بێت یان دەوڵەت نەبێت، ڕاستە ئەندامیەتی لەنەتەوە یەکگرتووەکان هەڵپەسێردرا، بەڵام هەموو جیهان لەپێش هەموویانەوە ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ کردووە و تەنانەت ڕێککەوتنی چەك فرۆشتنیشی لەگەڵدا ئیمزاکردووە، دوای تایوان، ئەزموونی کۆسۆڤۆیە کە دوای ئەوەی نەوای ئارامی بۆ دروستکرا لە ناو سربیا، ئەوانیش ڕاستەوخۆ خرانە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا ساڵی پار لە ریفراندۆمێکدا بوونە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو وێڕای ئەو هەموو ئاستەنگ و نشێوەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، بەڵام ئیدارەکەی هەر خۆی بەڕێوەبردووە و توانیوویەتی لەناو گێژاوی سیاسەتی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی ڕابگرێت و هەموو لایەك پەنجەی سەرسامی بۆ درێژ بکەن، هەر بۆیە کاتێك یادی ئەم بۆنەیە دەکەینەوە، هەموو تاکێکی کوردستان مافی خۆیەتی شانازی بەو ئیرادەیەوە بکات کە توانرا بە هەوڵی هەموو لایەك بگەینە ئەم ڕۆژە، هەر ئەو ئیرادەیە لەتوانایدا هەیە بەسەر کێشە ناوخۆییەکانی خۆیدا زاڵ بێت و چارەسەریان بکات و هەنگاوی سەرفرازی یەکجارەکی هەڵبگرێت.





# تورکیا و هەرێمی کوردستان
# سەردانێکی مێژوویی و جیهانبینی هاوبەش بۆ داهاتوو

تەنیا ئەوانە بایەخی ئاستی پێوەندییەکانی ئێستای تورکیا و هەرێمی کوردستانن، کە ئاگاداری دوێنێن و دەزانن لە کوێیەوە هاتووینە کوێ، دوێنێ لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا، دوێنێیەکی زۆر دوور نییە، بەر تەنیا لە یەك دووساڵێك لەمەوپێش رۆژنامەنووسێك یان تۆژەرێك یان ناوەندێکی توێژینەوەی ئەکادیمی، پێشبینی ئەوەی بکردایە کە ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەگاتە ئەم ئاستەی ئێستا و لەسەر ئاستی فەرمی کۆمار و حکومەتی تورکیا بە فەرمی بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرێت و وەك سەرۆکی هەرێمێکی دانپێدانرا و پێشوازی لێدەکرێت، یان باسی ئەوەی بکردایە رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکات و لەژێر ئاڵای کوردستان و عێراق و تورکیا پێشوازی لێدەکرێت، ئەوە هەرگیز کەس مەزندەی نەدەکرد ئەم گۆڕانکارییە دراماتیکیە لەماوەی کەمتر لە چەند ساڵێکدا رووبدات و لەمەش زیاتر کرانەوەی تورکیا بەڕووی هەرێمی کوردستان ببێتە هاندەرێکی دیکە بۆ ئەوەی حکومەتی تورکیا بیر لەوە بکاتەوە هەنگاو بۆچارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیاش هەڵبگرێت. لەناو هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانیشەوە، بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، راشکاوانە ئاماژە بەوە بکات، کە سیاسەتی نکۆڵی کردن کۆتایی هات و ئێستا سەردەمی هاوکاری و پێکەوە ژیانە، هەروەها ئەوەی جێگەی ئاماژەدانێکی گرنگ بوو لە گوتارەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە کردنەوەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل، ئەوەبوو رایگەیاند کە لەمەودوا تەنیا ئەو فرۆکانە نایەنە هەرێمی کوردستان کە سەر بە کۆمپانیاکانن، بەڵکو فرۆکەکانی هێڵی ئاسمانی تورکیا دێن و لەوێوە گەشتیار دێنە کوردستان و لێرەوەشەوە دەیانبەنەوە بۆ تورکیا، ئەمە بێجگە لەوەی بەفەرمیش کونسوڵخانەی تورکیای لە هەولێر کردەوە، ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی پراکتیکی سیاسەتی (سفر کێشە) لەگەڵ هەرێمی کوردستان پیادە دەکات و لاپەڕەیەکی تازەی هەڵداوەتەوە لەگەڵ هەموو دراوسێکانی کە یەکێکیان هەرێمی کوردستانە، سەبارەت بەم گۆڕانکارییانەی پارتی داد و گەشەپێدان لەماوەی حکومڕانیکردنی لە تورکیا بەدەستی هێناوە، پرۆفیسۆر و رۆژنامەنووس دغۆ ئێرگل کە یەکێکە لەو ئەکادیمی و رۆژنامەنووسانەی کە لەنزیکەوە چاودێری پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەکات، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان و سەبارەت بۆ چۆنییەتی ئەو گۆڕانانەی پارتی داد و گەشەپێدان لەتورکیا هێناویەتە ئاراوە وتی: (پارتی دادو گەشەپێدان پێش ئەوەی دروستکەری گۆڕانکاری بێت لە تورکیادا، خۆی بەرهەمی گۆڕانکارییەکانی تورکیایە، ئەمەش واتە گۆڕانکارییەکانی تورکیا بۆتە هۆی دروست بوونی AK پارتی و AKپارتیش لەسەر ئەم تەوژمەی گۆڕانکاری توانیویەتی بگاتە شوێنێك، بەڵام ئێستا AK پارتی نوێنەرایەتی ئەو خاڵە دەکات کە تورکیا پێی گەیشتووە زیاتر لەوەی پێشەوایەتی گۆڕانکاری بکات، واتە ئێستا دینامیکیەتێکی وا نیشان نادات کە تورکیا

## چارەسەری کێشەی کوردی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا پەیوەستە بەهاوپەیمانی لەگەڵ کورد و هەرێمی کوردستانی عێراق و لەرێگەی هاوکاری و پاڵپشتی ئەوانەوە دەتوانین کێشەی کورد چارەسەر بکەین

بگەیەنێتە خاڵێکی تر بەر لە هەڵبژاردن، بەڵام ئەو وڵاتانەی کەوا بەرەو گۆڕانکاری هەنگاو دەنێن دەتوانن سوود لە تاقیکردنەوە و بەسەرهاتەکانی تورکیا بکەن کە تا ئێستا لە تورکیا کۆمەڵێ رووداو ڕوویداوە و لە دەرەنجامەکان و رێگا و بۆچوونە نوێیەکان سوود وەربگرن. پێویستە ئەمەش قبوڵ بکەین کەوا تورکیا کۆمەڵێ پرەنسیبی وەك سەروەریی یاسا، بەرزی و گەورەیی ئیرادەی کۆمەڵگە، مافەکانی مرۆڤ لە رۆژئاواوە وەرگرتووە، پێویست نییە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم پرەنسیپانە لە تورکیا وەربگرن، ئەمانە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخن، لێرەدا دەتوانرێ پاڵپشتی یەکتر بکرێ و هاوپەیمانێتی دروست بکرێ لە نێوان هێزە دیموکراتییەکان، ئەمەش زیاتر لە پێوەندی نێوان دەوڵەتان بریتییە لە پێوەندی نێوان کۆمەڵگاکان)).

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەی پرۆفیسۆر ئێرگل بۆ گوڵان و سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا و گەیشتن بەو ئاستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەنکەرا بکات و سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی هەولێر بکات، لەمبارەوە بەم جۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بەر لە هەموو شتێك دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی دانیشتوانی باشووری رۆژهەڵاتی تورکیان و پێکهاتەی فرەکەلتووری تورکیایە، ئەمەش واتە بوونی کوردەکان لەملاو ئەولای سنوور نیشاندەری درێژبوونەوەی کەلتووری تورکیایە و هەرێمی کوردستان درێژبوونەوەیەکی کەلتووریی و ئابوورییە بۆ ناوەوەی تورکیا و پێویستە بەمشێوەیە سەیری هەردوولا بکەین، ئەو ناوچەیەی کە جوگرافیا و کەلتوور بەشێوەیەکی یەکپارچە بەیەکەوەی بەستۆتەوە و لەسەرووی ئەمانەوەش لەدوای یەکپارچەیی ئابووریش دەتوانین باس لەناوچەیەکی یەکپارچەی بەهێز بکەین، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم روونکردنەوەیە سەیری هەڵکشانی ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا و سەردانی بەڕێز ئەردۆگان بکەین بۆ هەولێر، ئەوا دەتوانین بڵێن، بەڵێ ئەم سەردانە مانای ئەوە دەگەیەنێت کەوا تورکیا چیتر بەچاوێکی مەترسی سەیری کوردەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ناکات لەڕووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەیەوە، چیتر ئەم ناوچەیە لەبری بوون بەمەترسییەك، بەڵکو پارتنەرێکە بۆ تورکیا و ئەمەش هەر لەسەرەتاوە پێویست بوو وابێ و ئەمەیە روانگەی دروست)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەسیاسەتی تورکیا بەرامبەر دراوسێکانی و لەگەڵ نەتەوەکانی غەیرە تورکیش لەناو تورکیا، رۆژنامەنووس مستەفا ئاکویل ستوونووسی رۆژنامەی حوریەت بە مجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (هەر خۆی لەخۆیدا AK پارتی سەرکردایەتی گۆڕانی ناوەوەی تورکیا دەکات و بەڕێوەی دەبات، سەبارەت بەگۆڕانی ناوچەییش ئەوا ئیدیعایەکی گەورەیەو تورکیا دەیەوێ ئەکتیف بێ لەگشت بوارەکان، بەڵام ئەوەی راستی بێ هەندێ جار ناتوانێ لە گشت بوارەکاندا ئەکتیف بێ، بەڵام ئەوەش شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کەوا تورکیا لەم ناوچەیەدا خاوەنی ئیعتیبار و هێزێکی تایبەتە و پێموایە لەم رووەوە پێویستە زمانێکی موتەوازع بەکاربێنێ، سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردنیش لەگەڵ کێشەی کورد لەتورکیا، من پێموایە رادەی ئامادەیی AK پارتی پرسیارێکی زۆر گرنگە، بەڵام بەهەمان شێوە ئەو پرسیارەش زۆر گرنگە و پێویستە بیری لێبکەینەوە کە

ئایا لێپرسـراوە کوردەکان تا چەند ئامادەن هـاوکاری AK پارتـی بکەن لـەم بوارەدا؟ لەبەر ئـەوەی من لەوباوەڕەدا نیم کەوا پارتی BDP و PKK ڕێچکەیەکی نییەت باشـییان هەبێ! واتە بـۆ نموونە PKK زیاتر گرنگی بەکەسایەتی سیاسـی ئۆجەلان دەدات یاخود بەراسـتی گرنگی بەماف و سەربەخۆییەکان دەدات؟ پێویستە بڕیاری ئەمە بدات، بێگومان ئەمانـە هیچ کامیـان بەهانەیـەك نین بۆ ئەنجامنەدانی ریفۆرم، بەڵام ئەم کێشەیە دوو لایەنەیە، یەکەمینیان بریتییە لە هەنگاونانی تورکیا بەرەو ماف و سەربەخۆییەکانی گەلی کورد و لـەم ڕووەوەش هەنگاوی زۆر گەورە هەڵگیرا، بەڵام هێشـتا بەس نییە و پێویستی بەزۆر هەنگاوی ترە. دووەمیشیان بریتییە لە مەسەلەی داماڵینی چەکی PKK کە ئەمە



مستەفا ئاکویل بۆ گوڵان:

## پێشتر تورکیا وەک مەترسی سەیری هەرێمی کوردستانی دەکرد، بەڵام ئێستا دانی پێدادەنێت و قبوڵی دەکات

مەسەلەیەکی زیاتر ئاڵۆزترە، چونکە هەندێ لـە داواکاریەکانی PKK زۆرجـار لەلایەن زۆرینـەی گەلی تورکیـاوە ناتوانرێ قبوڵ بکرێ، لێرەدا جۆرێك لە چەق بەسـتن هەیە و پێموایە پێویستە PKK لێرەدا سەرکردایەتی خۆی نیشان بدات و چەك دابنێ)).

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەیی و سەبارەت بە پێوەندییەکانی ئێسـتای نێـوان هەرێمی کوردسـتان و تورکیاو هەڵکشانی ئاستی ئەم پێوەندیانە بۆ ئەم ئاسـتەی ئێستا دەیبینین، ئاکویـل بەمجۆرە ئەم پرسـەی ڕوونکردەوەو وتی: (بێگومان چەند سـاڵێك پێشتر تورکیا ڕوانگەیەکی زۆر دوژمنانە و نەتەوەپەرسـتی بەرامبەر بە هەرێمی کوردسـتان هەبوو و لە ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ ئەمـە گەیشـتبووە لوتکە، لەبەرامبەر ئەمەدا ئاك پارتی دەسـتی کرد بەپیادەکردنـی سیاسـەتێکی پۆزەتیڤانە و توانی نەرمتر هەنگاو بنێ ڕووە و کێشـەی کورد و بەهەمان شـێوە زیاتر لە ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤەوە دەسـتیکرد بەسەیرکردنی هەرێمی کوردسـتان و لەم ١-٢ سـاڵەی دواییشـدا ئەمانەمـان بـە تەواوەتـی بـۆ دەرکەوت، ئێسـتا تورکیا بەپێچەوانەی سـاڵی پێشوو دان بەهەرێمی کوردسـتاندا دەنێت و قبوڵی دەکات، بە مەترسـی سەیری ناکات. تورکیا بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ دەیوت کورد بوونی نییە، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت کە هەیە و پێشـتر دەیانوت هەرێمێك نییە بەناوی کوردسـتان، بەڵام ئێسـتا دەستی کرد بە بینینی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێم ئەگەر بێت و ئەمڕۆ باس لە کوردسـتانێکی ناو تورکیا بکەین، ئەوا پێموایە پایتەختی ئەم کوردستانە ئیستانبوڵە، بۆیە ئەو کوردستانەی تورکیا زۆر جیاوازە لە کوردسـتانی عێراق و بۆیە من پاڵپشـتی مۆدێلەکانی فیدرالیەتی ناوچەیی بۆ کوردستانی تورکیا ناکەم، بەڵام ئەمـە مافێکی خەڵکی عێراقە و هەر خۆی لە خۆیدا لە دەسـتووریش ئاماژەی پێکراوە و ڕێزی لێگیـراوە. بێگومان هەنگاوی گەورە لـەرووی پێوەندی ئابـووری و بازرگانی و هاوپەیمانی ئابووری و کەلتووری هەڵگیراوە و منیـش ئەم هەنگاوانـە زۆر بە پۆزەتیڤ لەقەڵەم دەدەم)).

ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیاش سامی کۆهین کە یەکێکە لە ستوونووسـە دیارەکانی ڕۆژنامەی میللیەتی تورکیا، سـەبارەت بەم پرسە و هاتنی سـەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردسـتان لە لێدوانێکـی تایبەتیدا بۆ گـوڵان بەمجۆرە وەسفی ئەو سەردانەی کردوو وتی: (بێگومان سـەردانی سـەرۆك وەزیران ڕەجـەب تەیب ئەردۆگان بۆ هەولێـر ڕووداوێکی مێژوویی زۆر گرنگە، با لەخۆمان بپرسـین تورکیا لە کوێـوە هاتۆتە کوێ؟، بەر لەهەموو شـتێك ئەم سـەردانە یەکەمین سـەردانە کە لەلایەن سـەرۆك وەزیرانەوە ئەنجام بدرێ بۆ هەرێمی کوردستان. بێگومان ئێمە زۆر باش ئاگاداری ماوەی بەر ئێستاشین، کاتێ کە لەسەرەتاکانی ئـەم پێوەندییـە هەنگاوی زۆر بـە گومان هەڵدەگیـرا، لەسـەرەتادا بێجگە لەگرژی و ئاڵۆزی زیاتر هیچ شـتێك لەنێـوان تورکیا و هەرێمی کوردسـتان نەبوو، بەڵام هەروەکو دەبینن لەسـایەی هەوڵەکانـی هەردوولا ئەم دیوارەی نێوانمان ڕووخا و ئێسـتا سـەردان لەئاستی سـەرۆك وەزیران دەکرێ و بێگومان هەر لە کۆنەوە بزنسـمانەکانمان لە هەرێمی کوردسـتانن و چالاکی کەلتـووری هەیە و پێوەندی بەردەوامە و چیتر ئەم بەربەستانەی نێوانمان نەماوە. ئەگەر بە وردی سـەیرێکی ئەوە بکەین لەماوەی ئەم سـێ چوار ساڵەی دوایی کە لە کوێوە پێوەندیەکانمان گەیشتۆتە کوێ، ئـەوا زۆر زیاتر بەڕوونی گرنگی ئەم هەنگاوەی دوایـی سـەرۆك وەزیرانمان بۆ دەردەکەوێت، هەروەها هەروەکو ئاماژەم پێکرد تورکیا هەڵوێستێکی ڕەسـەن نیشان دەدات، ئەم هەڵوێسـتە ڕەسـەنەش بریتییـە لەوەی کـەوا کۆمەڵگە و گەلانی ئـەم ناوچەیەش پێویسـتە وەکو گەلانـی ڕۆژاوا ببنە خاوەن سـەربەخۆیی و مافەکان. هەربۆیەش تورکیا دەیەوێ یارمەتی ئـەو وڵاتانە بدات کە لەم ڕووەوە کێشـەیان هەیە و ئەگەر وڵاتێکیش لە ناوچەکەدا ئەم پرەنسیپانەی گەشەی سەندبێ، ئەوا تورکیا بەشـێوەیەکی پۆزەتیڤانە سەیری



دۆغۆ ئێرگل بۆ گوڵان:

## ئەم سەردانەی ئەردۆگان بۆ هەولێر مانای ئەوە دەگەیەنێت تورکیا بەچاوی هاوبەش سەیری ئەو هەرێمە دەکات

دەکات، چونکە ئەوە لەگەڵ هەڵوێسـتەکانی خـۆی دەگونجـێ و لەهەمان ئاڕاسـتەیە، ئێستا هەروەکو دەبینین لە هەرێمی کوردستان سیسـتەمی پەرلەمان بە باشی کاردەکات و حکومەتی نوێنەرایەتی بوونی هەیە و ئازادی بیرورا بوونی هەیە، ئەمانەش هەمووی دەبێتە جێی خۆشحاڵی تورکیا))..

پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا
هەنگاوەکان زیاتر بەرەو سەرکەوتن دەبات

ئەو هەنگاوانەی هەتا ئێسـتا پارتی داد و گەشـەپێدان هەڵیگرتوون چاوەڕێی زیاتری لێدەکرێـت، بەتایبەتی مەزندەی ئەوە دەکرێت گۆڕانگارییەکـی بەرچـاو و ریشـەیی لە ناوخۆی تورکیاشـدا بێنێتە ئاراوە، هەربۆیە لەمبارەوە پرسـیارمان لە پرۆفیسۆر ئیحسان داغـی کـرد، کـە یەکێکە لەستوونووسـە

دیارەکانی ڕۆژنامەی تودەی زەمانی چاپی تورکیا و تایبەتمەند و چاودێر لەسەر کێشەی کورد و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بەوەی ئایا تاچەند ئەم هەنگاوانەی پارتی داد و گەشەپێدان سەرکەوتن دەبن و بەردەوام دەبن لە سەرکەوتن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر داغی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (لەڕاستیدا تاکێشەی کورد چارەسەر نەبێ، ئەوا تورکیا ناتوانێ لەم ڕۆڵەیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، بەڵکو نەك تەنیا لەم بوارە تەنانەت لەزۆر بواری تریش ئەم کێشەیە وەك بەربەستێك وایە لەبەردەم گەشەسەندن و هەنگاوەکانی تورکیا وەستاوە، ئەمە کار دەکاتە سەر ئیعتیبار و هێزی نەرمی تورکیا لەناوچەکەدا و تا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێ، من پێموایە تورکیا



ئیحسان داغی بۆ گوڵان:

## ئەگەر تورکیا هەرێمی کوردستانی عێراق بەفەرمی نەناسێ، ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی بکات و لەگەڵ کوردەکانی ناوخۆش بەئاشتی بژی

لە ناوچەکەدا ناتوانێ ئاشتی سەقامگیر بکات، چونکە ئەو وڵاتەی کە نەتوانێ لە ناوخۆیدا ناوچەیەکی ئاشتی دروست بکات، بەهەمان شێوە زۆر زەحمەتە بتوانێ ببێتە ناوبژیکاری لەنێوان دوو دەوڵەت و هەوڵ بدات پەیوەندییەکانیان چاکتر بکات، بەڵام هەروەکو دەبینین تورکیا هەوڵدەدات بۆ ناوبژیکاری کردن لەنێوان سوریاو ئیسرائیل، هەروەها لەعێراق لە نێوان گشت چین وتایەفەکان، هەروەها لەنێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

بەڵام لەم چەندساڵەی دواییدا تورکیا بۆی دەرکەوتووە کە تا دیموکراتی و ئاشتی لە وڵاتەکەی خۆیدا سەقامگیر نەکات، ناتوانێ بە تەواوەتی کاریگەر بێ لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان. هەربۆیەش بەتایبەتی لەم ماوەیەدا بەر لە دامەزراندنی دەستووری نوێ، تورکیا کێشەی کوردی کردۆتە گرنگترین بابەت بۆ تاوتوێکردن و هەوڵ دەدات هەنگاوی گەورە لەم بوارەوەدا هەڵبگرێ و منیش هیوادارم سەربکەوێت. هەر بۆیە وەك سەرۆك وەزیران باسی لەئامانجی تورکیا کردووە کە دەیەوێ ببێتە پێشینە و پێشەوا لەگۆڕان و ئێمە تورکیایەکی گۆڕاوین و دەمانەوێ ناوچەکەمان بگۆڕێ. لێرەدا یەکێك لەگرنگترین پارتنەر و لایەنەکان بۆ تورکیا بریتییە لە هەرێمی کوردستان و پێویستیشە هەروا بێ، قازانجەکانی تورکیا و ئەم دروستکراوە لەدەوڵەت بۆچوونی باکووری عێراق تێك دەکەنەوە، چارەسەری کێشەی کوردی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا پەیوەستە بەهاوپەیمانی لەگەڵ کورد و هەرێمی کوردستانی عێراق و لەڕێگەی هاوکاری و پاڵپشتی ئەوانەوە دەتوانین کێشەی کورد چارەسەر بکەین. کاتێ کە هاوپەیمانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێ، ئەوا دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی ئەو چاوەڕوانییەی کە کوردەکانی باشووری ڕۆژهەڵات لەچارەسەری کێشەی کورد هەیانە. تورکیایەك کەکوردەکان و هەرێمی کوردستانی عێراق نەناسێ، ناتوانێ لەگەڵ کوردەکانی ناو تورکیا بەئاشتی بژی، پەیوەندییەکی بەم جۆرە هەیە، من پێموایە ئەم پەیوەندییەش هەستی پێکراوە و لەم ڕووەوە دیالۆگ و پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان بەردەوامە و منیش لەم ڕووەوە زۆر ئومێدەوارم)).

ئەم قسانەی پرۆفیسۆر داغی بۆ گوڵان پەردەی لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵماڵی کە بایەخ و گرنگی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا تەنیا مەسەلەی ئابووری و هاتنی کۆمپانیاکانی تورکیا نییە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئاشتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بوونی پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان هەردوولادا، دەبێتە فاکتەرێکی دیکە بۆ کرانەوەی زیاتر و سەرخستنی پرۆسەی دیموکراتی لەناوچەکەدا، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا تاچەند ئەمە بۆتە ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بۆ داهاتوو؟

پرۆفیسۆر ئیحسان داغی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (پێشتر دەوترا کەوا تورکیا چوار لای بەدوژمن و سێ لای بە دەریا داپۆشراوە. ئەم بۆچوونەش بێگومان بووە هۆی ئەوەی تورکیا ببێتە دەوڵەتێکی داخراو و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە نەبێ، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کە من بۆ ساڵی ١٩٩٩ی دەگەڕێنمەوە، تورکیا دەستی کرد بەکرانەوە بەڕووی وڵاتانی دەوروبەرو ئەوانەی کە پێشتر بەدوژمن لەقەڵەمدرابوون بوونە هاوپەیمانی نوێی تورکیا و پێشتر لەسەردەمی داخراوی تورکیا هەمیشە هەستی مەترسی دەوروبەر و هەمیشە مەترسی چین و توێژە جیاوازەکانی ناوەوە هەبوو. ئەمە ژیانی لەخەڵکی تورکیا تاڵ کردبوو، چونکە هەمیشە لەهەوڵدان بوو تورکیا بۆ ڕزگار بوون لەم مەترسیانەی دەرەکی و ناوەکی گشت وزە و هێزی بۆ ڕزگاربوون لەم دوژمنانە بەکاردەهێنا. لەزەمینەیەکی بەم شێوەیە ئامادەکراو شتێکی مەحاڵ بوو کە بتوانین باس لە بەها گشتییەکان و دیموکراتی بکەین، چونکە پێویستی سەرەکی ئاسایش بوو. کاتێ سەیری ئەم هەنگاوە نوێیانەی سیاسەتی دەرەوە دەکەین بۆ نموونە سیاسەتی سفر کێشە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە بەڕێز داود ئۆغلو دایهێنا بریتییە لە هەنگاوێکی زۆرگرنگ و توانیویەتی لەسایەی ئەم



سامی کۆهین بۆ گوڵان:

## ئەم سەردانەی ئەردۆگان بۆ هەولێر سەردانێکی مێژوویی گرنگ بوو، با لەخۆمان بپرسین پێشان لەکوێ بووین و ئێستا لەکوێین؟

سیاسەتە کۆمەڵێکی زۆر کێشە چارەسەر بکات. بۆنموونە لە کێشەکانمان لەگەڵ سوریا کاتێ کە وەك دوژمن سەیری یەکترمان دەکرد پەیوەندی بازرگانیمان ٢٠٠-٣٠٠ ملیۆن دۆلار بوو ساڵانە و ئێستا ساڵانە بازرگانیمان لەگەڵ سوریا خۆی لە ٣ ملیار دۆلار دەدات. لەگەڵ عێراق و ئێرانیش بەهەمان شێوە، کاتێ کە پەیوەندییەکانمان لە دوژمنداریێتیەوە وەرگێڕا بۆ هاوپەیمانێتی، ئەوا ناوچەی سڤیلیش زۆر گەشەی سەند لە پاڵ ئابووری، چونکە کاتێ کە خەڵکی دەتوانن سەردانی ئەو وڵاتانە بکەن و خەڵکانێکی زۆر لەم وڵاتانەی دەوروبەرەوە بۆ گەشتوگوزار دێنە تورکیا ئەمە دەبێتە هۆی بەهێز بوونی ناوچەی سڤیل لەناوەوە و ئەمیش کار دەکاتە سەر پەیوەندی کۆمەڵگەی سڤیل بەدەوڵەتەوە)).

# چ مۆدێلێکی حوکمڕانی بەدەردی کوردستان دەخوات



ئاسۆ کەریم

لەدوای ٢٠٠٩/٧/٢٥-ەوە، پرۆسەی سیاسیی کوردستان، تائێستا کەوتۆتە بەر ڕەحمەتی دووانەی دەسەڵات- ئۆپۆزیسیۆنەوە.

بەکردەوە دەرکەوت ستایلی هەرەباوی دیموکراسی، واتە حوکمڕانیی زۆرینە (ستایلی وێست مینیستەر) یان بۆ کوردستان دەست نادات، یان جارێ فاکتەرو هەلومەرجی پراکتیزەکردنی ئەو ستایلە پێ نەگەیشتوون، یان هەم دەسەڵات و هەم ئۆپۆزیسیۆن لێکدانەوەی چەوتیان بۆ کردووە و خراپیان لە عەمەل هێناوە.

پارتی و یەکێتی (مەبەست ئەو بەشەی یەکێتییە دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان. چونکە پێموانییە نکوڵی لەوە بکرێ کە زۆرینەی هەرە زۆری سەرکردایەتی و بنکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان،یان ئەوەتا پێشتر یەکێتی بوون یان تام یەکێتی )بەو پێیەی لەناو پەرلەماندا زۆرینەیان هەبوو (٥٩ کورسی لە کۆی ١١١) بەبەشداری چەند لایەنێکی تری گچکەی پەرلەمانیی، کابینەی شەشەمیان پێکهێنا. بەومانایە، دەسەڵات پشتی بەویست و خواستی سیاسیی زۆرینەی خەڵك بەست.

دەسەڵات بەپێی ئەو مۆدێلە چاوی لەوە بوو کە ئۆپۆزیسیۆن تا کۆتایی چوار ساڵەکە چاودێریی ڕەوشەکە بکات؛ داخوا کابینەی زۆرینە،بەرنامەی ئینتیخابیی خۆی جێبەجێ دەکات یان نا و خۆی بۆ هەڵبژاردنێکی تر ئامادە بکات...

هەروا دەسەڵات لەکوردستاندا، بەکردەوە زۆر چڕبۆتەوەو سانتراڵە لەناوەندی بڕیاردانداو هەرێم وەکو یەکەیەك، سادەو یەکگرتووە. ڕاستە هەوڵێك هەیە کە ئەو دەسەڵاتە، بەو چرییەی ئێستای، سەنتراڵ نەمێنێتەوەو بەسەر یەکەکانی خوار یەکەی هەرێمدا دابەش ببێت و پێڕەوی لە دیسێنتراڵیزمی ئیداری بکات (بۆ ئەمەش پێویستە چاو بەهەردوو قانوونی ژمارە ٣ و ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ بخشێندرێتەوە).

هەروا لەماوەی ٢٠ ساڵی قەوارەی سیاسیی کوردستاندا، وێڕای پێشکەوتنی بەرچاو لە هەندێ بواردا، پێ بەپێ تاهاتووە، چەند دیاردەیەکی چەوتی وەکو (تێکەڵاوی حزب و حکوومەت، گەندەڵی، ناعەدالەتی، دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو ناوچە یان زێتری ناوچە نفووزی حزبی...) وەکو خۆرە لەم قەوارەیان داوە و بەدانپێدانانی هەموو لایەك، پەکیان لەبەر پێشکەوتن بڕیوەو چارەسەر دەخوازن...

بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن خۆیان بەویست و ئارەزووی خۆیان بەشدارییان لە کابینەدا نەکرد. ئۆپۆزیسیۆن لەبەرانبەر ئەو بەشدارنەکردنەدا، دەبوایە تەنیا چاوی لەگرەنتی دەستووری و قانوونی بۆ هەڵسوڕانی سیاسی خۆی بوایەو چاودێریی ئەدای حکومەتی بکردبایەو لە دەورەیەکی تری هەڵبژاردندا، خۆی تاقی بکردبایەوەو هەوڵی دابایە بە ڕێگەی شەرعی ببوایە زۆرینە و حوکمڕانیی بکردبایە..

ئۆپۆزیسیۆن، پشووی نەگرت و سەبری لەبەربڕا، ڕەوشی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی قۆزتەوەو پێشوەختەو یەکجێ بۆ ساغکردنەوەی ململانێ لەسەر دەسەڵات، پەنای بۆ شەقام بردەوە، بە دەلیلی ئەوەی زۆرینەی هەرە زۆری داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانی بەردەرکی سەرای سلێمانی و شارۆچکەکانی تر، داخوازیی سیاسیی حزبیین.

لێرەدا قسە لەسەر ڕەوایی یان ناڕەوایی داخوازییەکان ناکەم. بەگوێرەی ڕاپرسییەك کە لە هەر سێ شاری هەولێر و دهۆك و سلێمانی لەلایەن بنکەیەکی توێژینەوەی بە ئیعتوبار ئەنجامدراوە (٣٠٪ پێیانوایە داخوازییەکان هەموویان ڕەوان، ٥٥٪ پێیانوایە بەشێکیان ڕەوان، ١٥٪ پێیانوایە هیچکامێکیان ڕەوا نین).

ئۆپۆزیسیۆن پێیوایە، فاکتەرو هەلومەرج بەقازانجی ئەو گۆڕاون، ئیدی لە سۆنگەی ئەمەوە قسەی سەری دەسەڵات دەکات و دان بەو دەسەڵاتە گشتییەش نانێت کەخۆی نوێنەرایەتی تێدا هەیە (مەبەستم پەرلەمانە- ٣٥ ئەندامی هەیە)، دەنا بە گردبوونەوەی بەر دەرکی سەرای سلێمانی نەدەگوت «ئێوە پەرلەمانی ڕاستەقینە»ن.

ئەم تێگەیشتنە وەك دەبینین لە ڕاگەیاندنی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٨ی «ئەنجوومەنی کاتیی» بەردەرکی سەرا، بووەتە داخوازیی پلە یەکی هەنووکەیی: «...بەشدارییپێکردنی نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە پرۆسەی بڕیاردان لەمەڕ مەسەلە چارەنووسسازەکاندا».

بەمانایەکی تر، ئۆپۆزیسیۆن دان بە شەرعیەتی دەسەڵاتی ئارا نانێت و لە باشترین باردا بەگومانێکی ئێکجار زۆرو بە دژەگەل لێی دەڕوانێت. بەکورتی لەماوەی ساڵ و نیوێکدا، دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ پرۆسەی سیاسیی بەئاقاری دوالیزمی دەسەڵات-ئۆپۆزیسیۆن بردرا. بەبڕوای من ئەو بەئاقاربردنە، سووچ و هەڵەی هەم دەسەڵات و هەم لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تێدایە، ڕەنگە بێ تەجرەبەییش دەورێکی لەمەدا هەبێت. بەهەرحاڵ، من مەبەستم لە دوالیزم، بەمانای بەرانبەر یەك وەستان و دابەشکردنی تەواوی پرۆسەکەیە بۆ سەر دوو بەرە: ڕەش و سپی، بەرەی گەل و بەرەی دژە گەل، فریشتەو شەیتان،

گەندەڵ و دژە گەندەڵ. بۆ راستی ئەم بۆچوونەم، دەکرێ سەرنجی قسەو ئاخاوتنی پەرلەمەنتارەکانی ئۆپۆزیسیۆن بدەن، لەهەمانکاتدا لەلایەن هەندێ دەنگی ناو دەسەڵاتیشەوە باس لە دەستی دەرەکی لە جووڵاندن و شڵەقاندنی رەوشی ئارای کوردستان دەکرێ، ئەم زیهنیەت و بیرکردنەوەیە بوار بۆ پێکەوە هەڵسوڕان لە چوارچێوەیەکدا ناهێڵێتەوەو دواجار بەقەیران دەگات وەك گەیشتووە. بەومانایە دوالیزمی دەسەڵات- ئۆپۆزیسیۆن بواری ئەوە ناهێڵێتەوە پرۆسەی سیاسیی راستەڕێ ببێت و بە ئاسایی و بەتەبیعی وەکو لە ستایلی دیموکراسیی زۆرینەدا باوە (مۆدێلی وێست مینیستەر)، رێ بکات...

هەڵبەت بەشدارپێکردنی خەڵك لەبڕیارداندا کارێکی رەوایە (سەبارەت بە دەستوور، یان قانوونێك کە لە پەرلەمانەوە دەرچووبێ، یان سیاسەتێکی پێڕەولێکراو لە لایەن حکوومەتەوە کە مایەی قەیران و تەنگژە بێت، یا بۆخستنەرووی پێشنیازێ قانوونێك...). بەمانای بەشدارپێکردنی راستەوخۆ، لە رێگەی ریفراندەم و شێوەکانی تری بەشداریپێکردنەوە، بەڵام ئەوە دەبێت بە دەستوور و قانوون رێکبخرێت ( لە مادده ١٢١ی رەشنووسی دەستووردا شتێکی لەمبابەتە هەیە، بەڵام بە بڕوای من ئەو ئاست و رێژەیەی دانراوە گونجاو نییە) و نابێت ببتە ئەلتەرناتیڤی دەزگای یاسادانان، بەڵکە هاوتەریب بێت لەهەندێ بواری دیاریکراودا.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم رەوشە، چار چییە؟ ئەگەر مۆدیلی حوکمڕانیی زۆرینە کە دوالیزمی دەسەڵات- ئۆپۆزیسیۆنی لە هەلومەرجی کۆنکرێت و هەستپێکراوی کوردستاندا لێکەوتبێتەوە، چ مۆدیلێکی تری حوکمڕانیی هەیە پەنای بۆ ببەین و تاقی بکەینەوە. راستە دیموکراسی، چەند خەسڵەت و کۆڵەگە و کاراکتەری هەن، لێ شك لەوەشدا نییە، کە دیموکراسی وەکو سیستەم، یەك جۆرە ستایل و مۆدێلی نییە تا بڵێین دەبێ ئەوە لە کوردستاندا پێڕەو بکرێ. بەهەرحاڵ:

١-پێموایە، پارتی و یەکێتی، بە حوکمی ئەوەی بە هەڵبژاردن بوونەتە زۆرینە، پێشوەختەو بەرلە تەواوبوونی وادەی خۆیان، سوکانی دەسەڵات نادەنە دەست ئۆپۆزیسیۆن (کەمینە)، با ئۆپۆزیسیۆن هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیشی بۆ ئەوە بێت، بەشێکی شەقام وەکو فشار بۆ سەر دەسەڵات بەکاربهێنێ و تەنگەتاویشی بکات. کەواتە ئەمەیان کارێکی کردەنی نییەو فت. بەو مانایە ئێرە میسرو تونس نییە.

٢-داخوا دەکرێ مۆدێلێکی حوکمڕانی دابهێندرێ کە تێکەڵەی نێوان (حوکمڕانیی زۆرینەو حوکمڕانیی تەوافووقی) بێت. بە مانایەك لە مانایەکان، هاوشێوەی مۆدیلی حوکمڕانیی ئەمریکا بێت...

وەك چۆن دەبینین ئێستا پۆستی باڵا و گرنگ لە ئیدارەی ئەمریکا بەدەست کۆمارییەکانەوەیە، لەکاتێکدا دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بردیانەوە. بەبڕوای من دەکرێ زێتر لەم مۆدیلی حوکمڕانییە بکۆڵدرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەی سیستەمەکە سەرۆکایەتییە وەلا نەندرێ. لێرەدا دەکرێ سوود لە ستایلەکە وەربگیرێ بەمانای بەشداریپێکردن.

٣- یان ئەوەتا گەڕانەوە بۆ حوکمڕانیی تەوافووقی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ی سەردەمی کابینەی پێنجەم. ئاخر وەك دیارە ٤-٥ ساڵ کافی نەبووەو نییە بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ بسڕێنەوە. بەهەق ماوەیەك پێویستە بۆ بەیەکەوەکارکردن و گێڕانەوەی متمانەو قوڵکردنەوەی گیانی تەبایی و رێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی گرژی و شەڕ و،بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی و گواستنەوە بەرەو دیموکراسی، لەکاتێکدا بێ لە هەلومەرجی ناوەکیی کوردستان، ژینگەی دەوروبەری ئێمەش، نەك هەر هاندەر نییە بۆ پێرەویکردن لە دیموکراسی زۆرینە، بەڵکە دەکرێ لەلایەن ناحەزانیشەوە خراپ بقۆزرێتەوە. حوکمرانیی تەوافووقی بەو مانایە کە لایەنەکانی دەسەڵات و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەیەکەوە، سەر لەنوێ لەسەر پۆستەکان چ لە پەرلەمان، چ لە کابینەو چ لە ئیدارات و کۆمیسیۆنە سەربەخۆکاندا و چ لەچاوگێڕانەوە بە هەندێ قانوون رێکبکەون تا ئەم دەورەیە کۆتایی دێ. ئا لێرەدا دەوری سەرکردە سیاسییەکان و بەیەکەوە کارکردنیان لەناو ئیئتلافێکی بەرفرەدا خاڵێکی جەوهەرییە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە راگوزەرە. لەهەمانکاتدا، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئیئتلافکردن، جیاوازییەکان بسڕێتەوە و لایەنەکانی ئێستەی ئۆپۆزیسیۆن شلی و پەیتی نەکەن لە فشارهێنان بۆ سەر دەسەڵات، تەنانەت لە بارێکدا ئەگەر بێنە ناو ئیئتلافی حوکمڕانیشەوە...

٤- یان ئەوەتا کابینەی ئێستا لەسەرکار بمێنێتەوە تا ٢٠١٣، یان تا هەڵبژاردنێکی تری پێشوەختەو تێهەڵچوونەوەیەکی تر.

هەر کام لەم ئەگەرانە بێنەدی، یان هەر ئەگەرێکی تر رێی تێبچێت. پێویستە لە پێشەوە نیمچە کۆدەنگییەك لەسەر گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی چاکسازیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری بێتەدی. بەو مانایە، یەکەمجار، پێویستە کار لەسەر پرۆژەی چاکسازی بکرێ (هەم پەرلەمان لە رێگەی لیژنەی دیالۆگی نیشتمانی و هەم لە رێگەی دیالۆگی سیاسیی نێوان حزبەکان خۆیان وەکو چەند رۆژ لەمەو بەر دەستی پێکردووە) پاشان وەکو هەنگاوی دووەم بیر لەوە بکرێتەوە کە چ ستایل و مۆدیلێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە چاکسازییە لەبارو گونجاوە. هەڵبەت ئەو گریمانەیەی من لەسەر ئەو بنەمایە بنیات نراوە کە هەردوو تەرەفی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات چاکسازییان دەوێ و دەیانەوێ بەیەکەوەش ئەنجامی بدەن. چونکە راوو بۆچوونی واش هەن کە ئۆپۆزیسیۆن نایەوێ بەهەماهەنگی دەسەڵات چاکسازی بکرێت و تا بۆی بلوێت درێژە بە قەیران دەدات، هەم لەولاشەوە دەگوترێ کە دەسەڵات لە چاکسازیکردندا جیددی نییەو دەیەوێ کات بباتە سەر!

# بۆ ئەوەی سیاسەت، ئایین نـــاشرین نەکات..

بیرکردنەوە بەزمانـــی دایك یان زمانی نەتەوە، بیرکردنەوەیـــە لەڕەســـەنایەتی و تەئەمولکردنـــە لەســـەر لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی کۆمەڵگە، هەڵوەستەکردنە لەسەر ئەو رایەڵانەی دیاردەکانی کۆمەڵگـــە لەگـــەڵ فیکری کۆمەڵگـــە پێکەوە دەبەستێتەوە، دیاردەکان بەرهەمی بونیادی فیکری کۆمەڵگان بەهەردوو لایەنی سلبی و ئیجابییەوە، هەربۆیە کاتێك لەم روانگەیەوە هەڵسەنگاندێك بۆ ئەقڵی سیاسی نەتەوەکەمان دەکەین و لەو هۆکار و فاکتەرانە وردەبینەوە کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ئەم ئەقڵە سیاسییە ئیرادەی نەتەوە هەڵبسورێنێت بۆ هەڵایسانی بزووتنەوە و شۆڕشەکان بەدرێژایی

> ((بـــۆ ئـــەوەی بتوانـــم بەشـــێوەیەکی جیـــــددی بیربکەمەوە، دەبێت بە زمانی دایک بیربکەمەوە، هەروەها دەبێـــت ســـەرچـــاوەکانی بیرکردنەوەشم بەزمانی دایک بێت، یان دەبێت دووبەرابەر کاربکـــەم و ســـەرچاوەکان وەربگێڕمە سەرزمانی دایک، پاشـــان بەزمانـــی دایـــک بیربکەمەوە)).
>
> موسا وەهبە

١٠٠-١٥٠ ساڵی رابردوو، هەست دەکەین بەدرێژایی ئەم مێژووەو هەتا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابـــردوو و دوای راپەڕینـــە مەزنەکەی بەهاری ســـاڵی ١٩٩١، تێکڕای بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردســـتان و حزبە سیاسییە کوردستانییەکان، ئەو حزبانە بوون کەلەپێناوی نەهێشتنی زوڵم و ستەمی نەتەوەیـــی و پیادەکردنی دیموکراتی و پێکەوەژیان لە کۆمەڵگە خەباتیان کـــردووە، ئەوەی جێگەی هەڵوەســـتە و تێڕامانی زیاترە ئەوەیە کە زۆربەی زۆری ئەوسەرکردە سیاسییانەی کە بوونە ڕێبەری بزووتنەوە و شۆڕشـــەکانی کوردســـتان هەموویان پاشـــخانێکی ئایینیان هەبـــووەو لەمەش زیاتر لە پیاوانی ئایینی نەتەوەکەمان بوون، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەو پیاوە ئایینیانەی کوردســـتان لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام حزب و بزووتنەوە سیاســـییەکانی خۆیان دانەمەزراند، یان لەمەش زیاتر بۆچی ئایینیان نەکردە ئایدیۆلۆژیەتی حزبـــە سیاســـییەکان و داوای دامەزراندنـــی دەوڵەتێکی ئیســـلامیان نەکـــردووە؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە پێویســـتی بەگەڕانەوەیە بۆ ئەوەی وەك پرۆفیســـۆر موســـا وەهبە دەڵێت:(بیرکردنەوەی جددی ئەو بیرکردنەوەیـــە کە بەزمانی نەتەوە بیر بکەیتەوە و سەرچاوەکانی ئەو بیرکردنەوەیەش هەر بەزمانی نەتەوە نووسرابنەوە، ئەگەر سەرچاوەکان بـــە زمانی نەتەوەش نەبوون، دەبێت بکرێنە ســـەر زمانی نەتەوە، ئینجا لەســـەرچاوە بیا نییە کا نیشـــە و ە بەزمانی

نەتـــەوە بیر بکەینـــەوە)). وەهبە مەبەســـتی لە وەرگێڕانـــی ســـەرچاوەکان بۆ زمانـــی نەتەوە، وەرگێڕانێکـــی مانـــای وشـــەکان نییـــە، بەڵکو نووسینەوەی جارێکی دیکەی دەقەکەیە بەهەموو ڕەهەندە فیلۆلۆژییەکانییەوە، هەر ئەمەش وایلێکرد کە کتێبی (نقد العقل المجرد)ی ئەمانوئێل کانت کە لەســـاڵی ١٩٦٥ ئەحمەد شەیبانی وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی، جارێکی دیکە بە ناونیشانی (نقد العقل المحض) دووبارە وەربگێڕێتەوە، وەهبە هەوڵەکانی شەیبانی بە کەم هەڵناسەنگێنێت، بەڵکو لەپێشەکی ئەم کتێبەدا دەڵێت:(بەمجۆرە وەرگێڕانی رەخنەی ئەقڵی مەحز، خوێندنەوەیەکی دیکەیە بۆ رەخنەکەی کانت و مەشـــقێکە سەرەنجام بۆ وتنی فەلسەفی بەزمانی عەرەبی) کەواتە بەبۆچوونی وەهبە وەرگێڕانەکەی شەیبانی بۆ زمانی عەرەبی، خوێندنەوەیەك نەبووە بۆ نووســـینەوەی رەخنەکەی کانت بە زمانی عەرەبی، بەڵکو تەنیا وەرگێڕانی وشـــەکان بووە بۆ زمانی عەرەبی و دەقەکە راستە بەپیتی عەرەبی نووسراوە، بەڵام تەنیا وەرگێڕانی وشـــە ئەڵمانییـــەکان بـــووە، ئەمـــە گرنگ بوو ئاماژەی پێبکەیـــن لەبەرئەوەی کاتێك دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرســـیارە بدەینەوە بۆچی بەدرێژایی مێـــژووی بزووتنەوەو شۆڕشـــەکانی کوردســـتان تەیارێکی ئیسلامی دەرنەکەوت، هەتا ناوەڕاستی هەشـــتاکان یـــان دوای راپەڕیـــن، هۆکارەکەی ئەوەیـــە کە خوێندنەوەی نەتەوەکەمان بۆ ئیســـلام وەك خوێندنەوەکـــەی موســـا وەهبـــە وابووە بۆ رەخنەکەی کانت نەك



# پێویسته لێک جیابکرێتەوە

خوێندنەوەکەی ئەحمەد شـــیبانی بۆ هەمان دەق یان هەمان کتێب، ئەمە فێری ئەوەمان دەکات، کە پابەندبوونی کورد وەك گەلێکی موسڵمان بەئیسلام و ئەحکامەکانـــی قورئانی پیرۆزەوە، خوێندنەوەی نەتـــەوە بوو بۆ ئیمان و باوەڕی نەتەوە بەئیســـلام و ئەحکامەکانی ئیســـلام، وەك دەقێکی ئاسمانی کە پەروەردگار راســـتەوخۆ بۆ هەموو مرۆڤایەتی ناردۆتە خوارەوە و گەلی کوردســـتان یان نەتەوەی کوردیش بەپێی تایبەتمەندی و سروشتی خۆی لە ئەحکامەکان تێگەیشـــتووە و لەسەر بنەمای دەقە پیرۆزەکانی قورئـــان تاکەکانی بەئایینی پیرۆزی ئیسلام ئاشناکردووە و بەپێی پێداویستی کۆمەڵگە تەفســـیر و تەئویلی بـــۆ کـــردووە و داهاتووی خۆی پێ رۆشـــنکردۆتەوە، لێرەوە قورئانی پیرۆز کە دەقێکی ئاســـمانییە و بـــە زمانی عەرەبی بۆ حەزرەتی محەمەد(د.خ) هاتۆتە خوارەوە، چیدیکە دەقێکی عەرەبی نەبووە و نەتەوەی کورد بە زمانی کورد لێی تێگەیشـــتووە و بەزمانی کوردی بیری لێکردۆتـــەوە، هەربۆیە ئەم بیرکردنەوەو پابەندبوونە بە ئیســـلام بۆتە هـــۆکاری کە چەندیـــن زاناو عەلامـــەی گـــەورە لەناو کـــورد هەڵبکەون و لە جیهانی ئیســـلامیدا جێ پەنجەی خۆیان دیاری بکـــەن، بەڵام هیـــچ کام لەو زانـــاو عەلامانەی کوردیش رۆژێك لـــە رۆژان نەهاتوون ئەم ئایینە پیرۆزە بگۆڕن بۆ ئایدلۆژیەتێکی سیاســـیی و داوای دامەزراندنـــی دەوڵەتێکی ئیســـلامی بکـــەن، بەپێچەوانەوە هەموو هەوڵێك بۆ ئەوە بووە کە نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و بێ ناســـنامە و بـــێ ماف، ببێتە خاوەنی دەوڵەت و ناسنامەو مافەکانی بۆ دەستبەر بکرێـــت، بۆیـــە لەهەموو فیکری کوردســـتانیدا کەزیاتر لەسەردەمی مەلا مستەفا بارزانی جۆرێك لە کامڵبوون و کوردســـتانی بوونی سەرتاسەری بەخۆیەوە دەبینێت و ئەقڵی سیاسیی کورد پێدەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر و هەوڵدەدات مەسەلەی ئاییـــن وەك باوەڕی هەر تاکێکـــی ناو کۆمەڵگە مەسەلەیەکی جیاواز بێت لە سیاسەت، ئەوا لەنێوان دوو ژینگەی دژ بەیەك ئایین بە پاك و بێگەردی دەهێڵێتەوە، ئەو دوو ژینگەیەش بریتین لە:

١- ئەو ژینگە سیاسییەی کە هەوڵیدەدا ئایین وەك تلیاکی گەلان پێناســـە بکات، مەلا مستەفا بارزانـــی ئـــەو بۆچوونەی رەتکـــردەوە و ئایینی ئیسلامی وەك کۆڵەگەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردستان پێناسە کردەوەو رۆڵێکی دیار و بەرچاوی بـــۆ زانایانی ئایینی ئیســـلامی لەکوردســـتان دروســـتکردەوە و هەوڵیـــدا وەك ســـەرچاوەیەکی رەسەنی تێگەیشـــتنی نەتەوە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام پارێزگاری پێوە بکات و ببێتە سەرچاوەی گۆڕینی ئەخلاقی میللی کۆمەڵگە بۆ یاســـای ئەخلاقـــی و تێگەیشـــتنی موجـــەردی ئایینی بگۆڕێت بۆ تێگەیشتنی ئەقڵانی.

٢- رێگرتن لە تێکەڵاو نەکردنی ئایین لەگەڵ سیاسەت، ئەمەش واتە، ئەقڵی سیاسیی نەتەوە رێگەی نەدا ئایین بە سیاســـەت ناشـــرین بکرێـــت و خـــۆڵ لەچاوی میللەتەکەی خۆی بکات و بانگێشە بۆ ئەوە بکات کە تەنیا خۆی لە ئایین تێگەیشـــتووە و ئـــەو سیاســـەتەی دەیکات، تەنیا ئەو میتۆدە سیراتول موستەقیمە و بەرامبەر کافرەو هەموو دیالۆگ و دانوستاندنێك رەتبکاتەوە، یان لەبەرامبەر ئیرهابی دەوڵەتـــی و دامەزراوەیی دەوڵەتـــە داگیرکارەکان بەهەمان شێوە فەتوای کوشتنی هاووڵاتیانی بێ تاوان بدات، خۆ دوورخســـتنەوە لەم تێکەڵاوکردنە بووە هۆکاری ئەوەی سیاسەتی کورد و شۆڕشەکان بوونە جێگە سەرنجی هەموو جیهان بە سیاسەتمەدار و پیاوانی ئایینی دەوڵەتە داگیرکارەکانیشمانەوە، هەر بۆ نموونە لەدەســـپێکی شۆڕشـــی بارزانی دووەم و دامەزراندنی لیژنەی ئازادی کە پاشـــان ئەم لیژنەیە بووە بەشـــێك لە کۆماری کوردستان لەمهاباد و پارێزەری کۆمارەکە، مستەفا بارزانی چەمکی شـــەڕی گەلانـــی لـــەدژی یەکتری گۆڕی بۆ شەڕی شۆڕشـــی کوردستان لەگەڵ رژێمە ســـەرکوتکارەکان، ئەمەش لـــەو نامەیەی بۆ عەبدولرەحمان عەزام پاشـــا(کە دواتر و دوای دامەزراندنی کۆمکاری عەرەبی بووە ســـەرۆکی کۆمکاری عەرەبی) زۆر بەجوانی رەنگیداوەتەوەو، وەڵامەکـــەی عەبدولرەحمان عەزام پاشـــاش بۆ مســـتەفا بارزانی دیسان دانپێدانێکی ئاشکرایە بە رەوایەتی مافی شۆڕشی کوردستان لە خەباتکردن بۆ بەدەســـتهێنانی مافەکانـــی، بەپێچەوانەوە لە شەســـتەکانی ســـەدەی رابردوو حکومەتی عێراق هەوڵیـــدا بۆ ســـەرکوتکردنی شۆڕشـــی کوردســـتان، ئایین تێکەڵاوی سیاسەت بـــکات و داوای لە زانایانـــی ئایینی عێـــراق کرد فەتوای ئـــەوەی بۆ بدەن، شۆڕشی کوردستان کفرە و دەبێت جیهاد لەدژیان بەرپا بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی مەرجەعێکی گەورەی وەك ســـەید موحســـین حەکیم تێگەیشت کە ئەمـــە بەکارهێنانی ئایینە بۆ مەبەستی سیاســـیی و گەلی



کوردستان بێجگە لەداواکردن بۆ لابردنی ئەو زوڵمەی لەسەریانە داوای هیچی دیکە ناکەن و کەسیشیان کافر نەکردووە، بۆیە دژی داوایەکەی حکومەتی عێراق راوەستایەوە و رەتیکردەوە فەتوای جیهاد بۆ رژێمی ئەو کاتی عێراق بدات، بێگومان ئەم بۆچوونەی سەماحەتی موحسین حەکیم تەنیا بۆچوونی کەسێك نییە، بەڵکو ئەمە رەنگدانەوەی تێگەیشتنە لە لۆژیکی مستەفا بارزانی لە سیاسەتکردن و رێبەرایەتیکردنی گەلێکی مەزلوم، وەك بەڕێز مسعود بارزانیش لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە میهرەجانی مەلای جزیری ئاماژەی پێکرد، هەموو کات مستەفا بارزانی قورئانێکی پیرۆزی لابووە و لەنێو شاعیرە کوردەکانیشدا بەردەوام دیوانی مەلای جەزیری لابووە، ئەم تێگەیشتنەی مستەفا بارزانی بۆ جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئایین و رێگرتن لەوەی سیاسەت ئایین ناشرین بکات، ئێستاش لای مەرجەعیەتی باڵای شیعە لە عێراقدا بە چاوی رێزەوە سەیر دەکرێت، بەڵام سەیرکردن بەچاوی رێزەوە نەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی، بەڵکو لەسەر بنەمای تێگەیشتن و رێزگرتن لە بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و، تەنانەت سەماحەتی عەمار حەکیم لە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ گوڵان و لەوەڵامی پرسیارێکماندا سەبارەت بەو بەرژەوەندییانەی کورد و شیعە پێکەوە کۆدەکەنەوە، پێی راگەیاندین پێوەندی ئێمە لەگەڵ کورد و داکۆکیکردنمان لەمافەکانی کورد، پێوەندی بەبەرژەوەندی نێوان کورد و شیعەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەو پرانسیپانەوە هەیە کە بڕوامان پێیەتی، هەروەك چۆن سەماحەتی سەید موحسین حەکیم ژیانی خۆی خستە مەترسیەوە لەپێناوی ئەوەی لەو پرانسیپانە لانەدات و هەرئەمەش بۆتە هۆکاری دروست بوونی دۆستایەتی لەنێوان سەماحەتی سەید موحسین حەکیم و جەنابی مستەفا بارزانی و تا ئێستاش درێژەی هەیە.

**چۆن سیاسەت ئایین ناشرین دەکات**

لەساڵی ١٩٩٣ لە یانەی ئەندازیارانی

**لەفیکری کوردستانیدا کەزیاتر لەسەردەمی مەلا مستەفای بارزانی جۆرێك لە کاملبوون و کوردستانی بوونی سەرتاسەری بەخۆیەوە دەبینێت و ئەقڵی سیاسیی کورد پێدەنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر و هەوڵدەدات مەسەلەی ئایین وەك باوەڕی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگە مەسەلەیەکی جیاواز بێت لە سیاسەت**

**پ. عەبدوڵاهی ئەحمەد بۆ گوڵان:**



# من وەک موسڵمانێک و بۆ ئەوەی بە ئیرادە و قەناعەتی خۆم ئەرکی ئایینی خۆم ئەدا بکەم پێویستە لە دەوڵەتێکی عەلمانیدا بژیم

ئەسکەندەریە، مونازەرەیەك بۆ دوو بیرمەندی ئیسلامی ئیخوان موسلیمین کە بریتی بوون لە پرۆفیسۆر محەمەد عەمارە و پرۆفیسۆر محەمەد سەعید عەوا، لەگەڵ دوو بیرمەندی میسری کە بریتی بوون لە پرۆیسۆر فوئاد زەکەریا و پرۆفیسۆر فەرەج فۆدە لەژێر ناونیشانی میسر لەنێوان (دەوڵەتی ئایینی و دەوڵەتی مەدەنی) رێکخرا، لەدەسپێکی ئەم مونازەرەیەدا پرۆفیسۆر محەمەد عەمارە وتی: (هەموو ئەوانەی لەم هۆڵە دانیشتوون بەوانەشی لەم مونازەرەیە بەشدارن بڕوایان بەوە هەیە کە قورئان وەحیێکی خوایە و سوننەتی پێغەمبەریش_د.خ) پراکتیزەکردنی بەلاغی قورئانی-یە، بۆیە دەبێت لەسەر هەرشتێك ناکۆك بین بگەڕێینەوە بۆ خواو نێردراوەکەی و مەرجەعیەتی ئەوەل و ئەخیریش بۆ دەوڵەت مەرجەعیەتی خوایە)بێگومان ئەوەی پرۆفیسۆر محەمەد عەمارە ئاماژەی پێکرد لەڕووی تیۆرییەوە هیچ غەیبی نییە، بۆیە پرۆفیسۆر فوئاد زەکەریا بەمجۆرە وەڵامی دایەوەو وتی: (رێگەم پێبدەن کە مەسەلەکە لەچوارچێوەیەکی جیاوازتر لەو چوارچێوەی کە لەسەری راهاتووین گوێی لێبگرین و سەیری بکەین، رای تایبەتی من ئەوەیە کە پیادەکردنی سیاسەت کاری بەشەرە، لەبەر ئەوەی سیاسەت بە سروشت و ناوەڕۆکی خۆی پرۆسەیەکی بەشەرییە، بۆیە هەر بارودۆخ و هەرچوارچێوەیەکی بۆدروست بکەین و دەوڵەت لەناوی دابنێین، ئەوە سیاسەت و فەرمانڕەوایی لە گەوهەردا دوو دیاردەی بەشەرین)، بۆ زیاتر خستنەڕووی ئەم واقیعە پرۆفیسۆر زەکەریا ئاماژەی بەوەکرد بۆ ئەوەی زیاتر بیسەلمێنم کە سیاسەتکردن کاری مرۆڤە و بیروبۆچوونی مرۆڤی تێکەڵ دەبێت و تەفسیری جیاواز بۆ دەقە قورئانیەکان دروست دەکرێت، ئاماژەی بەوەکرد، خەلیفەکانی راشدەین کە دوای پێغەمبەر(د.خ) حکومڕانیان کردووە، سیانیان کوژراون، هەروەها لەزەمانی دەوڵەتی ئومەویشەوە تائێستا هیچ حکومەتێکی ئیسلامی بەشەریعەتەوە پابەند نەبووە، بەڵام نەتەوە پێوەی پابەند بووە، لەمەش زیاتر بۆ زیاتر سەلماندنی ئەوەی کە سیاسەت کاری بەشەرە و پێوەندی بە حکومی ئیلاهیەوە نییە، پرسیارم لە پرۆفیسۆر عەمارە کرد، ئایا لەسەر ئەم زەمینە شوێنێك هەیە ئەحکامی ئیلاهی لێ جێبەجێ کرابێت؟ بۆچی جیاوازی لەنێوان گرووپ و تەیارە ئیسلامیەکانی میسر و سودان و جەزائیر هەیە؟ ئایا هەر یەکەیان بۆ سەلماندنی دروستی خۆی پەنا بۆ هێنانەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز نابات؟ لایەنێکی دیکە کە پرۆفیسۆر زەکەریا ئاماژەی پێکرد هەڵوێستی زانا و تەیارە ئیسلامیەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بووە لەبەرامبەر داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، لەمبارەوە راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە کەزۆربەی زۆری گرووپ و تەیارە ئیسلامیەکان لایەنگیری سەدام حوسێن بوون و بەشێکی کەمیان لایەنگیری کوەیت بوو، پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەگەر هەموو گرووپ و تەیارە ئیسلامیەکان بۆ کاروبارەکانیان بگەڕێنەوە سەر دەقە پیرۆزەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) و بەئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن، ئایا ئەم جیاوازیانە بۆچی لەهەڵوێستەکاندا دروست دەبن، هەر بۆیە ئەگەر وەك پرۆفیسۆر عەمارە داوای دەکات سیاسەت و فەرمانڕەوایی حکومی ئیلاهی بێت، ئەوا نابێت حکومی ئیلاهی جیاوازی تێدا بێت و دەبێت هەموو لا کە دەگەڕێنەوە بۆ حکومی ئیلاهی یەك هەڵوێستیان هەبێت؟ ئەمە پێمان دەڵێت کە حکومی ئیلاهی یەك حکومە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و ئەوەی جیاوازی دروست دەکات تەفسیر و تەئویلی گرووپ و لایەنە سیاسییەکانە بۆ دەقە پیرۆزەکان و سوننەتی پێغەمبەر (د.خ)، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە هەر گرووپ و لایەنێکی سیاسیی تەفسیر و تەئویلی جۆراوجۆر دروست دەکات، ئەوا لەم حاڵەتەیەدا حکومەکە لە حکومی ئیلاهیەوە دەگۆڕێت بۆ حکومی بەشەر و سیاسەت لە ئایین جیادەبێتەوە، هەر بۆنموونە نوێژکردن یەکێکە لە فەرمانەکانی پەروەردگار بۆ بەندەکانی خۆی، لەبەر ئەوەی ئەم حاڵەتە، حاڵەتێکی بێگەردە و تێکەڵاوی سیاسەت و بەرژەوەندییە سیاسییەکان نەکراوە، ئەوە وەك فەرمانی پەروەردگار هەموو وەك یەك جێبەجێی دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەمەش گۆڕدرا بۆ سیاسەت، دەبینین شێوازی نوێژکردنەکە شتی لابەلای بۆ زیاد دەکرێت، بەجۆرێك کە شێوازی نوێژی هەر

## رۆبەرت شایدنەر بۆ گوڵان:



# لەگەڵ ئەوەی لەباری واقیعیدا لێکجیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت ئاسان نییە، بەڵام کارێکی مەترسیدارە هەوڵی بنیادنانی دیموکراسی بدەیت لە ڕێی ئایینەوە

گرووپ و تاقمێکی سیاسیی ئایینی بەجۆرێك بناسرێتەوە، بەڵام ئەگەر لەم خاڵەوە بگەڕێینەوە بۆ چۆنییەتی تێگەیشتنی نەتەوەی کورد لە جێبەجێکردنی فەرزەکانی نوێژ، لە جلوبەرگی پیاوانی ئایینی و شێوازی مێزەرەکانیان، دەبینن هەموو ئەوانەی خۆیان پاراستووە ئایین تێکەڵاوی سیاسەت بکەن، هەموویان بەشێوازێکی کورد و کوردستانیانە فەرزەکان و شێوازی جل لەبەر کردنی خۆیان پاراستووە و تەنانەت زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەکوردستان، لەسەر جلە کوردییەکانەوە جبەی مەلایەتی وەك سوننەتی پێغەمبەر (د.خ) لەسەریەوە لەبەر دەکات و مێزەرە سپییەکەی بەهاوشێوەی جامەدانی کوردانە لەسەر دەکات، ئەم شێوازە کاتێك تێی ڕادەمێنین و لەزانا ئایینەکانی کوردستان و کەلتووری تێگەیشتنی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، هەڵوەستە لەسەر ئایین دەکەین، دەبینین ئایین و پیاوانی ئایینی ئیسلام، لەلای هەموو کەسێك بەجێگەی ڕێز و تەقدیر و وەك ڕێبەی موسڵمانان سەیر دەکرێن و لە کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا زۆربەی خەڵکی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ لای زانایانی ئایینی یان ئەو مەلا و پێش نوێژنانەی کە لە ناوچە جیاجیاکاندا بوونیان هەیە.

### ڕێکخستنی نێوان ئایین و سیاسەت، ئایین و کۆمەڵگە

ڕێکخستنی نێوان ئایین و سیاسەت، واتە ئایین وەك کۆڵەگەی کۆمەڵگە و پابەندبوون بە فەرمانەکانی خواو جێبەجێکردنی ئەو فەرزانەی پەروەردگار لەسەر بەندەی خۆی دایناون، جیاوازە لەگەڵ بەکارهێنانی ئایین وەك ئایدلۆژیەتێکی سیاسیی و تەفسیر و تەئویلی حکومە ئیلاهییەکان بەپێی بەرژەوەندی لایەنە ئیسلامیەکان وەك بەجێهێنانی حکومی ئیلاهی، ئەم حاڵەتە کە لە یەکەمیاندا واتە لە تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت، ئایین و حکومی ئیلاهی دەبێتە ئەو تێگەیشتنەی کە گرووپێکی بچکۆلە لە ڕوویەکەوە لە دەقەکە یان فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) تێدەگەن، سیفەتی (حمال اوجە) لە قورئان وەردەگرنەوە، بەواتایەکی دیکە کاتێك هەربۆنموونە کاتێك یەکێك لە ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵ یان یەکگرتوو) لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی نوێژی هەینی ناو دەنێت جیهاد، ئەمە ئەو ڕووەی جیهادە کە لەبەرژەوەندی ئەو لایەنە سیاسییەیە کە دەقە پیرۆزەکان و فەرمودەکانی پێغەمبەری کردووە بە ئایدیۆلۆژیەتی سیاسیی حزبەکەی و بەو جۆرە بەکاری دەهێنێت کە بەرگێکی شەرعی ئایینی بۆ بڕیارە حزبیەکانی خۆی دروست بکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا وشەی جیهاد وەك عورف و تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان لەم وشەیە کام مانایەی هەیە، بۆیە لێرەدا بانگێشەی ئەندامی ئەو گرووپە ئیسلامیە سیاسییانەی لە بۆنەیەکدا ئاماژە بەوشەیەکی وەك جیهاد دەکەن، ئەمە دوور و نزیك پێوەندی بەو جیهادەوە نییە کە پەروەردگار ئاماژەی پێکردووە، بەڵکو ئەمە بەرنامەی حزبێکی سیاسییەو ئیرادەیەکی بەشەرییە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و ئایدلۆژیەتی حزبەکەی پەنای بۆ بردووە، لەوانەیە هەندێك پێیانوابێت کە دەڵێن ئەمە بۆچوونی کادری حزبێکی ئیسلامیە نەك مامۆستایەکی ئایینی، بەوجۆرە تێبگەن، ئایا ئەم بۆچوونە لە قورئاندا بوونی نییە؟ لەوەڵامدا دەڵێین، وشەی جیهاد-یش وەك وشەکانی دیکە (حمال اوجە)، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا کێ ئەو کادرەی حزبە ئیسلامیەکانی تەخویل کردووە جێگەی موفتیەکانی وڵات بگرنەوەو بەشێوەیەکی ناشەرعی فەتوا بدات، یان بەجۆرێکی دیکە هەندێك دەقی ئایینی بەکاردەهێنن وەك ئەوەی کە پەروەردگار دەفەموێت (انما المؤمنون اخوة)، ئەمەش واتە باوەڕداران برای یەکترین، لێرەدا حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ئایا وشەی (برا) لای پەروەردگار چ مانایەکی هەیە؟ ئایا پەروەردگار داوا لە باوەڕداران دەکات چۆن وشەی برا بەکاربهێنن و دەبێت وشەی برا لای باوەڕدار چ بەهاو مانایەکی هەبێت؟ دێن داوا لە ئەندام و هەوادار و تێکڕای خەڵکی کوردستان دەکەن، کە ئەو داوایەی گرووپێکی سیاسیی وەك (ئیخوان موسلمین) لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بەرزی کردۆتەوە، بەسەر موسڵمانی کورد فەرز بکەن، ئەمەش واتە بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی بیرکردنەوەی نەتەوە و تێگەیشتنی نەتەوە بۆ وشەی برا لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەسەر ئەندامانی نەتەوەکەمان فەرز دەکەن و دەکەونە شوێن بۆچوونی کابرایەکی شۆڤێنی عەرەبی و خۆیان لەماناو بەهای برا (ئیخوان) لە حکومی ئیلاهی دەشارنەوە و لەمەش خراپتر، زۆر بەخراپی ئایەتەکانی قورئان بەکاردەهێنن، وشە مەبەستدارە سیاسییەکە وەك حکومی ئیلاهی تەفسیری بۆ دەکەن، بەبێ ئەوەی ئەو وشەیە دوور و نزیك پێوەندی بە خواو پێغەمبەر(د.خ) و دەقی قورئان و فەرموودەکانەوە هەبێت، لەمەشدا لەوانەیە هەندێك لەوانەی ئایدلۆژیەتی حزبە سیاسییەکانیان هاوتای دەقی پیرۆزی قورئان و فەرموودەکان دەکەن، بڵێن ئەی ئەوە نییە پەروەردگار لە قورئاندا دەفەرمووێت (انما المؤمنون اخوة)، بۆچی بەنەزانی باسی ئایەتەکان دەکەن؟ لەوەڵامی ئەو بەڕێزانە دەڵێین ئەوە ئێمە نین جەهلمان بەرامبەر قورئان و دەقە پیرۆزەکان نییە، بەڵکو ئەوە ئێوەن بە جاهیلی وشەی نێو دەقە پیرۆزەکان بۆ خەڵکی کوردستان تەفسیر و تەئویل دەکەن، بۆیە لەم ڕاستە ئەو پرسیارە دەکەین، ئایا مانا و بەهای برا لای بڕوادار چییە؟ ئایا تەنیا مانای ئەوەیە یەکتری بناسین یان دەبێت پێش یەکتری ناسین، بۆیە فەرزکردنە تەعاروف و لەبیر خۆبردنەوەی ئیعتراف، کە لایەنە سیاسییە ئیسلامیەکانی کوردستان لێکی جیادەکەنەوە، بێ ماناکردنی ئەو وشەیەی (برا و باوەڕدارەیە) کە پەروەردگار ئاماژەی پێکردووە و داوامان لێدەکات باوەڕداران بە برای خۆمان بزانین، بەڵام کاتێك ئەندامێکی ڕێکخراوێکی ئیخوان موسلیمین ئامادەنەبێت بەفەرمی دانبەبوونی کورد وەك نەتەوە بنێت و ئامادە نەبێت دان بەمافی کورد لە بونیادی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بنێت، ئەوە پەروەردگار پێمان دەڵێت ئەوە مەرجەکانی برای باوەڕداری تێدانییەو سەیرکردنی وەك برا موخالیفی ئەو داوایەیە کە پەروەردگار داوامان لێدەکات، ئەمەیە کاتێك دەڵێین سیاسەت، ئایین ناشرین دەکات. مەبەستمان ئەوەیە کە مانا و بەهای ئەو وشانە بێ مانا دەکەن کە پەروەردگار لە دەقە پیرۆزەکانی قورئاندا بۆ پێغەمبەری(د.خ) ناردووە، بۆ ئەوە پێوەندی نێوان نەتەوە جیاوازەکان

---

**مستەفا بارزانی قورئانێکی پیرۆزی لابووەو لەنێو شاعیرە کوردەکانیشدا بەردەوام دیوانی مەلای جەزیری لابووە. ئەم تێگەیشتنەی مستەفا بارزانی بۆ جیاکردنەوەی سیاسەت لەئایین و ڕێگرتن لەوەی سیاسەت ئایین ناشرین بکات. ئێستاش لای مەرجەعیەتی باڵای شیعە لەعێراقدا بەچاوی ڕێزەوە سەیر دەکرێت**

---

ڕێکبخات، بەڵام ئەم ڕێکخستنە لەسەر بنەمای ئیعتراف کردن بــە یەکتری ئینجا تەعاروف کردن لەگــەڵ یەکتری، (یا أیها الناس إنا خلقناکم من ژکر و أنپی و جعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا إن أکرمکم عند الله أتقاکم )، کەواتە پەروەردگا کە دەڵێت هەمووتانمان لە نێر و مێ دروســتکردوو و کردوومانن بە گەل و هۆز، مانای ئەوەیە بنەمای دروســتبوونی مرۆڤ و بوونی بــە گەل و هۆز بنەمایەکــی دادپەروەرانەیە، هیچ گەل و هۆزێك فەزڵی بەســەر ئەوی دیکە نییــەو، پەروەردگا ئیعترافی بەهەمووان کردووە و دەبێت باوەڕدارانیش ئەم فەرمانەی خــوا جێبەجێ بکەن، بەڵام کاتێك باوەڕدارێکی نەتەوەی سەردەســت فەرمانی خوا دەشــکێنێت و ئیعتراف بەگەلێکی دیکە ناکات و تەنیا داوای ئەوەی لێدەکات تەعاروف بکەن، ئەمە هەرگیز تەعاروف کردن نییە، ئەوەشــی بەو جۆرە ئەو ئایەتە تەفسیر بکات بێ ئەمری خوا دەکات، ئەو تەفسیرە هیچ پێوەندییەکی بەو دەقە پیرۆزەوە نییە، کە ئەندامانی حزبە ئیســلامیە سیاسییەکان داوامان لێدەکەن، وەك حکومی ئیلاهی ســەیری بکەین، لەکاتێکــدا حکومی ئیلاهی لەو ئایەتەدا ســیفەتی باوەڕدار لــەو خەڵکانــە وەردەگرێتەوە کەئیعتــراف بەگەلێکی چەوســاوەی وەك گەلی موسڵمانی کورد ڕەتدەکەنەوە.

کەواتە لێرەدا کە دەڵێن ئایین نەکرێت بەسیاسەت، جیاوازە لەوەی ئایین بکرێتە بنەمایەك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بنەمایەك بۆ دروســتکردنی سۆز و خۆشەویستی لەنێو کۆمەڵگەدا، هەروەها ڕێزگرتن لە بنەما شەرعیەکان وەك پابەندبوون بەسەروەریی یاســاوە، بۆیە لێرەدا دیســان دووپاتی دەکەینەوە کە مەبەســت لە جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت، مەبەســت جیاکردنەوەی کۆمەڵگە نییە لە ئایین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئایین نەکرێتە هۆکارێك بۆ مەرام و مەبەستی سیاسیی و باوەڕدان لە بەندەی پــەروەردگارەوە نەبنە بەندەی حزبێکی سیاســی بەناوی ئیسلامەوە و لەبری ئەوەی فەرمانەکانی خوا جێبەجێ بکات فەرمانی سەرۆکی حزبەکەی یان ئەمیرەکەی جێبەجێ بکات.

ســەبارەت بەم لایەنە و گرنگی جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵــەت و ڕێکخســتنی پێوەندی نێوان سیاسەت و ئایین، پرۆفیسۆر عەبدوڵڵاهی ئەحمەد ئوستادی یاسا لەزانکۆی ئەمۆڕی (Emory) و پسپۆر و تایبەتمەند لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و مافەکانی مرۆڤ لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە سەبارەت بەم پرسە راو سەرنجەکانی خۆی دەربڕی و وتی: (شتێکی باشە جیاوازی لە نێوان دەوڵــەت و ئاییندا بکەین، دەوڵەت دامەزراوەیەکی خاوەن ســەروەرییە، لەکاتێکدا سیاسەت پەیوەستە بەمشــتومڕی ڕۆژانەوە لەبــارەی ئەوەی چی باشە و چ شــتێك خراپە، لەم ڕوانگەیەوە باشترە لەبری ئەوەی تەرکیز لەســەر جیاکردنەوەی ئایین و سیاســەت بکەین، جەخت لەســەر ڕێکخستنی پێوەندی نێوان ئایین و سیاسەت بکەینەوە، مەبەستم لە ڕێکخســتن ئەوەیە نابێت لە خیتابی گشــتیدا خەڵکی ئایینی بۆ پشــتیوانیکردنی بیروبۆچونە سیاسییەکانی خۆیان بەکاربهێنن، بەڵام ئەمە بەو مانایــە نییە نابێت ئەو گرووپــە ئایینی تایبەت بەخۆیــان هەبێت. بــە تێڕوانینی مــن دەبێت لە خیتابی گشــتیدا خەڵکی بۆ پشــتیوانیکردن لە بۆچوونەکانی خۆیان ئەوە بــەکار بهێنین کە من پێــی دەڵێم خیتابی مەدەنــی، واتە خیتابێك بێت ڕیشەی لە هاوولاتی بوونی هاوبەشدا هەبێت نەك لە بەهایەکی ئایینی دیاریکراودا، تاوەکو زیاتر بەم شــێوەیە ڕەفتار بکەین، ئەوا سیاسەت بەشێوەیەك پیادە دەکرێت کــە دەوڵەت بە عەلمانی بمێنێتەوە. من کتێبێکم بڵاوکردۆتەوە بە ناوی «ئیســلام و دەوڵەتی عەلمانی» باســم لەوەکردووە پێویســتە ئیســلام و دەوڵەت لێکجیابکرێنەوە و لە ڕاستیدا هەمیشــە لێکدابڕاوبوونــە، ئــەوە پڕوپاگەندەی

## مایکڵ دریسن بۆ گوڵان:



## پێویستە ئایین بەسیاسەت نەکرێت، کاتێک ئایین کرا بە سیاسەت و دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەوا دەبێتە هۆکاری گەندەڵکردنی ئایین و چەمک و پرەنسیپە ئایینییەکان

سیاسییە کە دەڵێت دەکرێت دەوڵەت ئیسلامی بێت، بــەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە موســڵمانەکان پاڵنەری ئایینیان نەبێت لــە کارەکانیاندا، کەواتە مــن داوای لێکجیاکردنــەوەی ئایین و دەوڵەت و ڕێکخستنی پێوەندی نێوان ئایین و سیاسەت دەکەم ئەویش لە پێناو پەرەپێدانی خیتابی مەدەنیدا. من لە کتێبەکەمدا باسم لەوە کرد من وەك موسڵمانێك بــۆ ئەوەی بە ئیرادەی خۆم و بەئیختیاری خۆم و لەسەر ئەساسی قەناعەت ئەرکی ئایینی خۆم ئەدا بکەم، پێویستە لەدەوڵەتێکی عەلمانیدا بژیم. لەبەر ئەوەی ئەگەر لە دەوڵەتێکدا بژیم کە بانگەشــەی ئاییندار دەکات، وەك تالیبان و سعودیە و ئێران، ئەوا دەوڵەت ناچارم دەکات بیروباوەڕێکی ئایینی دیاریکراو پەیڕەو بکــەم تەنانەت ئەگەر هاوڕاش نەبم لەگەڵیدا. کەواتە دەبێت کار لەســەر ئەو تێزە بکەین کە دەوڵەتی عەلمانی پاساوی ئایینی هەیە و دەوڵەتی ئایینی هەروەك چۆن بۆ سیاسەت خراپە بەهەمان شێوە بۆ خودی ئایینیش خراپە)).

لەبەشــێکی دیکەی لێدوانەکەیدا و لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەی گوڵاندا سەبارەت بەوەی ئایا بۆچی هەموو ئایینەکان وەك ئایین بانگێشــە بۆ لێبوردەیــی دەکەن، بەڵام کاتێك ئایینەکان دەکرێنە سیاســەت توندوتیژی بەرهەم دەهێنن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر ئەحمەد وتی: (مەسەلەکە ئیســلام نییە، یان مەسیحیەت نییە، لەبەر ئەوەی ئایین خــۆی لەخۆیــدا هیچ کارێــك ناکات و بەســەربەخۆیی ڕەفتار ناکات و هەڵناســوڕێت، بەڵکو مەسەلەکە پێوەندی بەباوەڕدارانی ئایینەکەوە هەیە، واتە پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەو باوەڕدارانە ئەم کارە دەکەن یان بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەمە پەیوەســتە بەو ســیاقە مێژووییەی باوەڕدارانی تێدان و بەو دەســەڵاتەی هەیانە، لێرەوە دەتوانین بڵێین کاتێك ئاییــن ڕۆڵێکی خراپ دەبینێــت، ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت کەباوەڕدارەکانی ئایینەکە بۆمەبەستی تایبەتی خۆیان و بۆ بەدەســتهێنانی دەســەڵات بــەکار دەهێنن. ئەو کاتە ئایینیش دەبێتە هێزێکی وێرانکار، چونکــە بۆپەرەپێدانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن. ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەوروپا، دەبینین ڕاستە کاتێك ئایین تێکەڵی دەوڵــەت کرا ئەوا بووە هێزێکی وێرانکار، بەڵام نابێت ئەوەشــمان لەبیر بچێت کە فاشــیزم، نازیم و مارکسیزم هێزێکی وێرانکاربوون لە سەدەی بیســتدا، کەواتە کێشەکە لە ئاییندا نییە، کێشەکە لە کەلتووری سیاســی و لەوەدایــە ئایا ئیرادەی پێکەوەژیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم ئیرادەیە نەبێــت، ئەوا هۆکار زۆرن بکرێنە بیانوو، ئێوە لەوە بڕوانن لە بۆســنیا چی ڕوویدا، لە یوگسلافیای پێشــوو چی ڕوویــدا، کە توندوتیــژی ئیتنی و نەتەوەیــی و جینۆســایدی لێکەوتــەوە. کەواتە مەســەلەکە پەیوەســتە بەوەی کار بۆ پەرەپێدانی کەلتــووری لێبوردەیی و کەلتــووری پێکەوەژیان بکرێــت، هەروەهــا دەبێت وریا بین کــە دەوڵەت ئایین داگیــر نەکات، لەبەر ئــەوە ئەمە مایەی مەترسیە بۆ هەموو لایەك. لەم ڕوانگەیەوە نابێت ئێمە ئەزموونی ئەوروپا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت و لەئاســیا بەکاربهێنین، لەبەر ئەوەی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و خەڵکیش ڕەتی دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوروپــا وەك هێزێکی ئیمپریالی ســەیر دەکەن.

لەم ســۆنگەیەوە دەبێــت کار بۆ ئەوەی بکەین پاســاوێك بۆ دروســتکردنی دەوڵەتی عەلمانی بهێنینەوە کە هەڵقــوڵاوی ناوخۆ بێت، بۆ ئەوەی تــەواوی خەڵکی وڵاتەکــە قەناعەتەی پێبکەن،

ئەمە لەبری ئـــەوەی ئەزموونی ئەوروپا یان هەر ئەزموونێکی دیکەیان بۆ بهێنرێتەوە)).

لەلایەکی دیکـــە و ســـەبارەت بەنەگونجانی حکومڕانی ئیســـلامی سیاســـیی و دیموکراتی، پرســـیارمان لە پرۆفیســـۆر رۆبەرت شـــایدنەر ئوســـتادی ئایینی ئیســـلام لەزانکۆی لۆسەر و تایبەتمەند لەســـەر تەحدییەکانی بەردەم ئازادییە ئایینـــەکان کرد، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کرد و وتی: (من بۆچوون و تێڕوانینێکی جیاوازم هەیە، پێموایە ئایین و سیاسەت دوو پێکهاتەی جیاوازن. واتە لەو ســـیاقەی ئێمە باس لە چەمکەکانی وەك ئایین و سیاســـەت دەکەین کە دوو چەمکی لێکجیاوازن، ئەوا من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کارێکی مەترسیدارە هەوڵـــی بنیادنانی دیموکراســـی بدەیت لە ڕێی ئایینەوە، لەگەڵ ئەوەی لەباری واقیعیشـــدا ئەم دوو بـــوارە بە تەواوەتـــی لێکجیاناکرێنەوە، بەڵکو بەردەوام کاریگەریان لەســـەر یەکتـــر هەیە. واتە ئەگەر ئیعیتراف پێبکەین یان نا، ئەوا بەشێوەیەك لەشـــێوەکان کاریگەریان هەیە بەسەر یەکەوە. هەر بۆیە ئەگەر کەســـان و پیاوانی ئایینی کاروباری وڵات بەڕێوەببەن، ئەوا دیموکراسیەت بوونی نییە، لەبەر ئەوەی تۆ پێویستت بەدیموکراسی نوێنەرایەتی هەیە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی تێکڕای گرووپەکانی کۆمەڵگەکـــە بکات، ئەوانەی پشـــتگیری ئایین دەکەن و تەنانەت ئەوانەی پشتگیریشـــی ناکەن، ڕاســـتە دیموکراسی هاوشانە بەپشێوی، بەڵام من پێموایە پێویســـت و زەروریە. لەبەر ئەوەی کێشەکە ئەوەیە ئەگەر کەسانی ئایینی دەسەڵاتدار بن، ئەوا ڕەنگە بیروباوەڕە عەلمانییەکان بە هەند هەڵنەگرن و ئەمە لە کاتێکدا پێویســـتە ئیعتیراف بە هەموو گرووپەکانی بکرێت و نوێنەرایەتیان بکرێت)).

ئەوەی پرۆفیســـۆر رۆبەرت ئاماژەی پێکرد مەترســـی خراپ بەکارهێنانـــی ئایینە، یاخود بەواتایەکـــی دیکـــە بەکارهێنانـــی ئایینە بۆ مەبەســـت و مەرامی سیاسی، بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوەستە بکەین پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مایکڵ دریسن کرد و لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ئەم پرسەی شرۆڤە کردو وتـــی: (چەندین نموونەی دیموکراســـی هەیـــە و هاوکات چەندین ڕێگەچارە هەیە بۆ بە دامەزراوەکردنی دەسەڵاتی ئایینی لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراســـی. ڕێگەچارەی کلاسیکی داوادەکات بـــۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و جیاکردنەوەی ئایین لە دامەزراوە دیموکراسییەکان، ئەم شتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەڕەنســـا ڕوویدا و سەرکەوتووبوو، بەڵام بەڕای من گرنگترین شـــت لە تێکەڵبوونـــی ئایین و دەوڵەت لەچوارچێوەی دیموکراســـییەتدا ئەوەیە کە ئایین دەســـەڵاتی نەبێت بەســـەر دامەزراوە دیموکراسییەکان، بۆ نموونە دەسەڵاتی یاسادانان دەسەڵاتی نەبێت لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن. لەلایەنێکی تـــرەوە، ئەگەر هات و ئایین تێکەڵ بە دامەزراوەکانی دەوڵەت بوو، ئەوکات پێویستە وەك هێزێکـــی بێلایەن «محاید» ڕەفتار بکات. هەربۆیـــە، لێرەدا ٢ شـــتی زۆر گرنگ هەیە، یەکەمیان: پێویستە دەسەڵاتەکان لێك جیابکرێنەوە. دووەمیان: پێویســـتە ئایین بەسیاسەت نەکرێت. هەربۆیە باشـــترین ڕێگە ئەوەیـــە کە قەناعەت بـــە پیاوانی ئایینی بهێندرێت لـــە بەرژەوەندیی خۆیاندایە دەســـەڵاتێکیان پێ ببەخشـــرێت کە جیا بێت لە دەســـەڵاتی سیاسی. ئەگەر بێت و پیاوانـــی ئایینی بگەنە دەســـەڵات، بەڕای من دەبنـــە هۆی گەندەڵکردنی ئایین و دەســـەڵاتی ئایینـــی و چەمـــك و پرەنســـیپە ئایینییەکان. بەڕای من پێویســـتە حکومەت هەڵســـتێت بە دارشـــتنی جۆرە بەرنامەیەك بۆ بەخشینی جۆرە دەســـەڵاتێکی جیا لە حکومی و سیاســـی بۆ پیاوانی ئایینی و لەڕووی داراییەوە پشتگیرییان بکات بۆ نموونە لەڕووی پـــەروەردەی ئایینی و حوجرەی ئیمامەکان، بەڵام لەهەمان کاتیشـــدا تێبگەیەندرێن کە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە لەسەر دەسەڵات و دامەزراوە سیاسی و حکومییەکان، بۆ نموونە دەسەڵاتی یاسادانان یان جێبەجێکردن یان دادوەری. هەربۆیە، ئەم مەســـەلەیە پەیوەستە بە سازشکردن بەتایبەتی لەچوارچێوەی سیستەمی دیموکراســـی، کـــە تیایدا دەســـەڵات بدرێت بە پیاوانی ئایینی لەسەر دامەزراوە ئیسلامییەکان و حوجرەی ئیمامەکان و قوتابخانە ئیسلامییەکان، بەڵام هیچ دەســـەڵاتێکیان نەبێت لە یاســـادانان و جێبەجێکـــردن و دادوەری. ســـەرکەوتنی ئەم پڕۆســـەیە ئەگەری هەیە و مەسەلەکە پەیوەستە بە کات و بەشـــێوەیەکی پلە بە پلە «تدریجی» ڕوودەدات، بـــۆ نموونە ئەمە بارودۆخی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بوو کە کڵێسە حوکمڕانیی دەکرد، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات و بەشێوەیەکی تەدریجی توانرا کڵێســـە ناسیاسی بکرێت و زیاتر ببێت بە دامەزراوەیەکی ڕووحی دوور لە سیاســـەت یان دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام ئەگەر بێت و دەسەڵاتی ئایینی و دەســـەڵاتی سیاســـی لەتەنیشت یەك دابنرێن ئەوە شتێکی زۆر مەترسیدار و ترسناکە. لەلایەنێکی تـــرەوە، چەندین ســـەدەیە پیاوانی ئایینـــی، لە ئیســـلام و کرســـتیان-یش، خاوەن دەســـەڵاتن. هەربۆیە، ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە گواستنەوە هەیە، لەم بارەیەشەوە چەندین جۆر گواستنەوە هەیە، بۆنموونە ئەزموونی فەڕەنسی کە جیاکردنەوەیەکی شۆڕشـــگێڕانە بوو لەنێوان کڵێســـە و دەوڵەت، لەگـــەڵ چەندین نموونەی تر، بۆنموونە ئەزموونـــی بەریتانی، ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپای باکـــوور، لەگەڵ ئەزموونی ئیتاڵی، کە بەتێپەڕبوونی کات توانییان کڵێسەی «کاتۆلیکی» و کڵێســـەی «پرۆتســـتانت»، لەهەر وڵاتێك و بەپێی گەڕانەوەی بۆ هەر یەك لەم «کڵێســـانە»، توانییان کڵێســـە بەدامەزراوە بکەن و جیای بکەنـــەوە لە دەوڵەت. ئەمڕۆ ئەم دامەزراوانە خاوەن هیچ دەســـەڵاتێکی سیاسی نین و هیچ دەســـەڵاتێکیان نییە لەســـەر یاسا و دەسەڵاتی سیاسی)).

لەبەشـــێکی دیکەی لێدوانەکەیدا و سەبارەت بە دامەزراوەییکردنی ئایین و دروورخســـتنەوەی لەدامەزراوەکانی دەوڵەت، پرۆفیســـۆر مایکل بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ئەم مەســـەلەیە پەیوەســـتە بەدەســـەڵات، لەبەرئەوەی دەســـەڵات دەرفەت بەئایین دەبەخشـــێت بۆ سەپاندنی چەمکەکانی ئاییـــن لەســـەر هاووڵاتیان. بـــۆ نموونە ئەگەر هات و ســـەرکردەیەکی ئایینی لەو بڕوایەدا بوو کە ئایینەکەی هەڵگری پەیامی ڕاســـتەقینەیە و ئەگـــەر پێیوابوو کە ئایینەکەی تاکە شـــتی ڕاستەقینەیە لە کۆمەڵگە، ئەوکات هەموو هەوڵێك دەخاتەگەڕ لەپێناو بڵاوکردنەوەی باوەڕەکانی، بۆ نموونە لەڕێگەی پۆلیس و هێزەکانی ســـوپای نیشـــتمانی، ئەمەش شـــتێکی خراپە و شتێکی تراژیدیـــە، بەڵام کاتێك کـــە پیاوانی ئایینی لە دەسەڵات نین و خاوەن دەسەڵاتی حوکمڕانی نین، ئەوکات هەڵدەستن بە بەکارهێنانی ڕێگەچارەی قەناعەتپێکردن و ڕاکێشانی سەرنجی هاووڵاتیان لەبارەی باوەڕەکانیـــان و چەمکە ئایینییەکانیان و لەبـــری بەکارهێنانی هێز و چەك و پۆلیس و سوپا هەوڵدەدەن خەڵك بێننە سەر باوەڕی خۆیان و قەناعەتیان پێ بێنن لەبارەی ڕاســـتییەکان یان ئەو پرەنسیپانەی کە باوەڕیان پێ هەیە. هەربۆیە، پێویســـتە لەڕێگەی قەناعـــەت پێهێنان و باوەڕ هێنانی خەڵك بدرێـــت بۆ ئایین و چەمکەکانی نـــەك لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز و بەفشـــاری پۆلیـــس و ســـوپا. بەڕای من ئەم مەســـەلەیە پەیوەســـتە بەپێوەندیی سایکۆلۆژی و دەسەڵاتی ڕووحی خـــۆی هەیە نـــەك تەنیا بـــە ئیرادەی سیاسی)).





فوئاد مەجید میسری یەکێکە لەو رووناکبیرانەی کە بە تۆژەر و تایبەتمەند لەسەر ئیسلامی سیاسیی لەقەڵەم دەدرێت و لەم بوارەشدا قەڵەمەکەی بەبڕشتە و بەشێوەیەکی زانستی و ئەقڵانی شرۆڤەی دیاردەی تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت دەکات، بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان ( بۆ ئەوەی سیاسەت ئایین ناشرین نەکات..) چەند پرسیارێکمان ئاراستەی روناکبیر فوئاد مەجید میسری کرد، کە بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی داینەوە.

فوئاد مەجید میسری روناکبیرو رۆشنبیر بۆ ( گوڵان):

# به درێژایی مێژوو، هەرکاتێک ئاین تێکەڵ بە سیاسەت بووبێ، توندوتیژی، یەکێک بووە لە خەسڵەتەکانی ئەو دەسەڵاتە

**گوڵان:** تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت یەکێکە لەو مەترسیانەی کە رووبەڕووی پرۆسەی دیموکراتی دەبێتەوە، پرسیار ئەوەیە کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا بە ئایین سیاسەت بکرێت، ئایا چۆن پرۆسەی دیموکراتی بونیاد دەنرێت؟

**فوئاد مەجید میسری:** میتۆدی ئاینی لە هەر فۆرمێکدا خۆی بنوێنێ دژ بە سیستمی عەلمانیە، چونکە جەوهەری عەلمانیەت عەقڵانیەتە. سیستمی عەلمانیش لە سایەی دەسەڵاتێکی دیموکراتیدا نەبێ، مومکین نییە بنیاد بنرێ. هەمیشە میتۆدی ئاینی بەو ئاراستەیە کار ئەکا عەلمانیەت وەك میتۆدێکی عەقڵانی رەت بکاتەوە. رەتکردنەوەی عەقڵانیەتیش واتە رەتکردنەوەی ئازادی چ لەسەر ئاستی فیکر و چ لە سەر ئاستی پراکتیك. ئەم هەڵوێستە بۆ خۆی دەبێتە هەوێنی دروستکردنی فەزایەکی سیاسی وا، هاوڵاتی نەتوانێ بە ئازادی تەعبیر لە بیر و رای بکا. بە کورتی ئەم ئاراستە فیکریە هەوڵێکە بۆ راهێنانی مرۆڤ لە سەر میتۆدێك گوێ ڕایەڵی و ئیتاعەتی کوێرانە دەبێتە یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەیت هەست دەکەیت ئەم میتۆدە هەر ئەوەندەی پێدەکرێ بە گوتارێکی ئەخلاقییەوە رووبەرووی عەلمانیەت و سیستمی دیموکراسی ببێتەوە. بۆیە دەبینین، ئازادی مرۆڤ دەکاتە هاوتای بەد رەوشتی. قەبووڵی نییە، نیوەی کۆمەڵ کە ژنانن لە رووی ئەرك و مافەوە یەکسان بن، رێ لە چاککردنی یاسای باری کەسیەتی (قانون الاحوال الشخصیە) و دەگرێ، مرۆڤی غەیری موسوڵمان بە (ئەهلی ذیمە) ناو دەبا و قەبووڵی نییە پلە و پایە و پۆستی سیاسی و ئیداری گەورە بە دەستەوە بگرێ. ئازادی بیر و ڕا تەعبیرکردن لە فیکر و میتۆدی فیکریی غەیری ئیسلامی بە کوفر و ئیلحاد ناوزەد دەکا و تۆمەتی لە ئایین وەرگەڕان شوێن هەر کەسێك دەخات باس لە بیر و رای ئازاد بکا. رۆشنتر بڵێین مرۆڤ لە ناو ئەم سیستمە فیکرییەدا عەبدێکی بێ ئیرادەیە و سنوری ئازادی ئەو، پەیڕەو کردنی ئەو یاسا و پرەنسیپانەیە کە دەقی پیرۆز بۆ مرۆڤی هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەو پێشی دەست نیشانکردووە. هەرچی عەلمانیەتە هەموو کایە مەعریفییەکان ئەخاتە خزمەت تاکە کەس و کۆمەڵگاوە. بێ ترس و سڵەمینەوە، رایدەگەیەنێ کە زانیاریەکانی مرۆڤ شتی هەتا هەتایی نین و هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندان. لە ناو ئەم سیستمە فیکریە دا،

باوەڕی ئایینی ئەبێتە مەسەلەیەکی تایبەت بە تاکە کەس و ماوە نادا هیچ کەس و دەستە و تاقمێك بە زۆر ملی باوەڕی خۆیان بسەپێنن.

سیستمی عەلمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی مۆدێرن ڕێك ئەخا. لە پرۆسەی ململانێی کۆمەڵایەتیدا هاوکێشەی هێز بڕیاردەرە و تێیدا سیستەمێکی یاسایی پەیڕەو ئەکرێ، خودی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دایدەڕێژن و لەمەودای گەشەکردنی کۆمەڵگادا یاساکان ئەگۆڕدرێن و یاسای نوێ و گونجاو جێگایان ئەگرێتەوە. مەبەست ئەوەیە لە ڕوانگەی عەلمانیەتەوە، هیچ یاسایەك ئەزەلی و ئەبەدی نییە. بنیادنانی سیستەمێکی دیموکراسی کە عەلمانیەت جەوهەرەکەیەتی، بە خواست و ئارەزووی تاکە کەس نایەتەدی. پرۆسەیەکی مێژوویی و تون و تۆڵ بەستراوە بە هەل و مەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری کۆمەڵگاوە. ئاستی پەرەسەندن و نەش و نماکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەسنیشانی ئەکا ئەو کۆمەڵگایە تا چەند ئامادەیە سیستمێکی لەو جۆرە قەبوڵ بکا. هەر لەبەر ئەمەیشە ئیسلامی سیاسی دژی ئەوەستێ، چونکە ئەزانێ بە عەلمانی کردنی دەوڵەت بە بێ جیا کردنەوەی ئاین لە سیاسەت ئەبێتە دروشمێکی بێ ناوەڕۆك.

**گوڵان:** یەکێك لە ئەزموونە خراپەکانی ئیسلامی سیاسی ئیماراتی تاڵیبان بووە لە ئەفغانستان، تەنانەت گەیشتە ئەوەی ببێتە مەترسی بۆ سەر هەموو جیهان، کە دواتر شەڕی دژە تیرۆری لە دژی ڕاگەیەنرا، ئایا بۆچی ئیسلامیەکانی تاڵیبان بەو ئاستە بوونە مەترسی؟

**فوئاد مەجید میسری:** بە ڕای من پێویست ناکات بە نموونەیەکی خراپ ناوزەدی بکەی. ئیماراتی تالیبان نموونەی بەرجەستەی حوکمی ئاینییە، ئەوە حەقیقەتی شێوە دەسەڵاتی دەوڵەتی تیۆکراتییە. ئەوەی تالیبان بنیاتی نا، هەموو خەسڵەتەکانی دەوڵەتی ئاینی لە خۆ گرتبوو.

سیستمی یاسایی دەوڵەتی تالیبان کە لە شەریعەتەوە سەرچاوەی دەگرت.. بە هەموو تواناوە هەوڵی دا مەسەلە دنیاییەکان پابەندی شەریعەت بکا. پایەی دەسەڵات و دامەزراوەی ئاینی کرد شتی پیرۆز (مقدس)، تاوەکو بە ناوی شەرعییەتی ئاینیەوە بە ڕەهایی حوکمڕانی بکا.! دەسەڵاتی تالیبان ئەو دەسەڵاتە بوو کە لە فەرهەنگی ئیسلامی سیاسیدا ناوی (حاکمییە) ی لێنراوە.

تالیبان کە پەیڕەوی تیوری (حاکمییەت) ی دەکرد، لەو ڕوانگەیەوە دەیڕوانیە دنیا کە ناشێ ئیسلام بەو واقیعەی ئێستا کە هەیە قایل بێ. چونکە ئیسلام لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتووە دنیا بگۆڕێ و پێویستە سەرتاسەری مرۆڤایەتی باوەڕی پێ بهێنێ. لە ناو ئەم تێوەرەدا بە ئیسلام کردنی دنیا و دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینی لە سەر تاسەری دنیادا ئەرکێکە قابیلی پشت گوێ خستن نییە. بۆچی؟ چونکە وەك (ئەبولئەعلا ئەلمەودودی) دەڵێ: ئیسلام بەوە قایل نابێ لە سەر ڕووی زەمین ئاینێکی تر پەیڕەو بکرێ. بۆیە جیهاد دەبێتە میکانیزمی گەیشتن بەو ئامانجە. لە مەوە تێ دەگەین کە جیهاد وەك پرۆسەیەکی سیاسی و سەربازی ناتوانێ ئەو ئەرکە بە جێ بهێنێ ئەگەر هەوڵی خۆڕێکخستن نەدا لە ناو حیزبێکی ئیسلامیدا. هەرکاتیش ئەو حیزبە دامەزرا لەسەریەتی جیهاد لە دژی هەموو ئەو سیستمە سیاسیانە ڕابگەیەنێ کە شەریعەتی ئیسلام جێ بە جێ ناکەن. ئنجا هەڵوێستی ئەو سیستم و نەتەوە غەیرە ئیسلامیانە چییە، گرنگ نییە. چونکە وەك (مەودودی) ئەڵێ: سیستمی ئیسلامی بە زەبری شمشێر نەبێ دانامەزرێ.

**لە ڕوانگەی عەلمانیەتەوە، هیچ یاسایەك ئەزەلی و ئەبەدی نییە. بنیادنانی سیستەمێکی دیموکراسی کە عەلمانیەت جەوهەرەکەیەتی، بە خواست و ئارەزووی تاکە کەس نایەتەدی**

سیستمێك بەو میتۆدە کار بکا و ئەوە لێکدانەوە و تێڕوانینی بێ بۆ ژیان. سیستمێك لە سەدەی بیست و یەکدا و لە سایەی شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژیای نوێدا، بیەوێ بە زەبری شمشێر، سەرتاسەری مرۆڤایەتی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و یاسا و ڕێسای هەزار و پێنج سەد ساڵ لەوەوبەری نیمچە دورگەی عەرەبستان بە سەر دونیادا بسەپێنێ، چۆن نابێتە مەترسی بۆ سەر تەواوی مرۆڤایەتی؟!! ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر و چەندین کاری دیکەی تیرۆریزمی لەم یان لەو شوێنی جیهان لە لایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە کە ئەفغانستان بنکەی سەرەکی و دەسەڵاتەکەیش بەشێك بوو لەو ڕێکخراوە، هێزە نێو دەوڵەتییەکانی ناچار کرد هەڵوێستی لەبارەوە وەر بگرن و شەڕی دژە تیرۆر دژی ڕابگەیەنن.

**گوڵان:** ئایا چۆن پرۆسەی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت دەستی پێدەکرێت؟ ئێمە دەزانین هەموو ئایینەکان داوای یەکتری قبوڵکردن و لێبوردەیی دەکەن، پرسیار ئەوەیە بۆچی کاتێك ئایین دەکرێت بە سیاسەت، سیاسەتەکە دەبێتە سیاسەتی توندوتیژی؟

**فوئاد مەجید میسری:** جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت پرۆسەیەك بوو کاتی خۆی لە ئەورووپادا دژی دەسەڵاتی ئاینی کڵێسای مەسیحی هاتە کایەوە. پرۆسەیەك بوو تەعبیری لە خواست وئامانجی چینێکی تازەی کۆمەڵایەتی ئەکرد. چینێك لە هەناوی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا گەشەی کردبوو، هێزێکی نوێی ئابووری – سیاسی – کۆمەڵایەتی هاتبووە ناو ململانەیەکی مێژووییەوە. جیا کردنەوەی ئاین لە سیاسەت پرۆژەیەکە لە خزمەت بونیادی ئابووری کۆمەڵگایەدا بیەوێ خۆی لەکۆت و بەندی پەیوەندییە دەرەبەگایەتیەکان قوتار بکات و لە جێی ئەوان شێوە پێوەندیەکی نوێ بنیات بنێ. پرۆژەیەکی فیکرییە هەوڵ ئەدا ببێتە سەرخانێکی گونجاوی سیاسی بۆ ژێرخانێکی نوێی ئابووری. لەمەوە تێدەگەین کە بە عەلمانیکردنی دەسەڵات مەسەلەیەك نییە پەیوەندی بە خواست ئارەزووی کەسێك یان چەند کەسێکەوە هەبێ. پەیوەندی بەئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە، کە لەباری مێژووییەوە دەبێتە خواستی چینێکی تازە پێگەیشتوو بەرژەوەندی لەگەڵ دەسەڵاتێکدا یەك ئەگرێتەوە یاسا و ڕێسای نوێی بۆ فەراهەم بکا. هەرچی حیزبی ئاینی و پیاوانی ئاینی هیچ هێزێکی سیاسیان لە دەرەوەی میتۆدیەکەی خۆیان قەبووڵ نییە. بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و بانگەشە کردن بۆ ئازادی و ژیانی دیموکراسی وەك ئەوەی لە کوردستان بەڕێوە چووە و ئەچێ بۆ ئیسلامی سیاسی دروشمێکی کاتیە و کەڵك وەرگرتنە لە میکانیزمەکانی پرۆسەی دیموکراسی تا ئەو کاتەی خۆیان دەست بە سەردەسەڵاتدا دەگرن. ئەوانە کە لە حاڵی حازردا هەزار و یەك شێوە ناو ناتۆرە لە سیستمی عەلمانی دەنێن، هەر لە بەر ئەوەیە کە عەلمانییەت ئاین لە سیاسەت جیا ئەکاتەوە.

**گوڵان:** عەلمانیەت میتۆدێکە ئەیەوێ لە سەر زەمینەی واقیع بە کردەوە جێبە جێ بکرێ. من ئەپرسم: کامە حیزبی کوردی عەلمانییە؟!

**فوئاد مەجید میسری:** هیچ کام لەو حیزبانەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هەڵئەسوڕێن بە هەردوو حزبی دەسەڵاتداریشەوە فریان بە سەر عەلمانیەتەوە نیە!

من دەپرسم ئایا بەرنامەی کامە حزب باس لە جیا کردنەوەی ئاین لە سیاسەت ئەکا !؟ خودی حزبە دەسەڵاتدارەکان بە شێوەی جۆر بە جۆر پشتگیری لە میتۆدی ئاین ئەکەن. سیستمی عەلمانی پێویستی بە وەزارەتی ئەوقاف و کار و باری ئاینی نییە! سیستمی عەلمانی کار بە یاسای (وەضعی) ئەکا.

## سیستمێك لە سەدەی بیست و یەکدا و لە سایەی شۆڕشی زانیاری و تەکنۆلۆژیای نوێدا، بیەوێ بە زەبری شمشێر، سەرتاسەری مرۆڤایەتی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە چۆن نابێتە مەترسی بۆ سەر تەواوی مرۆڤایەتی ؟

ڕۆڵی پارلەمان کە نوێنەری خەڵکە ئەرکی دارشتنی ئەو یاسایانەی لە ئەستۆیە کە ژیانی دنیایی کۆمەڵگا بەرێوە ئەبەن، بۆیە پێکهێنانی لێژنە و سەنتەری فەتوا، ڕوڵی پارلەمان چز ئەکا و هیچ نرخ و بەهایەك بۆ دەسەڵاتی خەڵك ناهێڵێتەوە. حزبە دەسەڵاتدارەکان کە حزبە ئیسلامییەکان و پیاوانی ئاینیی بە ناحەق تۆمەتی عەلمانیبوونیان شوێن ئەخەن بەم یان بەو شێوە برەو بە دیاردەی دەروێشی و دامەزراندنی تەکیە و خانەقا ئەدەن و لە بودجە و سامانی نەتەوەیی بە شێوەی نەختی و عینی کۆمەکیان ئەکەن.!! حزبە دەسەڵاتدارەکان کە ئیسلامی سیاسی بە عەلمانی ناوزەدیان ئەکەن، لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا هەنگاوێکی بە کردەویان نەناوە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا. بە بڕوای من ئەوە هەر حزبە ئیسلامییەکان و پیاوانی ئاین نین کە عەلمانییەت رەت ئەکەنەوە، دەسەلاتیش بۆ خۆی هەمان هەڵوێستی هەیە. ئەوە حزبە ئیسلامییەکانن بۆ موزایەدەی سیاسی و بە مەبەستی عەوام فریوی سیفەتی عەلمانیبوون ئەخەنە پاڵ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار.

**گوڵان:** لە ئەوروپا هەتا ئایین تێکەڵاوی سیاسەت بوو، یان بەواتایەکی ئایین دەسەڵات بوو، دەبینین دیاردەی توندوتیژی و یەکتری رەتکردنەوە باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشا بوو، پرسیار ئەوەیە بۆچی کاتێك ئایین دەکرێت بە سیاسەت، دیاردەی توندوتیژی و یەکتری رەتکردنەوە سەرهەڵدەدات؟

**فوئاد مەجید میسری:** نەك لە ئەوروپا لە سەرتاسەری دونیادا و بە درێژایی مێژوو، هەرکاتێك ئاین تێکەڵ بە سیاسەت بووبێ، جا ئیتر ئەو ئایینە هەرچی بووبێت دام و دەزگای ئاینی راستەوخۆ حوکمڕان بووبێ، توندوتیژی، یەکێك بووە لە خەسڵەتەکانی ئەو دەسەڵاتە. ئەم دیاردەیەش نەشتێکی خۆڕسکە و نە رێکەوتە، بەڵکو دیاردەیەکە پەیوەندی هەیە بە خودی میتۆدی ئاینییەوە. هەمیشە و لە هەموو دەوور و زەمانێکدا ئاین و دامەزراوەی ئاینی پشت بەستەیە بە میتۆدێك شەرعیەتی خوایی ئەدا بە هەموو کار و کردەوەکانی. لە ئەوروپادا، هەتا ئاینی مەسیحی تێکەڵ بە سیاسەت نەبوو بوو، پەیڕەوانی نەك توند و تیژ نەبوون، بۆ خۆیان هەڵگری دروشمی ئاشتی و لێبوردەیی و برایەتی بوون. بە پێچەوانەوە دەوڵەتی رۆم لە بەرامبەریان توند و تیژی بەکار ئەهێنا و ئەی چەوساندنەوە. سەیر ئەوەیە، ئەو کات ئاینی دەوڵەت بتپەرستی بوو.!

کاتێکیش کە ئاینی رەسمی دەوڵەت بوو بە مەسیحی، کڵێسا بووە پشت و پەنای دەوڵەت و بە کردەوە حوکمرانی قەڵەمڕەوی دونیای مەسیحییەتی ئەکرد. مێژووی ئەوروپای سەدەکانی ناوەراست گەواهی ئەو هەموو ناحەقیانەن کە کڵێسای مەسیحی لە بەرامبەر گەلانی بە ئاین مەسیحیدا ئەنجامی داون. ئەمە سەرەرای سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی بێ سنوری زانایان و رۆشنبیران و داهێنەران بە گشتی. پێم باشە لەم بۆنەیەدا نمونەیەکی بەرجەستەت لەمەر هەڵوێستی کڵێسا و پیاوانی ئاینی بۆ باس بکەم،.. لەشکری ئینگلیز وڵاتی فەرەنسا داگیر ئەکا و پاشای فەرەنسا لە بەردەم هێرشی ئینگلیزەکاندا هەڵدێ. کچۆڵەیەکی تەمەن بیست ساڵ بە ناوی (ژان دارك) ئەرکی بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەرانی لە ئەستۆگرت و توانی لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەشکر و سوپایەکی گەورە کۆ بکاتەوە و لە ئەنجامدا دوای زنجیرەیەك شەڕو پێکادان لەشکری ئینگلیز ئەشکێ و شای فەرەنسا دەگەڕێتەوە سەر تەختی پاشایی.. کڵێسا لە بری پاداشت و رێز لێنان، بە تۆمەتی ئەوەی ژان دارك بەرگی پیاوانەی پۆشیوە و سەرکردایەتی لەشکر و سوپای کردووە، لە دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر ئاگریان تێبەردا. سووتاندنی (جیۆردانو برۆنۆ) و داد گاییکردنی (گالیلیو) و تاوانبار کردنی (کۆپەر نیکۆس) و دەیان و سەدان کەسی تر، نمونەی حاشا هەڵنەگری دەسەڵاتی ئاینیە لە ئەوروپادا. هەرچی دنیای ئیسلامە دەوڵەتی خەلافەت و لەگەڵیدا دامەزراوەی فیقهی وێنەیەکی تری دەسەڵاتە ئاینییە کەیەتی. ئەوەی کڵێسا بە زانایان و بیرمەندان و رۆشنبیرانی کرد، دەوڵەتی خەلافەت و دامەزراوەی فیقهی لە دونیای ئیسلامدا کردوویە و هیچی لەوانە کەمتر نییە کە کڵێسای مەسیحی لە دنیای مەسیحییەتدا کردوویە ئەگەر زیاتر نەبێ. کوشتنی (غەیلانی دیمەشقی) و (جەعد کوری درهەم) و (صالح عبدالقدوس) و (ئیبنولموقەفەع) و (بەشار کوری بورد) و (حەلاج) و (سەهرەوەردی) و دەیانی تر نمونەی زیندوون لە مێژووی دەسەڵاتی ئاینیدا. ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پرسیارە کە: توندو تیژیی ئاین وەك هەڵوێستی سیاسی لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێ !؟

## هەتا ئاینی مەسیحی تێکەڵ بە سیاسەت نەبوو بوو، پەیڕەوانی نەك توند و تیژ نەبوون، بۆ خۆیان هەڵگری دروشمی ئاشتی و لێبوردەیی و برایەتی بوون

حەقیقەتی مەسەلەکە ئەوەیەکە گوتاری ئیسلامی تەنها پشت بە کلتوری ئوسوڵی ئەبەستێ، ئەویش کلتورێکە تەنها و تەنها تەعبیر لە بیری ئاینی و زانیاری ئاینی ئەکا. هەواداراانیشی هەر بەو کلتورە پەروەردە ئەکرێن. بۆیە لە رووی ئەبستۆلۆژیەوە گوتارێکە ناوەرۆکێکی کاڵ و کرچی هەیە. هاوکات هەوڵ ئەدا بە ناوی ئاین و شەرعییەتی ئایینیەوە بەرامبەرەکەی تاوانبار بکا. لە سەر هەمان رێ و شوێنی کڵێسای مەسیحی سەدەکانی ناوەراست دژ بە هەموو دەسکەوتێکی زانستی ئەوەستێ. ئەم گوتارە پشت بەستەیە بە میتۆدێك رۆڵی ئادەمیزاد و یاساکانی سروشت ئیلغا ئەکا. مافیش ئەداتە دەستەیەکی دیاریکراو لە ئاست هەر دەستکەوتێکی زانستیدا هەڵوێست بگرن و بریار و فەتوای شەرعی دەر بهێنن. لە ناو ئەم گوتارەدا ئادەمیزاد بونەوەرێکە بێ ئیرادە و نەزان. بریار و حوکمی پیاوانی پێشوی ئیسلام ئەکاتە چەند دەقێکی چەسپاو و نەگۆڕ. ئەم گوتارە کە پشت بەستەیە بە میتۆدێکی ئاینی پێشەکی بڕیاری داوە کە خۆی خاوەنی هەموو حەقیقەتەکانە. لە بەر ئەوە هەست ناکەین شتێکی نوێی بەرهەمهێنابێ.

لەناو ئەو گوتارەدا شتێك نابینینەوە تەعبیر لە حەقیقەتێکی نوێ بکا. گوتارێکە داوا لە مرۆڤ ئەکا بەرگری لە رابوردوو بکا و بیژیەنێتەوە. جا کە گوتارێك دوا بڕیاری لە سەر

هەمووشتەکان دابێ و بوار بۆ مرۆڤ نەهێڵێتەوە ببێتە خاوەنی تێگەیشتنی نوێ، ناچارە و هەر ئەبێ ڕێگا لە بیرکردنەوەی نوێ و زانستی بگرێ. ناچارە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بخاتە فەزایەکی میتۆلۆژییەوە و لە ناو کەش و هەوایەکی میتافیزیکی دا نوقمیان بکات. بۆیە دەبینین ئەم گوتارە مەودای مێژوویی خودی ئاینەکەش چڕ ئەکا وەك ئەوەی لە دەرەوەی مێژوو هاتبێتە دەرەوە.!! جا کە میتۆدێکی فیکری پێشەکی بڕیاری لە سەر هەموو شتێك دابێ و ڕێگا بە گەشەکردنی هۆشیاری مرۆڤ نەداو و ماوەی ئەوەی نەدا ببێتە خاوەنی تێگەیشتنی نوێ، ناچارە و ئەبێ ڕێگە لە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی پێچەوانەی خۆی بگرێ، ئەم هەڵوێستەش بە بێ توندوتیژی بۆی ناچێتە سەر و ڕێگای سەرکوت و تیرۆر ئەگرێ تا بە هۆیانە کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکا.

**گوڵان:** لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێستا مەترسی ئەوە هەیە دوای ڕووخانی دیکتاتۆرەکان، ئیسلامیەکان کۆنترۆڵی

**گوتاری ئیسلامی تەنها پشت بە کلتوری ئوسوڵی ئەبەستێ، هەوادارانیشی هەر بەو کلتورە پەروەردە ئەکرێن . بۆیە لە ڕووی ئەبستۆلۆژیەوە گوتارێکە ناوەرۆکێکی کاڵ و کرچی هەیە**

بارودۆخەکە بکەن یان ببنە هۆکارێك بۆ ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکە و دوورکەوتنەوە لە دیموکراسی، تاچەند ئیسلامیەکان مەترسین بۆ سەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

**فوئاد مەجید میسری:** کێشەی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یان ڕاستتر بڵێین لە دونیای عەرەبدا ڕەگ و ڕیشەی ئەگەڕێتەوە بۆ دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی. ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك، کۆمەڵگا عەرەبییەکان بەگشتی و میسر بە تایبەتی لە نێوان دوو هێزی سیاسیدا دابەش بوو بوون. هێزە عەلمانییەکان کە لە ژێر کاریگەری بزوتنەوە ریفۆرمییەکەی (محمد علی) و لەشکر کێشییەکەی (ناپلیۆن)دا، بە دونیای ڕۆژئاوا و دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتە ئاشنا بوو بوون، ئامانجیان ئەوە بوو سیستەمێکی عەلمانی شێوە ئەوروپایی لە سەر پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی دابمەزرێنن.

دام و دەزگای ئەزهەر و دواتر ڕێبەرانی ئاینی وەك (ڕەزا) و (ئەلبەننا) لە هەوڵی ژیانەوەی سیستمێکی ئاینیدا بوون بە دەوڵەتی خەلافەتیشەوە...

چینی بورژوای تازە پێگەیشتووی عەرەب کە ئەبوو ئەرکی دامەزراندنی سیستمێکی عەلمانی لە ئەستۆ بگرێ، نەیتوانی ئەم ئەرکە مێژووییە بەجێ بهێنێ. بۆچی.؟! چونکە وابەستەیی ئەم چینە بە سیستمی سەرمایەدارییەوە وایکرد نەتوانێ خۆی لە پرۆژە سیاسی و ئابوورییەکانی ئیمپریالیزمی جیهان بە دوور بگرێ. ئاشکرایە هێشتنەوە و درێژە پێدانی حاڵەتی دواکەوتوویی گەلانی ناوچەکە یەکێك بووە لە سیاسەتەکانی سیستمی سەرمایە. چونکە دامەزراندنی سیستمی عەلمانی لەم ناوچەیەدا ئەبووە مایەی : پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ئازادی باوەڕ. هەڵبژاردنی گشتیی. پەیڕەوکردن و پەرەپێدانی زانست و زانیاری. پەروەردە و فێرکردنی نوێ. ئازادی ژنان، بە کورتی بێلایەن کردنی ئاین لەوەی دەست بخاتە هیچ مەسەلەیەکی سیاسییەوە.. گومان لەوەدا نییە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی لەو چەشنە بەرژەوەندی سەرمایەدارانی دنیای ئەخستە مەترسییەوە.

بۆیە بە درێژایی سەدەی بیستەم سیستمی سەرمایە هەوڵی داوە درێژە بە تەمەنی دواکەوتوترین ڕژێمی سیاسی ناوچەکە بدا. بە سەرێکی تر چینی بورژوازی عەرەب، ئاینی ئیسلام بە بەشێکی گرنگ لە کلتوری خۆی ئەزانێ و وەك فاکتەرێکی گرنگ هەمیشە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری هێناوە ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگوزەرێ درێژەی ئەو واقیعەیە و ئاسۆیەکی ڕوون لە بەر چاو نییە پێمان بڵێ: ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو کوێ ئەچن. دیارە لەم قسەیەیە مەبەستم ئەوە نییە لە هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی گەلانی ناوچەکە کەم بکەمەوە. ئەوەی دەیبینین و ئەگوزەرێ هێزێکی تا سەر ئێسك ناڕازی و تووڕەیە و ئەیەوێ کۆتایی بە تەمەنی ئەم سیستمانە بهێنێ.

گەنجان کە بزوێنەر و سووتەمەنی بزووتنەوەکەن، خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسی نین. ڕۆژئاوا بە پێی بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی بە جیا تەعامول لەگەڵ هەر حاڵەتێکدا ئەکا. هەڵوێستی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا لەمەڕ لیبیا جیایە لە هەڵوێستی بەرامبەر عەرەبستانی سعوودی و بەحرەین و ئوردن و یەمەن تەنانەت میسریش. لە ڕۆژگاری ڕابوردوودا بینیمان بێ بەرنامەیی چۆن بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکەی گەنجانی میسری خەفە کرد و بە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی سەربازی کۆتایی بە بزوتنەوەکەیان هێنا. ئەوەی لە لیبیاش دەگوزەرێ. جیاوازی هەر ئەوەیە ناتۆ بەشداری لەم حەسم کردنی وەزعەکەدا ئەکا و بیانوویشی ئەوەیە پارێزگاری لە خەڵکی سڤیل ئەکا...

بەش بەحاڵی خۆم پێم وانییە گەلانی ناوچەکە، بە گشتی پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بکەن و بە تاکە چارەسەری بزانن. ڕاستە حزبە ئیسلامییەکان جەماوەرێکی بەرچاویان لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە، بەڵام زۆرینەی میللەت نین. بە نموونە : گریمان ئیخوان لە میسردا ١٠ ملیۆن کەس جەماوەری هەیە بەڵام دانیشتوانی میسر خۆ لە ٨٠ ملیۆن کەس ئەدا و هەشت ملیۆن زیاتری (قبطي) ین. ئەمە بێجگە لە هێزە سیاسیەکانی تر و ئەو هێزە مەزنەی گەنجان کە بزوێنەری بزووتنەوەکە و سووتەمەنییەکەی بوون ئاواتیان بنیاتنانی دەسەڵاتێکی عەلمانییە نەك ئاینی. لەو باوەڕەشدا نیم دامەزراوەی سەربازی ڕێگا بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بدا. هەرچی ڕۆژئاوایە، باش ئەو ڕاستییە ئەزانن وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن ئیخوانەوە، یانی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی (کامپ دیڤید) و گەڕانەوەی بۆ دۆخی پێش مۆرکردنی پەیمانی ناوبراو. پێ ئەچێ ئوردنیش لە ناو هەمان هاوکێشەدا بێ. هەرچی داهاتووی یەمەن و لیبیا و تونسە، چاودێران

**پێم وانییە گەلانی ناوچەکە، بە گشتی پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بکەن و بە تاکە چارەسەری بزانن . ڕاستە حزبە ئیسلامییەکان جەماوەرێکی بەرچاویان لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە. بەڵام زۆرینەی میللەت نین**

بیرو ڕایەکی یەکگرتوویان لە مەڕ پاشەڕۆژی سیاسی ئەم وڵاتانە نییە ڕاستە لە هەموو حاڵێکدا سەرانی پێشووی ئەو وڵاتانە کۆتایی بە تەمەنی سیاسیان دێ، بەڵام ئەلتەرناتیڤی سیاسی چی ئەبێ، ئەوە پەیوەندی بە نەخشەی سیاسی هێزەکانی ئەپۆزیسیونەوە هەیە تا چەند ئامادەگیان تێدایە بۆ ئاڵو گۆڕێکی ڕیشەیی.

# یا کوردستان یان نەمان

پێشکۆ

دەیان ساڵ لەمەوبەرئەم دروشمە دێرینە لەسەر زاری زۆرینەی زۆری کوردستانیان بوو کە لەو ساتانەدا ئامادەبوون خوێنە گەشەکەیان لە پێناویدا بەخت بکەن و گەلێک لەو باجە درا لە چیا سەربڵندەکانی کوردستان و زیندانەکانی حکومەتە دوا بەدواکانی عێراق. هەڵەبجە و ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکان و گەلێک کارەساتی کە بەڵگەی ڕوون و لەبیر نەچووەون بۆ ئەم مێژووە تاڵە.



پ. جەمال ڕەسوڵ

ڕۆژ بە دوای ڕۆژ و ساڵ بە دوای ساڵدا هاتن و سەددام بە تەڵەی شەڕی ئێران و داگیرکردنی کوێتەوە بوو زەمینە بۆ کریارانی وزە دروست بوو و وای لێ هات ویژدانی جیهانی جوولا بەرانبەر بەو تاوانانەی کە بە بەردەوامی بەرانبەی گەلی کورد دەکران و دەمکوتی وەستا و هێندەی پێنەچوو سەددام و جەللادەکانی کونە مشکیان لێ بوو بە قەیسەری.

ئەم ڕووداوانە بارودۆخێکی زێڕینیان هێنایە کایەوە کە لێوەی کوردستانیان بتوانن دەستیان هەبێت لە کێشانی نەخشەی ئەمڕۆ و داوڕۆژیان و دەست بنێنە بنیاد نانەوەی عێراقێک لەسەر بنەمای هاوبەشی ڕاستەقینەو ژیانی تەبایی و عێراقێک کە هەرگیز هاونیشتیمانیان تێیدا بەرەو ڕووی ئەو کارەساتانە نەبنەوە کە بەرەو ڕووی بوونەوە لە مێژووی عێراقی کۆندا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ئامانجە هێشتا زۆری ماوە بەدەست بێت، ئەو میرات و برین و ئاسەوارانەی کە لەئەنجامی سیستەمی کۆندا بۆ ئەم کۆمەڵگایە بەجێ ماون وێنەیان کەمە و چارەسەریشیان نابێت بە سەرزارەکی وەربگیرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەسەڵاتەوە بۆ خزمەتگوزار

لەم ساڵانەی ڕابوردودا و لە سایەی کابینەکانی پێنج و شەشەوە گەلێک هەنگاوی گەورە نراون بۆ سارێژ کردنی برینەکانی کوردستان کە زۆریان بە بەرچاوەوەن و زۆری گرنگتریان هێندە بە بەرچاوەوە نین

لێرەدا دەبێت تەرازووی جیا جیا بەکار بهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی دەسکەوتەکان لە بوارەکانی خزمەتگوزاری (١) و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی هەرێم ئەگەر بەشەکانی دیکەی عێراق بێت یان وڵاتەکانی دەوروبەر و ئەودیویانەوە (٢) و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان (٣) کە پێویستە کار لەسەر لابردنی ئاسەوارە دەروونیەکان بکەن.

هەرچەندە لەوانەیە وادیار بێت کە ئەم بوارانە پەیوەندیان بە یەکەوە نەبێت، ئەگەر بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو کار لەسەر گشت لایەنەکان نەکرێت، مەترسی لێکپچرانی توێژەکانی کۆمەڵ و حکومەت گەلێک زیاد دەبێت و تەنانەت دەستکەوتەکانی چەند بوارێکی وەک خزمەتگوزاریەکان کاریگەریەکی وایان نابێت لە ناو کۆمەڵگادا ئەگەر کۆمەڵگا خۆی بە خاوەنیان نەزانێت.

دەربارەی خاڵی دووەم کە پێگەی هەرێم دەچەسپێنێت لەگەڵ دەرەوەی هەرێمدا، دەبێت دەستخۆشکەری لە حکومەتەکانی هەرێم بکرێت بۆ هەموو ئەو کارە باشانە کە بە ئەنجام دراون و هەروەک دەبینرێت، گەلێک لە وڵاتان کە دوێنێ ئامادە نەبوون گوێیان لە وشەی کوردستان بێت، ئەمڕۆ نوێنەرایەتی و کۆنسوڵخانەیان لە پایەتختی هەرێمدا کردۆتەوەو کار لەسەر پێشکەوتن و بەستنەوەی داوڕۆژی هەرێم دەکەن بە وڵاتەکەیانەوە. ئەم هەڵوێستە بەدەستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ناوەندی عێراقەوە کوشندەترین بووە بۆ گیان و خاکی کوردستان کە ووڵاتە سەرمایەدارەکانی کوێر کردبوو بەرانبەر گشت ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە دەربارەی کوردستانیان و خاکەکەیان جێبەجێ دەکران. لێرەدا ئەگەر هەڵوێستێک بکەین بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، زۆر پێویستە کە بە هەمان شێوە دەستی ڕاستمان بۆ هاونیشتمانیان و کۆمەڵگا درێژ بکەین بە هیوای پێکەوەژیانی ڕاستەقینە و دەرگای دەرفەت بۆ گشت کوردستانیان بکرێتەوە کە تواناکانیان بخەنە گەڕ بۆ بەهێزکردنی پێگەی کوردستان بە بێ جیاوازی و بەبێ پشتبەستن بە خێڵ و تایەفەو شار و ناوچەگەری.

ئەم ڕەوتەش پێویستی بە هەڵسوکەوتی وریایانە هەیە لە لایەن گشت بڕیاردەران و جێبەجێکەرانی بڕیارەکان، خزمەتگوزاری بن یان نا، بە بێ جیاوازی و سالاری تەنها دەبێت بۆ یاسا بێت بە شێوەیەک کە ستراتیژی خاک و نیشتیمان بپارێزێت. دەبێت دروشمی کوردستان یان نەمان هەمیشە بە زیندویی لەبیرو بۆچوونی کوردوستانیاندا بێت و ڕێگا نەدرێت هەڵبگێڕدرێتەوە بۆ « کوردستان بۆ من نەبێت با نەبێت».

لێرەدا دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە کوردستانیان بەگشت چین و توێژێکیەوە زیاد لە چل ساڵی

ڕابووردوودا بە بارودۆخێکدا ڕۆشتوین کە کارێکی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەمان کردوەو ئەو شارەزایی و زانیاریەی کەسانی تەمەن چل ساڵان و بەرەو ژوور هەیانە، یەک ناگرێتـــەوە لەگەڵ نەوەی تازە کە تەمەنیان لە چل ساڵ بەرەو خوارترە.

هەروەک لەم وێنەیەدا دیـــارە کە دەرئەنجامی ڕووپێوێکـــە بە هـــاوکاری ڕێخـــراوی خۆراکی جیهانی لە سەرانسەری عێراقدا ئەنجام دراوە و تێیدا دانیشتوانی گشت پارێزگاکانی عێراق خەملێنرا، کۆی دانیشتووانی سێ پارێزگاکەی هەرێم وەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەرکەوت.

لەم زانیاریانەوە، ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم کە تەمەنیان لە چل ساڵ زیاترە، تەنها١٨,٣٪ دەرچوو و ئەوانـــەی کە تەمەنیان لە چل ســـاڵ کەمترە، ڕێژەکەیان ٨١,٧٪ دەرچوو.

ئەم زانیارییە هەرچەندە خەملێنراوە، گرنگیەکی بە ڕادەبەدەری هەیە بۆ ئەمڕۆ و داهاتووی هەرێم بـــە تایبەتی لـــەم بارودۆخەدا کە سەرانســـەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەروی ئەفریقا و تورکیا گەنجان حکومەتەکانیان هەژاندوەو داوا دەکەن کە ڕاو بۆچوونیـــان بە هەند وەربگیرێت و بەشـــدار بن لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیانـــدا. یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی ئەم ئەزموونەش دەرئەنجامی پەراوێز کردن و دووری گەنجانە لە ئاســـتی بڕیاردەرانەوە کە ساڵ بە دوای ساڵدا ئەم دووریە زیادی کردووەو گەیشتوتە پچڕان لە کاتێکدا کە گەنجانی ئەمڕۆ زۆر ئاســـانتر و خێراتر زانیاریان بەدەســـت دێت لە هەر بوارێکـــدا کە بیانەوێت لە ڕێـــگا تازەکانی ئامرازی ئینتەرنێت وەک گووگڵ وفەیسبووک و تویتەر و هەروەها مۆبایل وسەتەلایت کە دیسانەوە تەمەندارەکان دۆستایەتیان لەگەڵ ئەم ئامرازانەدا بەگشتی کەمترە و لە ئەنجامی نەبوونی زانیاریە ڕاست و دروستەکان، بە ئاسانتر بڕوا بەو زانیاریانە دەکرێت بێ هەڵسەنگاندنی پلەی باوەڕپێکردن.

دەرئەنجام و نموونەی ئەم بەرەو لێکپچڕان ڕۆیشتنە وێنەیان زۆرە لە وڵات و کۆمەڵگاکانی جیهاندا و گەلێک تویژینەوەی لەســـەر ئانجام دراوە لە ژێر پێناسەی کەتاستڕۆف (Catastrophe) کە لێوەی بە زانســـتیانە ڕووداوەکانی وەک ڕاپەڕین و شـــۆڕش بەرپا بوون و مانگرتنی گرتووخانەکان لێکۆڵینەوە یان لەســـەر ئەنجـــام دراوە بە هیوای کۆنترۆڵ کردنیان.

ئەو زەمینەیەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ هەڵگیرســـاندنی ئاگرێکی لەم بابەتە لەوانەیە گەورەتـــر و ترســـناک تر بێت ئەگـــەر بڵێین ئەو ڕێـــژە زۆرەی گەنجانمـــان زۆر زیادترن و دوورترن و زانیـــاری زۆرتریان لەبەردەســـتدایە و دابڕانیش بەدی دەکرێت لەگەڵ بڕیاردەران و بەئەنجام دەران.

ئەمەش بێگومان زیاتـــر ئەزموونی هەرێمەکەمان دەخاتە مەترسییەوە بەوەی کە ئێمە نە نەخشەیەکی دیاریکراومان و نە دوارۆژمان لە ســـەر نەخشەی ڕامیاری عێراق و لە ئاستی جیهان چەسپێنراون.

بەرەو کوێ؟

ئەو گۆڕانە بنەڕەتیـــەی لە بیرکردنەوەی وڵاتە زلهێزەکاندا ڕوویدا پاش ڕووداوی ١١/٩ ی دەساڵ لەمەوبەر تالیبان و سەددامی بەرخۆدا و لەم بەینەدا گەلێک جاران لە پێناوی پشتگیری و چەسپاندنی دیموکراسی لەجێی ستراتیژە کۆنەکەی کە بەرپایان دەکرد بـــۆ لەناوبردنی توندوتیژی بە پشـــتگیری دیکتاتـــۆرەکان، پێداچوونـــەوە و دووبارە نەخشـــە کێشـــانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان بەگوێدا دراوە. هەرچەندە ئەم ستراتیژە حکومەتەکانی دەوروبەری عێراقـــی گەلێک تووڕەکردو بووە یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی دواکەوتنی ســـەقامگیری تێیدا و توندوتیژیەکانـــی هەزارەهـــا ئەمەریکی وعێراقی گیانیان لە دەســـت دا، هیچ لـــەو ئەجێندایە کەم نەکراوەتەوە و کار لە سەر بەئەنجامدانی بەردەوامە. ڕووداوەکانی ســـۆدان و میســـر و قەتەر و یەمەن بەشـــێکن لـــەو سیاســـەتەو ڕووداوەکانـــی لیبیا پێداچوونەوەی هەمان ڕەچەتەیە کە بۆعێراق هێشتا لـــە بە ئەنجامداندایە و دوور نییە ســـوریا و چەند وڵاتێکی دیکەش لەسەر هەمان لیستە نەبن.

ئەمانە بەگشتی نامەیەکی گرنگیان تێدایە بۆ کوردســـتانیان و تاڵی یان شیرینیەکەی لە دەستی خۆماندایە.

- بـــا بە گشـــتی کار لە ســـەر بەهێز کردن و چەســـپاندنی حکومەتـــە پیرۆزەکـــەی هەرێمی کوردستان بکەین و چیتر سوکایەتی پێ نەکەین بە سەپاندنی ناوە ناتۆرەی «دەسەڵات» پێیدا؛
- با بگەڕێینەوە بۆ هـــاوکاری و قبووڵکردنی یەکتـــری و ژیانـــی هـــەرەوەزی و پێکەوەژیان: ئەوبنەمایانـــەی کـــە ســـەدان ســـاڵ لەمەوبەر کۆمەڵگای کوردستانی دروست کردووە؛
- با ڕێگا نەدەین بەرژەوەندی تاک وحیزب و شار و تیرە و هۆز پێشبڕکێ بکەن لە گەڵ بەرژەوەندیە گشتیەکان و سەروەری خاک و نیشتیمان؛
- با سەروەری کۆمەڵگا بچەسپێنین و حکومەت خزمەتگوزار و تاجی سەری کوردستانیان بێت؛
- با پێکەوە بە دڵ کار لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکان بکەین بۆ گەڕانەوەیان بۆ باوەشی دایکی خۆیان؛
- با هەر تاک و لایەنێکمان بەشـــێک بین لە چارەسەر؛
- با مێژوو بکەین بە دۆستی خۆمان؛
- با پێکەوە نەخشەی دوارۆژمان بکێشین؛
- بـــا «بۆ من نەبێت با نەبێت» لە فەرهەنگی کوردستانیاندا بسڕینەوە.

# ساتێک بێدەنگی.. تا یەکتر بناسینەوە، تا لە یەکتر تێبگەین!

## (( گەمەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، بارێکی تەندروستە، جێی مەترسیی نییە ))



نەریمان تاڵیب

١. ئەگەر لەیەکەم لەحزەی دەرکەوتنی ئەوگەمەیەوە، ترسێك لەبەرانبەر(لەلای هەردوولاوە) هەبووبێت، پێموایە پاش ئەزموونی یەك ساڵەی ئەو گەمەیە ئێستا بۆ هەردوولا دەرکەوت جێی مەترسیی نییە. لە سۆنگەی پێداویستی ئەم قۆناغە هەستیارەدا، چەند پرسیارێك برسی وەڵامە، چەند کەلێنێك دروست بووە و بە کێشی فیزیکی پڕکردنەوە بارگاوییە، کێماسیەکان سەرئاو بوون، ڕووی ئاوەکە پێویستە پاك بکرێتەوە. کۆمەڵگەش لە شێوەی جەستە، ئێشەکانی ئاگادارکردنەوەیە بۆئەو جەستەیە، بۆ ئەوەی هۆرمۆنەکانی ساڕێژ و بەرگری بڕژێنە شوێن زامەکان و خۆکردە بەپرۆسەی فسیۆلۆژی بەرگەگرتن و ساڕێژکردن هەڵسن.

٢. ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستان بەڕێوەیە، لەمانا گشتیەکەیدا، زۆر سروشتی و ئەرێنیە. بەمەرجێك دەست بە وتووێژکردنەوە بگرین، پێشهاتەکان بەلاڕێدا نەبرێن و یەکڕیزی نەتەوەییمان لەسەرووی بۆچوونی جیاواز بێت. ئەوەی ڕوودەدات ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی زیندوومان هەیە، لە ١٩٩١ەوە،ڕاپەڕی و قۆناغێکی یەکلاکەرەوەی بڕی، هەرچەند بەمانای بوونی کیانی سەربەخۆ بە تەواوی ڕزگاری نەبووە، بەڵام ئازادە، قۆناغی ئەمڕۆ پێویستی بەوەیە (ئەگەر گریمانەش بێت، ئیتر) بڕوا بەوە بهێنین، کە هەموومان دڵسۆزین و، نیازمان پاکە، با لەو دەروازیەوە بەئارامی وتوێژبکەین، چونکە لەیەك نەتەوە و یەك کۆمەڵگا و یەك زمان و یەك نیشتمانین و یەك مێژوومان هەیە بە هەموو زام و سەکەوتنەکانەوە، یەك چارەنووس و ڕابردوومان هەبوو، یەك ئایندەشمان دەبێت، کەواتە با دووبارە ئیرادەی بوونمان یەکخەینەوە، مەینەتیەکانی زوحاکەکان یەکیان خستین، زامەکانی ئەنفال و هەڵەبجە بۆچوونی جیاوازی هەڵنەگرت مەینەتیەکان زمانی واقعن وەرگێڕان و تەئویل هەڵناگرن، ئێرنست رینان لەبارەی مەرجی بەنەتەوەبوون لە یەك ئیرادی بەنەتەوە بوونەوە مەرجداری کردووە، کەواتە با ئیرادەی بەنەتەوەبوونمان وەك بەرەی کوردستانی و سەردەمی ڕاپەرین دوبارە و باشتر و پتەوتر یەکخەینەوە، باهەموومان بزانین کە دەتوانین وتووێژ بکەین.

٣. بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان بەڕێوەیە، لە مانا گشتیەکەیدا، زۆر سروشتی و ئەرێنیە؟! چونکە هەرساتێکی مێژوویی نەتەوەیەکی دیاریکراو لە سەیروورەی زەمەندا ساتێکی گواستنەوەیە، بەڵام کەی ئەو ساتەوەختە پێی دەوترێ قۆناغی گواستنەوە؟ دیارە زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی سیاسی و بەتایبەتی قوتابخانەی پۆست مۆدێرنیزم لەو دەروازەوە پێوەندی یا کارلێکردنی کۆمەڵگا و دەسەڵات لەوەوە دەیبینن کە (دەسەڵات ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە، نەك بە پێچەوانەوە). واتا کۆمەڵگە وەك ڕاستییەکی پێویستیەکان و شێوازی پێوەندی و شێوازی بیرکردنەوە و ڕوانینی لە سۆنگەی پێشکەوتنە ئابوری و هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕێت، لەوێوە کۆمەڵگە بەنیگایەکی تر دەڕوانێتە شێوازی دەسەڵات و هەمواری دەکاتەوە. بەلام دەسەڵات لەبەر ئەوەی گۆڕاوی وابەستەیە یا کارتێکراوە درەنگ تر وەڵامدەرەوەی گۆڕانەکانی کۆمەڵگە دەبێت، ئەوەش لە ڕاستێنەی ئەو واقعەیە کە پێشتر کۆمەڵگە نەخشی خۆی بەسەر دەسەڵاتەوە داڕشتووە.

٤. بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم شیکردنەوەیە لەگەڵ دیالێکتی هیگڵی تێکدەکاتەوە، کە لە تێز و ئەنتی تێز و سانتێز پوخت دەبێتەوە. تێز بەواتای «بیرکردنەوەی باو»، و ئەنتی تێز «بیرکردنەوەی دژە باو» سانتێز بە واتای «بیرکردنەوەی ناوەڕاست» دێت، کە لە کارلێکی یا سازشی تێز و ئەنتی تێزدا سانتێز دێتەئاراوە، بەڵام ئەم سانتێزەش هەر کە سەقامگیر دەبێت بە پێناسەی سانتێز نامێنێت بەڵکو دەبێتەوە تێز، ئینجا دیسانەوە لەخەوشی بیرکردنەوەی باودا «بیرکردنەوەی دژەباو» دێتەوە ئاراو، دوبارە لەکارلێکی هەردووکیان لەنێو ڕاستێنەی کۆمەڵگادا بیرکردنەوەیەکی ناوەڕاست دێتەوە ئارا و لەهەر خولگەیەکدا کۆمەڵێ خەوش درکی پێدەکرێت و چاك دەکرێت، لێرەوەیە هیگل پێمان دەڵێت مێژوو ڕەوتێکی ئەقڵانی هەیە کە بەحەتمیەت بەرەو پێشەوەیە،کشانەوەی بۆ نییە کۆمەڵگەکانی ئەوروپی باش لەو چەمکەی هیگڵ گەیشتون بۆیەش دژ بە چەمکی گۆڕانی ڕیشەیین، چونکە گۆڕانە ریشەییەکان چ لەمیانە کودەتا یا شۆڕشەکانەوە، دەرفەت نادات سانتێزەکان دروست ببن و خولگەی پێشکەوتن کۆسپی تێدەکەوێت، زۆربەی جاریش دەکشێتەوە.

٥. لەسەرەوە وتمان ئەوەی ئەمڕۆ لەکوردستان بەڕێوەیە، لەمانا گشتیەکەیدا، زۆر سروشتی و ئەرێنیە. بەمەرجێك دەست بە وتوێژکردنەوە بگرین، پێشهاتەکان بەلاڕێدا نەبرێ و یەکڕیزی نەتەوەییمان لە سەرووی بۆچوونی جیاواز بێت. بەڵام ئەو ئەگەرە

مەترسیدارەو و پێویستە بەبایەخەوە لێی بڕوانین، وابکەین وەچەرخانەکان بەهەنگاو و تەندروست بن،سانتێزەکان بێنە ئارا. بەڵام مەترسیەکە لەوەدایە، ڕاستە کە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن ئەمڕۆ سیماکانیان دەرکەوتوون، بەڵام لەیەك دەترسن! باش یەکتریان نەناسیوە، ئەوکاتەی باش گوێیان لەیەکتر گرت، ئەوکات دەتوانن باشتر یەکتر بناسن، باشتر لەیەکتر تێبگەن. بەواتایەکی تر، وادێتە بەرچاو پارتەکانی پێکهێنەری دەسەڵاتی کوردستان و پارتەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆن باش یەکتری بناسن، هەریەکەیان باش لە هێزو توانستی ئەوانیتر شارەزان، بەڵام بۆ دڵێم ئەمڕۆ یەکتری ناناسن، چونکە بەفەرهەنگی کۆن یەکتری دەناسن و لەو سۆنگەوەش لە یەکتر دەترسن! با دان بەوەدا بنێین کە دەسەڵاتیش ترسی لە ئۆپۆزیسیۆن هەیەو، ئۆپۆزیسیۆنیش لە دەسەڵات دەترسێت، جا هەریەکەیان بیانوو هۆکاری خۆیان هەیە، سەرچاوەی ئەم ترسە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم دوو هێزە (دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن) یەکەم جاریانە لە گۆڕەپانێکی زۆرانبازی سیاسی مەدەنی و جیاوازدا ڕووبەڕووی یەکتر بونەتەوە، بەڵێ پێشتر یەکتریان تاقیکردۆتەوە، بەڵام لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بووە، لە ناو بەرەکانی شەڕی ناوخۆ بووە، بەڵام بۆیە ئەمڕۆ یەکتر ناناسن و بۆیە لەیەکتر نامۆن، چونکە بنەماکانی ئەم زۆرانبازییە تازەیە، لەبنەماکانی شەڕ و بەکارهێنانی هێز جیاوازە و فەرهەنگێکی ترە کە ئەم قوناغە پێویستی کردووە.

٦. ڕەنگبێ هیچ کاممان لە ڕێساکانی یارییەکە شارەزایی تەواومان نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پاش تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر ئەو ڕووداوانەی سلێمانی، کە ڕاستەوخۆ دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن کەوتنە بەرانبەری یەکتری، لە شەقام و لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان و لە شاشەی کەناڵە ئاسمانییەکان و لە ڕووپەری ماڵپەڕو لە لاپەرەی ڕۆژنامەکانەوە، بەریەك کەوتن، ئەوەی نەیهێشت لە یەکتر تێبگەین و باشتر یەکتری بناسین، ئەزموونی تاڵی ڕابردووی ڕووبەڕوو بوونەوەکانی پێشوومانە، هەربۆیە لەسەرەتای ئەو بەریەك کەوتنەدا، با نەیشارینەوە، ڕەنگبێ هەمووان ئەو فکرەیەی کە لەیەکەم ساتدا بەخەیاڵماندا هات بێت، دووبارە بوونەوەی شەڕی ناوخۆ بووە، ئەم ترسەیە کە لە ڕاستیدا (ترسێکی ئەرێنی و نەرێنییشە)، ئەرێنییە چونکە هەموومان ئامادەی دوبارە بوونەوەی شەڕی ناوخۆیی نین، نەرێنیشە چونکە وای لە هەردوو بەرە کردووە، لەیەك نامۆبن. هەربۆیە ئەمڕۆ دەبینین لە هەردوو بەرەوە، بە دەنگێکی زۆر بەرزو بە مانشێتی زۆر قەڵەو بە وشەی زۆر گەورە، قسە دەکەین، بەڵام کەس لە کەس تێ ناگات، هەردوو لا ترسیی ئەوەی هەیە کە بەرەکەی تر ئەو بسڕێتەوە، ئەو دەنگ بەرزکردنەوەیەش، بۆقسەکردن نییە، تەنیا بۆ دوویات کردنەوەی بوونە. بۆ نموونە زۆر جار کە مرۆڤ لە تەنیایدا دەترسێت، دێت بە دەنگی بەرز گۆرانی دەڵێت، لە گۆرانییەکەدا، خودی کەسەکە، خۆشی نازانێ چی دەڵێت! بە هیچ ئامانجێك نییە، تەنیا بۆ خۆسەلماندن و ڕەواندنەوەیەکی دەروونیە بۆ ترس. هەربۆیە کاتێك مرۆڤ بە تەنیایە کە ڕێگایەك یان کەسێکی تر دەدۆزێتەوە، ئیتر لە گۆرانی وتنەکە دەوەستێت.

٧. ئێمە ئەوان یەکتر دەناسین بەڵام لە شوێنێکی ترو لە ڕەوشێکی ترو لە هەلومەرجێکی ترو بە جلوبەرگێکی ترو بە عەقڵێتییەکی ترەوە، کە فەرهەنگی قۆناغی پێشوو بوو. بەڵام ئەگەر ئێستا بمانەوێت یەکتری بناسینەوە، دەبێت، بە جلوبەرگێکی ترو بە عەقڵێکی ترەوە بێینەوە بەردەم یەکتری و یەکتری بناسینەوە، بۆ ئەم یەکتری ناسینە دەسەڵاتی کوردستان لە زاری بەڕێز مسعود بارزانییەوە، زۆر پێشنیارو دەسپێشخەری نوێی خستۆتە مەیدانەکەوە، کە هەمووی نیشانن بۆ ئامادەبوون بۆ قۆناغێکی نوێ و فەرهەنگێکی تر، بۆ یەکترناسینێکی نوێ. ئایا ئەو دەسپێشخەری و پەیامانەی بەڕێزیان، ئامادەبوونی دەسەڵات نییە بەوەی کە ئامادەیی هەیە بەشێوەیەکی تر ئۆپۆزیسۆن بناسێتەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

٨. هەربۆیە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی نەورۆزدا، ئەو ساتە بێدەنگییەی ڕەوینەوەی ترسی دروست کردووە، یا بە تیۆرەکەی هیگڵ بێت ئامادەی و زەمینەی سانتێزەکەی هێناوەتە ئارا، لانیکەم لەبەرەی دەسەڵاتەوە، ئێستا نۆرەی ئۆپۆزیسیۆنە بیسەلمێنێت کە بە ڕاست دەیەوێت مێژوویەکی نوێ دروست بکات، چونکە ئەو مێژووە یا ئەو قۆناغە نوێیەی ئۆپۆزیسیۆن باسیدەکات، بەتەنیا دروست ناکرێت، ئەگینا گۆرانیەکەی ئەوان بەردەوام دەبێت و هەر بە ئەنتی تێز دەمێنێتەوە، ئەوە دەسەڵات هەنگاوی ڕوونی هاویشتووە بۆ چاکسازی، ئەرێ ئێوە چاکسازیتان دەوێت؟ چونکە دەسەڵاتیش لەڕەوشێکی ئاوا و لە بوونی ئەو شێوازەی ئێوە ناتوانێ بەتەنیا چاکسازی بکات، ئەوکات ئێوەن بەرپرس لەبەردەم مێژوو و ئێوەن ڕێگرن لەبەردەم بیرکردنەوەی ناوەند یا سانتێزەکەی هیگڵ و ئێوەن دەبنە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتن، ڕۆشنبیرانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش لەو هەڵەو لەکە مێژووییە بەشدار دەبن. دەزانن بۆ؟ چونکە تەنیا ئەو کاتە ئەنتی تێز (بیرکردنەوەی دژە باو) شەرعیەتی گۆڕانی ڕیشەیی و کودەتا و شۆڕشی دەبێت کە تێز (بیرکردنەوەی باو) ئامادەی سازش نەبێت بۆ دروستبوونی سانتێز (بیرکردنەوەی ناوەند)! .



# حکومەتی عێراق لەنێوان هەنگاوەکانی

حکومەتی عێراق یان کابینەی دووەمی د.نوری مالیکی لەگەڵ ئەوەی وا بۆ ماوەی پێنج مانگ دەچێت متمانەی پێدراوە، بەڵام هێشتا کۆمەڵێك پۆستی وەزارەت بەبەتاڵی ماونەتەوە و پڕنەکراونەتەوە، هۆکاری ئەم دواکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ کێشمەکێشی سەرەکی لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکان و دەستنیشانکردنی کاندیدی پۆستە ئەمنییەکان، ئەمەشە وێڕای ئەوەی ئێستا تارادەیەك یەکلایی بۆتەوە و ناوەکانیان نێردراوە بۆ پەرلەمانی عێراق و وابڕیارە ئەم هەفتەیە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەنگیان لەسەر بدرێت، هەروەها مەسەلەیەکی دیکە کە ئێستا بۆتە کێشەیەکی دیکە، مەسەلەی کشانەوەی لیستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی یە لە نێو هاوبەندی نیشتمانی عێراق لە حکومەت و ئەمەش وادەکات کە حکومەتی بەشداری نیشتمانی بگۆڕێت بۆ حکومەتی زۆرینە، سەبارەت مەسەلەی یەکلایکردنەوەی پۆستی وەزارەتە ئەمنییەکان و تەکامولی حکومەتی عێراق پرسیارمان لە پەرلەمانتار عەلی شەلا کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بەڕای من حکومەت بەرەو «ئیکتیمال» دەڕوات و «سی ڤی»ی وەزیرەکانی وەزارەتە ئەمنییەکان و وەزارەتی پلاندانان لە ئەنجومەنی نوێنەران دابەشکراوە بەو هیوایەی کە لە هەفتەی داهاتوودا دەنگدانیان لەسەر بدرێت. خودی بەڕێز «مالیکی» جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە بەزووترین کات ئەنجام بدرێت، لەبەرئەوەی خودی خۆی حەزدەکات هەنگاوبنێت بەرەو ئەکتیڤکردنی کاروبارەکانی کابینەکەی لەڕووی مەیدانییەوە، لەخودی بەڕێز «مالیکی» و چەندین هاوکاری دیکەمان بیست کە بەڕێز «مالیکی» خوازیارە ئەم مەسەلەیە بەزووترین کات کۆتایی پێهێندرێت .

هەربۆیە پێموایە بۆشایی سیاسی



# بۆچاكسازی و چارەسەری كێشە سیاسییەكان

بوونی نییە بەڵكو پێموایە كە راكێشانێكی سیاسی بەشـێوەیەكی لەڕادەبەدەر بوونی هەیە.هەندێك لەقەوارە سیاسییەكان بەپێی قیبلەنمایەكی جێگیر بارودۆخەكان دەخوێننەوە، قیبلەنماكەشیان بریتیە لە قەوارە سیاسییەكەیان نەك پرۆسەی سیاسی یان ئەو شتانەی كە لەسەری رێككەوتوون، بۆ نموونە ئەوان هەڵدەستن بەخوێندنەوەی هەموو بارودۆخەكان لە گۆشەی ناكۆكییەكانیان لەگەڵ «مالیكی» یان لە گۆشەی رێككەوتنیان لەگەڵی. هەربۆیە، بەڕای من پێویستە ئەم مەسەلەیە هێوركەینەوە و ئاوڕدانەوەیەك هەبێت بۆ لایەنەكانی پیشەیی و تەكنۆكراتی لە بەڕێوەبردنی حكومەت.))

سەبارەت بەمەسەلەی ئەو چاكسازیانەشی كە حكومەتی عێراق بەڵێنیداوە لەماوەی ١٠٠ رۆژدا جێبەجێیان بكات، عەلی شەللا وتی: (لەڕووی خزمەتگوزارییەوە هیچ بەربەستێك نابینم، پێویستە گۆڕانكارییەكی بەرچاو ئەنجام بدرێت لەڕووی خزمەتگوزارییەكان، ئەمڕۆ هەست بە جموجولێكی حكومیی باش دەكەین بەتایبەتی لەبارەی یەكێك لەلایەنە هەرە ئاڵۆزەكان كە كێشەی تەزووی كارەبایە، هەروەها سەقامگیری رووی لە باشتركردووە و تەنیا لەچەند شوێنێك «خەرق» هەیە كە هاوكاریی تیرۆریستەكان دەكەن، بۆیە پێویستە دەوڵەت لەو شوێنانەدا بەلێهاتوویی و بەهێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بكات بۆئەوەی تیرۆریستی خۆكوژ هیچ پەناگەیەك لەسەر خاكی عێراقی نەدۆزێتەوە و كەس لەباوەشیان نەگرێت))

ئەم لایەنە گەشبینییەی عەلی شەلا ئاماژەی پێكرد مەرج نییە لای هەموو لایەنەكان بەوجۆرە بێت، هەر بۆیە پەرلەمانتار محەمەد سەلمان بەجۆرێكی دیكە بارەكەی خستەڕوو و لە لێدوانێكی تایبەتدا بەگوڵانی راگەیاند: (ئێمە

پێشــوەختەوماوەیەکی زۆر بەر لەئێستا وتمــان دواکەوتــن لەدەستنیشــانکردنی وەزیرە ئەمنییەکان و هێشــتنەوەی وەزارەتە ئەمنییــەکان بەوەکالــەت بەڕێوەببردرێن مەترسییەکی گەورەی بەدواوە دەبێت.

هەروەك بینیشمان کەوڵاتەکەمان کەوتە بەرهێرشی دوژمنانی عێراق و دوژمنانی دیموکراسییەت. لەڕاستیدا، ئەمە مایەی نیگەرانییە کەپاش ساڵێك لە هەڵبژاردنەکان و پاش ٩ مانگ لە پێکهێنانی حکومەت حکومەتێکــی کەموکورتــی لێدەرچێت و بەتایبەتی دواکەوتنی وەزارەتە ئەمنییەکان کە پێوەندییەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ بــارودۆخ و ژیانی هاووڵاتیــان. بەڵام، بەداخــەوە، بەهۆی نەبوونــی متمانەیی لەنێوان هاوبەشە سیاسییەکان و هەوڵدان بۆ دەستداگرتن بەســەر دەسەڵات و ململانێ لەسەر بنەمای تایفەگەری و حزبی رێگەی نــەدا بۆ چارەســەرکردنی ئەم کێشــەیە. ئەمڕۆ «ســی ڤی»ی کاندیدەکانی هەر یــەك لە وەزارەتەکانــی بەرگری و ناوخۆ پێشکەشــکرا، بەڵام زۆربــەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و قەوارە سیاسیەکان تەحەففوزیــان هەبــوو لەبــارەی ناوی کاندیدەکان بەهۆی ناشــیاویی کاندیدەکان بۆ وەزارەتە ئەمنییەکان. ئەمە مانای ئەوە



عەلی شەللا:

**بۆشایی سیاسی بوونی نییە بەڵکو پێموایە کە راکێشانێکی سیاسی بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر بوونی هەیە**

## بودجە برە پارەیەکی زۆری تەرخانکردووە و دەتوانێت مایەی رووماڵکردن بێت بۆ زۆر لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و دەستەبەرکردنی هەلەکانی کار و دابینکردنی تەزووی کارەبا کە ئەمڕۆ بووە بە مەسەلەیەکی بێزارکەر بۆ زۆربەی هەرەزۆرینەی هاووڵاتیان

نییە خۆمان لە بەرپرسیارەتییەکان بدزینەوە، بەڵام هــەروەك هەموومان دەزانین، ڕۆڵی ئەنجومەنــی نوێنــەران بریتیە لەڕۆڵێکی یاســادانان و چاودێری، لەلایەنێکی ترەوە هەموومان ئاگادارین لەبارودۆخە ئاڵۆزەکان کەبوونە هۆی دواکەوتنی دانیشتنی یەکەم و تەکلیفکردنی سەرۆکی حکومەت وتاد. هەموو لایەنێك کەمتەرخەمە بەبێ جیاوازی و هۆکارەکانیــش زۆرن، بــەڵام زۆربەی نوێنەران خاوەن ئارەزوویەکی راســتەقینەن بــۆ ئاکتیڤکردنــی ڕۆڵــی چاودێریی ئەنجوومەنی نوێنــەران، هەروەها ئەمڕۆ لێژنــەی لێکۆڵینەوە پێکهێنــراوە لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و پســوولەی خۆراك و گەندەڵیی دارایی. ئەمڕۆش پەرلەمان لە کارکردنە بەو شێوازە ئاساییەی کە پێویستە کاری لەسەر بکات، هەرچەندە هەوڵ هەیە لەلایەن هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان کە دەیانەوێ بەربەست بخەنە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆئــەوەی پەرلەمان رۆڵێکی ســەرەکی بگێڕێت لە گۆڕینی سیماکانی پرۆسەی سیاســی و چاودێریکردنــی حکومــەت بەشێوەیەکی جددی. لەئایندەیەکی نزیکدا چەندین لێژنەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێندرێت بۆ لێپێچینەوە و سزادانی کەمتەرخەمەکان، لەهەمان کاتیشــدا تەشــریعات هەیە بۆ چەندین یاســای گرنگ کە پێوەندییەکی راســتەوخۆی هەیــە لەگــەڵ ژیــان و گوزەرانیــی هاووڵاتیــان، ئەنجوومەنی نوێنەران-یش بە پشتیوانی خودا بەنیازە لە نزیکترین دەرفەتدا جێبەجێیان بکات.))

لەلایەکــی دیکــەوە و ســەبارەت بە بەڵێنی حکومەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی چاکســازی لەو ماوەیەی بۆ دیاریکراوە، محەمەد ســەلمان بە گوڵانی راگەیاند : (هــەروەك هەموومــان بەئاگایــن کە خۆپیشــاندانەکان بــوون بەفاکتەرێکی فشــارخەر لەسەر حکومەت و پەرلەمان و وایکرد مۆڵەتی ١٠٠ رۆژەکە بە حکومەت ببەخشێت. کەموکورتییەکی بەرچاو هەیە لە دیمەنــی خزمەتگــوزاری و دیمەنی ئاســایش و ئابــووری و چەندین لایەنی تر. ئەمــڕۆش داواکراوە لــە حکومەت و پەرلەمــان هەڵســتن بەپێداچوونەوەی خۆیان و لەو واقعەدا بژیەن کە هاووڵاتی پێــی تێدەپــەڕێ، بۆنموونــە لەبارەی خزمەتگوزارییەکان و لەبارەی دامەزراندن و ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان، پێویســتە پێداچوونەوەیەکی بارەکە بکرێت و پێموایە کە هێشــتا بوارماوە. لەکاتێکدا کە بودجە بــڕە پارەیەکــی زۆری تەرخانکردووە و دەتوانێت مایەی ڕووماڵکردن بێت بۆ زۆر لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و دەستەبەرکردنی هەلەکانــی کار و دابینکردنــی تەزووی کارەبا کە ئەمڕۆ بووە بە مەســەلەیەکی بێزارکــەر بــۆ زۆربــەی هەرەزۆرینەی هاووڵاتیان، بەتایبەتی کە ئێســتا بەرەو



محەمەد سەلمان:

**بودجە برە پارەیەکی زۆری تەرخانکردووە و دەتوانێت مایەی رووماڵکردن بێت بۆ زۆر لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان**

**لەچەند شوێنێك «خەرق» هەیە كە هاوكاریی تیرۆریستەكان دەكەن، بۆیە پێویستە دەوڵەت لەو شوێنانەدا بەلێهاتوویی و بەهێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بكات بۆئەوەی تیرۆریستی خۆكوژ هیچ پەناگەیەك لەسەر خاكی عێراقی نەدۆزێتەوە و كەس لەباوەشیان نەگرێت**

وەرزی هاویــن دەڕۆیــن، بــەڵام تا ئەم ساتەشدا لەم بارەیەوە هیچ كاردانەوەیەكی پۆزەتیڤانە نییە. بەڕای من مۆڵەتی ئەو ١٠٠ ڕۆژە بەس نییە و پێموایە «داریكی ســیحری» نییە بۆ دابینكردنی كارەبا و بونیاتنانی شوێنی نیشتەجێ و ڕێگەوبان یان دابینكردنی هەلی كار.بەڵام كۆمەڵێك هــۆكار هەیە لەپشــت شكســتهێنان لە وەدیهێنانی گۆڕانكارییەكان، لەبەر ئەوەی حكومەت هێشتا تەمەنی كورتە و جارێ زووە بۆئەوەی حوكمی لەسەر بكەین بەباش یــان بەخراپ. ئێمە پێشــتریش لەمیانی پێكهێنانــی حكومەتــدا چەندیــن جار ئاماژەماندا بەوەی كە پێویستە حكومەت لەگــەڵ واقعی ئەمڕۆمــان بگونجێت. بەڵام حكومەتێك كــە پێكهاتبێت لە ٤٢ وەزیر ئەوە شــتێكە و تێڕوانینێكی تێدایە، ئەمەش بەهۆی سیاســەتی ڕازیكردن و موحاصەصەی قێزەون كە بەشــێوەیەكی ناشایستە و ناشــیرین جێبەجێكرا. بەڵام لەهەمان كاتیشــدا، چەندین وەزیر هەنە كە لێهاتوویی و شــیاوییان سەلماندووە و وێڕای ســەختی دیمەنەكە بەڵام چەندین وەزارەت بەشــێوەیەكی بەرچــاو ئەدائی خۆیان جێبەجێكــردووە. ڕۆژانی داهاتوو دەریدەخــات كە ئایا كێ شــیاوە و كێ حەزی ڕاستەقینەی هەیە بۆ وەدیهێنانی گۆڕانــكاری و كێ خــاوەن ئیرادەیەكی پتەوە بۆ پێشكەشــكردنی باشترین كار و خزمەتگوزاری، هــەر وەزارەتێك و بەپێی پسپۆڕی و بواری كاركردنیدا.))

كەواتە ئەم دوو بۆچوونە كە بۆچوونی دوو پەرلەمانتــارە و ئاماژە بۆ بۆچوونی دوو قــەوارەی جیــاواز كە بەشــداران لە پرۆسەی حكومڕانی وڵاتدا نیشانەیە بۆ ئەوەی كە لە نێو پرۆســە سیاسیەكەشدا هەتا ئێســتا جــۆرە دڕدۆنگــی و بێ متمانەیی باڵی بەسەر پرۆسەكەدا كێشاوە، بەڵام لەم ناوەندەدا پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن ئەم مەســەلانە ڕێكدەخرێنەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشــدا پەرلەمانتار وەلید عەبود لە لێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ئاماژەی بۆ چۆنییەتی چارەسەركردنی ئەم باردۆخە كرد و وتی:(لەڕاستیدا، دیمەنی سیاسی ئەمڕۆ وادەخوازێت لە حكومەت و سەرۆكی قەوارە سیاسیەكان و ئەنجومەنی نوێنەران، بۆئەوەی پەلەبكەن لەیەكلاكردنی وەزارەتە ئەمنییــەكان. ئەگەریش بێت و ڕاكێشانە سیاســییەكان و موحاصەصەی حزبی بەردەوام بێت و نەگەنە چارەسەرێك، ئەوكات پێویستە لەسەریان «سی ڤی»ی كاندیدەكان بــۆ هەر یەك لە وەزارەتەكانی ناوخۆ و بەرگری بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بێنن بــۆ دیراســەتكردنی و ئەنجومەنی نوێنەرانیش هەڵدەســتێت بە پۆلێنكردنی ئەو كەسانەی كە شیاون بۆ پۆستەكان. بۆ نموونــە، ئەگەر بێت و وەزارەتی بەرگری بدرێت بە قەوارەی فــلان، یان وەزارەتی ناوخــۆ بدرێت بە قەوارەی فیســار، ئەوە



وەلید عەبود:


**ئەم بۆشاییە دەستوورییە و دواكەوتن لە دەستنیشانكردنی وەزیرەكان بۆ وەزارەتە ئەمنییەكان، بێگومان سێبەری داپۆشییە لەسەر ڕەوشی ئەمنیی شەقامی عێراقی**

**هەندێك لەقەوارە سیاسییەكان بەپێی قیبلەنمایەكی جێگیر بارودۆخەكان دەخوێننەوە، قیبلەنماكەشیان بریتییە لەقەوارە سیاسییەكەیان، نەك پرۆسەی سیاسی یان ئەو شتانەی كە لەسەری ڕێككەوتوون..**

ئەم قەوارە سیاســییانەش پــێ دادەگرن تەنیا لەســەر یەك كاندیــدی دیاریكراو، لەوانەشە ئەم كاندیدە لەلایەن قەوارەكانی ترەوە پەسەند نەكرێت، لەبەرئەوەی قەوارە سیاسییەكان خاوەن تێڕوانینن لەبارەی ئەو كاندیدە و پەســەندی ناكەن، لەبەرئەوەی پێویستە ئەو كاندیدە لەلایەن هەموو قەوارە سیاسییەكانەوە پەسەندبكرێت و هەموویان لەسەری ڕازی بن. ئەم مەسەلەیەیە كەبۆتە هۆكاری دواكەوتن لە دەستنیشــانكردنی كەسایەتییەكان بۆ پۆستەكان.))

هەربۆیــە پرســیارێكی دیكەمــان لە پەرلەمانتار عەبود كــرد، ئایا چۆن ئەم بۆشــاییانە پڕدەكرێنــەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشــدا بەمجــۆرە ڕای خــۆی بۆ گوڵان ختەڕوو: (هەڵبەتە ئەم بۆشاییە دەستوورییە و دواكەوتن لە دەستنیشانكردنی وەزیرەكان بۆ وەزارەتە ئەمنییەكان، بێگومان سێبەری داپۆشییە لەسەر ڕەوشی ئەمنیی شــەقامی عێراقی. بەڵام پێویستە لەسەر ئێمــە قســەی خۆمان بكەیــن و خاوەن بەرپرسیارەتی بین لەبەرئەوەی لەكۆتاییدا تەنیا هاووڵاتیی عێراقی باجەكان دەدات، نــەك حكومەت یان ســەرۆك قــەوارە سیاســیەكان یان پەرلەمان، بەڵكو تەنیا هاووڵاتیــی عێراقیە كە لەكۆتاییدا باجی هەڵەكانمــان دەدات. هەربۆیە، پێویســتە لەســەر هەموو لایەك ئەم بەرپرسیارەتییە لەئەســتۆبگرێت و ئەم ئەمانەتە بپارێزێت و كاربكەین بۆ نەهێشــتنی ئەم بۆشاییە و دەستنیشــانكردنی كەســی شیاو كە خاوەن توانابن لە بەڕێوەبردنی دۆســیەكان بەشێوەیەكی پیشەیی و بێلایەنانە.))

# لە لیبیاوە بۆ بەحرەین
# جیاوازی لەهەڵوێست و چوونیەکی لەئامانجدا



د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد

ماســـمیدیاکان بەچڕی دواپەرەســـەندنەکانی ئـــەم دوایيانەی ڕووداوەکانی هەندێك لەوڵاتانی ئەفرۆ- ئاســـیایی دەگوازنەوە، لەو ڕووداوانەدا واقیعێکی ناهەموارو پڕ لەئازاری گەلانی ئەو وڵاتانە دەردەکەون کە لە چ باروگوزەرانێکی پڕ لەچەوســـاوەیی و هەژاریی و دواکەوتوویین لەژێرسایەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی کە بە ناوی نەتەوەیی بوون و نیشـــتمانی بوونەوە بۆ دەیان ساڵ دەبێت حوکمیان دەکەن ..

هەرکەسێك ئەو ڕووداوانە بخوێنێتەوە هاووشێوەیی و چوونیەکی لەنێوان ئەو وڵاتانە دەبینێتەوە بەتایبەتی چ لە ڕووی گۆڕانکاری و ئاکامەکانـــی هەوڵدان بۆ گۆڕین یان لە ڕووی داخوازی ڕەوای خۆنیشـــاندەران کە لەهەندێك شـــوێن حاڵ گەیشـــتۆتە ئەوەی بۆ ســـەرکوتکردنی ڕاپەڕینی گـــەلان و بەهەنجەتی پاراســـتنیان و بەرگریکـــردن لێیان هانا بۆ ســـوپای بێگانە ببردرێت، لەولاشـــەوە هەندێك دەوڵەت لەئاســـت ئەو ڕووداوانەدا بێدەنگییان هەڵبژاردووە هەروەك ئەوەی لە دوورو نزیکەوە هیچ پێوەندی بەوانەوە نەبێت !

ڕەنگە شۆڕشـــی گەلـــی لیبیا نموونەیەك بێت بۆهاوســـۆزی و پشـــتگیریکردنی لەلایـــەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییـــەوە کە ئەم پشـــتگیرییە خۆی لەنوێنەرایەتی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکاو هەندێـــك وڵاتی عەرەبی دەبینێتەوە، ئەمەش گڕی حەماســـەت و خوێن گەرمی جەماوەرە ڕاپەڕیوەکەی لیبیای زیاتر هەڵایســـان و هانیدان بە توندوتیژی ڕووبەڕووی ڕژێمی قەزافی ببنەوەو بەچەکەوە بەرگری لەداخوازییەکانیان بکەن، تا ئەوکاتەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشـــی نێودەوڵەتی ژمـــارە(١٩٧٣) لە ١٨/ ٣/ ٢٠١١ دەرچوو کە بەپێی ئەو بڕیارە ناوچەی دژە فڕین و دەریایی بەســـەر لیبیادا ســـەپێندرا، ئەمەش بەپشـــتگیرییەکی عەرەبی و بە پاڵپشتییەکی تاڕادەیـــەك ئەفریقی و، کۆمکاری عەرەبیـــش لەپێش هەموانەوە پشـــتگیری خۆی بۆ شۆڕشی لیبیا نیشـــانداو داوای لە قەزافی کرد دەست لەدەســـەڵات هەڵگرێت و قەزافی لەلیبیا بچێتە دەرەوە، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لەبڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین بەســـەر لیبیاوە. دواتـــر ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی بەتوندی ئیدانەی ئەو شێوازە سەرکوتکردنە خوێناوییەی حکومەتـــی لیبیای لەدژی گەلی خۆی کـــردەوە. کە تا ڕادەیەك هاوشـــێوەی سەرکوتکردنەکانی ســـەدام بوو لە دژی گەلی کورد، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی بەبڕیارێکی مێژوویی وەسف کردوو، (ناتۆ)ش ئامادەیـــی خۆی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەربڕی، ئیتر وڵاتانی ئەوروپی کەوتنە پێشبڕکێ بۆبەشـــداریکردنی لێدانی سەربازییانە لەدژی ڕژێمی لیبی، بەتایبەت وڵاتانی وەك فەرەنساو بەریتانیا و ئیسپانیاو نەرویج و بەلجیکا، تەنانەت هەردوو وڵاتی قەتەرو ئیماراتی عەرەبی هاوشـــێوەی ئەوان بوون بۆ هێرش و لێدانی سەربازی ئەمە جگە لەئەمەریکاش کە ســـەرتۆپی ئـــەو ڕێگەچارانەیە، هەر ئەم ڕاگەیاندنەی بەستنی لوتکەیەکی ئەوروپی -ئەفریقی – عەرەبی ڕەنگدانەوەی ئەو داخوازییانە بوون، بەڵام هەڵوێستی ئەم دەوڵەتانە لەبەرامبەر ڕاپەڕینی گەلی بەحرێن و لەدژی حوکمی پاشـــایەتی دیکتاتۆری ئـــەو وڵاتە جیاواز بوو لەوەی لیبیـــا، وێڕای ئەوەی لەبەحرەینیش بەدرێژایی ئەو مانگانەی ڕابردوو بەجۆرەها ئامڕازەوە تیرۆر و کوشـــتن و گرتن هەبوو لـــە دژی مانگرتووە بێ چەك و ســـڤیلەکان، ئەمەش تەنیا لەبەرخاتـــری بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەی باســـمان کردن کە بەرژەوەندییان خستووەتە پێش هەڵوێستەکانیانەوەو بەهیچ شـــێوەیەك سوور نین لەسەر پاراســـتنی مافی هاووڵاتیان و ڕەوایەتی بوونـــی داخوازییەکانیان، دواتر لەگەڵ بەردەوام بوونی ڕاپەڕینەکانی گەلی بەحرێن شێوازەکانی سەرکوتکردن لەدژی ئەو گەلە بەرز بووە بۆ ئاســـتی تـــر و بەبێ ئەوەی لەبەرانبەر قەبارەی ئەو ســـەرکوتکردنانە هیچ کاردانەوەیەکـــی گونجاو لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دروست بێت، چ لەلایەن کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی کە پێشتر بەتوندی پشـــتگیرییان لەگەلی لیبیا دەکرد یان لەلایەن وڵاتانـــی کەنداوەوە کەهێزی چەکدارییـــان بەناوی قەڵغانی کەنداو دەنارده بەحرێن بۆ پاراســـتنی ئەو وڵاتە لەمەترســـی دوژمنکاری بێگانە کە لە راســـتیدا ئەمەش بۆ ســـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی بەحرێن بوو لە ترســـی ئەوەی نەوەك ســـەرتاپای ئـــەو وڵاتانەی دەوروبەری نتەنێتەوەو بەو شـــێوەیە هێزەکانی سعودییەو ئیمارات و قەتەرو کوێت بۆ پشـــتگیریکردن لەرژێمی دەوڵەتی بەحرێن چوونە ناو ئەو وڵاتەوە، ئەمەش بووە هـــۆی بەربوونەوەو کەوتنی چەندین شەهیدو ئاڵۆزتر بوونی هەڵوێســـتەکان بەگشتی لە ناوچەکەدا، تا گەیشـــت بەو حاڵەی حکومەتی بەحرێـــن مۆنیمێنتی ئازادی لە دەواری لوئلوئـــە بڕوخێنێت. لەلایەکی تـــرەوە جەماوەری زۆربەی وڵاتانی جیهان بەم هەڵوێســـتە ســـلبیە تووشـــی هێدمەیەك بوون و بەهەزارانیـــان بۆ پشـــتگیریکردن لە گەلی بەحرێن هاتنە ســـەر شەقامی وڵاتانی خۆیان، لە مەیدانی فیردۆسی بەغداو و مەیدانی شـــارەکانی موســـڵ و کەربەلاو حلەو دیوانییەو بەسڕاو سلێمانی و هەروەهـــا لە هەندێك شـــاری لوبنان و کوێت و ســـعودییەو ئێران خەڵکی داوایان دەکرد سوپای بێگانە لەناو بەحرەین دەربچنە دەرەوەو وەڵامی داخوازییەکانی جەماوەری ئەو وڵاتە بەئاشـــتی بدرێتەوە. بەم ڕووداوانەی دوایی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت و باکووری ئەفریقیا سەلماندیان چارەســـەری سەربازی بۆ سەرکوتکردنی ئەو هاووڵاتیانەی داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن دیمەنی سیاسی دەئاڵۆزکێنێت و گرژی زیاتر دەخاتە نێوان دەســـەڵات و جەماوەرەوە هەروەها مامەڵەکردنی وڵاتانی زلهێز لەبەرامبەر ئەم ڕووداوانە بە دوو ڕووی جیاواز کە لەلایەکەوە هاوسۆزی بۆ هەندێك گەلی ڕاپەریوو دەردەبڕن و لە لایەکی ترەوە دژیان دەوەســـتێنەوە، ئەم دووفاقییە لە هیچ حاڵێکدا یارمەتی ئاسایشی ئەم هەرێمانەو سەقامگیربوونیان نادات. لێرەوەدەتوانین بگەینە ئەم ئاکامانەی خوارەوە:

یەکـــەم: جەمـــاوەر لەهـــەر شـــوێن و زەمانێکدا بـــن ناکرێت لەزیادەڕەوییەکان و کەموکورییەکانی دەســـەڵات تا ســـەر بێدەنگ بن چ لەســـەر ئاستی ئابووری یان کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵکو چاوەڕوانی هاتنی کاتژمێری ســـفر دەکەن تا ویست و ئیرادەیان بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری رابگەیەنن.

دووەم : پێویســـتە دەســـەڵات بەرلـــەوەی لێپرســـینەوە لەگەڵ جەماوەری توڕەدا بکات. بەخۆیدا بچێتەوەو بەباشـــی موحاسەبەی دامودەزگاکانی خۆی بکات.

ســـێیەم: کات بەفیڕۆدان و درێژکردنەوەی کات و دانوستاندن بۆ وەڵامدانەوەی هاووڵاتییان یان بەکارهێنانی ئامڕازی ناڕەوا لەدژیان هەڵوێســـتەکەیان ئاڵۆزتر دەکات و داخوازی هاووڵاتیانیش زیاتر و فراوانتر دەکات.

چوارەم : هانابردن بۆ ســـوپای بێگانە لـــەدژی هاووڵاتییانی نیشتمان کارێکی ترسناکەو بەهانە دۆزینەوەیە بۆ کەسان و وڵاتانی تر تا دەســـت لەکاروباری وڵاتانی سەربەخۆ وئازاد وەربدەن و دواتر لەمەودایەکی دووردا چارەسەری گرفتەکان بەبنبەست بگەیەنێ.

# جیۆپۆلەتیک و مێژوو لە پەیوەندییەکانی بەحرێن لەگەڵ دراوسێکانیدا

ڕژانی شیعەکانی عیراق بۆ سەر شەقام بۆ پشتیوانی کردن لەشیعەکانی بەحرێن لەدژی دەستێوەردانی هێزەکانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو لەبەحرێن، پرسیارێك دەربارەی ڕۆڵی سیاسیی عیراق لەناوچەکەداو ناسنامەی دەوڵەتی عیراق دەوروژێنێ.


بەدڵنیاییەوە عیراق دەوڵەتێکی شیعی نیەو دەستور لەماددەی ٣دا ناسنامەی عیراقی بەکراوەیی هێشتۆتەوەو زۆرتر جەختی کردۆتە سەر فرەیی عیراق لەڕوی نەتەوەو ئاین و مەزهەبەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەی مەزهەب لەچوار ماددەدا کەبریتین لە ٣و ١٤و ٤١و ٤٣ دوبارە دەبێتەوەو ئەم دوبارەکردنەوەیە زۆرتر شیعە دەگرێتەوە. پشتگیریی شیعەی عیراق لەشیعەی بەحرێن یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەگەری بونی بەرگری کردن لەگرویە شیعییەکانی ناوچەکە بەبەشێك لەسیاسەتی دەرەوەی عیراق.

بەدەرلەوە، لەنێوان عیراق و بەحرێندا پەیوەندییەکی دێرین هەیە کەبۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە. لەنوسینە بزمارییەکاندا ناوی دورگەی دەلمون دێ کەپەیوەندییەکی شارستانی و بازرگانیی لەگەڵ سۆمەرییەکاندا هەبووە زۆربەی مێژونووسەکان وا تێدەگەن دەلمون بەحرێنی ئێستایە. پێداگرتن لەسەر ئەم تیۆرییە بێبنەما نیە چونکە بەشێکی زۆری ئاسەوارە دێرینە دۆزراوەکانی بەحرێن، کاریگەریی شارستانێتیی سومەرییەکانیان بەئاشکرا پێوە دیارە.

لەچاخی ناوەڕاستدا باشوری عیراق و ڕۆژهەڵاتی نیمچە دورگەی عەرەب و بەحرێن قەڵەمڕەوێکی ڕاکردوو لەناوەند بون و زۆرتر لەژێر دەسەڵاتی قرمتییەکاندا بون کەدژی خەلافەتی عەباسی بون لەبەغدا. دوا بەدوای ئەمەش، ئەم قەڵەمڕەوە لەپرۆسەی وەرچەرخانی مەزهەبیدا، زۆرتر بەڵی شیعەگەریدا دایشکاند.

لەڕوی ستراکتۆری کۆمەڵایەتییەوە، ڕوخساری زاڵ بەسەر عیراق و بەحرێندا ئەوەیە کە لەهەردوو وڵاتدا شیعە زۆرترین ژمارەی دانیشتوان پێکدێنن و دەسەڵاتیش بەدەست سوننەکانەوە بووە. گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکە لەعیراق لە٢٠٠٣ بەدواوە، بۆ شیعەی بەحرێن پشتیوانییەکی بەهێز بوو.

شیعەکان پێیان وایە بریتانیا لەساڵی ١٨٦١ بەدواوە ڕۆڵێکی سەرەکیی لەدابڕینی بەحرێن لەجیهانی شیعی هەبووە. هەڵکەوتی جوگرافیایی و مەزهەبی هاوبەش و پێداویستییەکانی سیاسەت، شیعەکانی بەحرێنیان هانداوە پەیوەندییەکی تۆکمە و سەقامگیرو بەردەوام لەگەڵ شیعەکانی هەر یەك لەئێران و عیراق دابمەزرێنن.



فەرید ئەسەسەرد

ڕژێمی حوکمڕانی بنەماڵەی خەلیفە کەدوو سەد ساڵ زیاترە فەرمانڕەوایی بەحرێن دەکا، زۆرتر لەدەستێوەردانی ئێران و پشتگیریی مەرجەعیەتی نەجەف لەشیعەکانی بەحرێن نیگەرانە. پەیوەندیی بەحرێن لەگەڵ ئێراندا کۆنە. بەدرێژایی ١٨١ ساڵی نێوان ١٦٠٢ و ١٧٨٣دا، بەحرێن بەشێکی ئێرانی پێکدەهێنا بەڵام ئەم پەیوەندییە بەهاتنە سەرکاری بنەماڵەی خەلیفە دای لەکزی. لەساڵی ١٩٥٩دا شای ئێران بەحرێنی بەبەشێکی ئێران ڕاگەیاندو لەشەستەکاندا پەرلەمانی ئێران نوێنەری بەحرێنی تێدا بوو.

شیعەکانی بەحرێن لەمێژە دژی بنەماڵەی خەلیفەن. بزووتنەوەی نارەزایی ساڵی ١٩٦٥ی شیعەکان بەشێوەیەکی توندوتیژ سەرکوت کرا. بەڵام جووڵانەوەی ئەم دواییەیان، کەتێیدا عەرەبی کەنداو فریای بنەماڵەی خەلیفە کەوتن، لەهەلومەرجێکی لەبارتردا ڕێکخراو گەیشتە رادەی تەنگ هەڵچنین بەرژێمی دەسەڵاتدار.

دەستێوەردانی سوپایی لەبەحرێن نیشانی دەدا کەکەنداو ئامادەیی تێدا نیە هیچ نەرمییەك بەرامبەر بەلەدەستدانی بەحرێن بنوێنێ. هەرەسهێنانی بنەماڵەی خەلیفە لەبەحرێن لێی ڕادەبینرێ گۆڕانێکی جیۆپۆلەتیکیی گەورە لەناوچەیەکی هەستیاری وەك کەنداودا دروست بکا.


ڕەوشی ناوخۆی بەحرێن ڕەنگدانەوەی ململانێی شیعە- سوننەیە و لەهەمان کاتیشدا دەستێوەردانی سوپایی دەوڵەتانی هاوکاریی کەنداو لەلایەك و تۆمەتبارکردنی ئێران بەدەستوەردان لەکاروباری ناو بەحرێن و پشتیوانی کردنی شیعەی عیراق لەشیعەی بەحرێن گوزارشتن لەپەیوەندیی گرژی نێوان شیعەو سوننە لەناوچەکەدا. لەم هەلومەرجەی ئێستادا بەحرێن کوانۆی ئەو پەیوەندییە گرژەیە.

# وەرزی گەشتیاری لەپارێزگای سلێمانی

## بەهۆی باری پشێوی سلێمانی ژمارەی گەشتیاران لەو

لەنەورۆزی ســاڵی رابردوودا دامودەزگا پێوەندارەکانی سلێمانی بەناچاری گۆڕەپانی قوتابخانەکانیان بەکارهێنا بۆ دانانی خێمە تاوەکو ڕووبەڕووی ئەو هەموو گەشــتیارە زۆرە ببنەوە، کەبەمەبەســتی سەیران وگەشــتیاری لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، لەعێراق و ئێران و وڵاتانی ترەوە ڕوویان لە پارێزگاکە کردبوو، ئەمســاڵ لەجەژنی نەورۆز و ڕۆژەکانی دواتر بارودۆخەکە پێچەوانە بووەوە، بەرادەیەك هۆتێلەکانیش پڕ نەبوونەوە لەگەشــتیار، لەکۆی ٢٨ هەزار گەشتیار کە ساڵی رابردوو تۆمار کرابوون ئەم ژمارەیە دابەزییە خوارەوە بۆ سەر ١٢ تا ١٤ هەزار گەشتیار، بەمەش گورزێکی کاریگەرو زیانێکی ماددی لەوەرزی گەشتیاری پارێزگای سلێمانی دراو لەگەڵیدا کاریگەری توند لەسەر بازاڕ و ئابووری پارێزگاکەو هەرێم بەگشتی دەبێت، بەتایبەت لەشارێکدا کەئەو کارمەندو کرێکارانەی پشــت بەکارکردن لەهۆتێل و میوانخانەو ریســتۆرانت و شوێنە گەشتیارییەکان دەبەستن بەهەزارەها کەس دادەنرێن و لەگەڵیدا جموجوڵی بازاڕ دەجووڵێنێت..

هۆکاری کەمبوونەوەی گەشــتیاران لەپارێزگای ســلێمانی بۆچی دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا لە هەولێرو دهۆك بارودۆخەکە بەوشــێوەیە نەبووە؟ ئایا تا چ ڕادەیەك ژێرخانی گەشتیاری لە پارێزگای سلێمانی بوونیادنراوەو داخۆماستەرپلانی گەشتیاری هەیە؟ ئایا کێشەی موڵکداری و زەویوزار چ ئاستەنگێکە لەبەردەم جێبەجێ کردنی پرۆژە گەشــتیارییەکاندا؟ بۆچی گەشــتیاران کەمتر ڕوو دەکەنە ناوچەکانی وەکو (ئەحمەد ئاوا و خورماڵ)؟ هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرانە لەداهاتێکی گەورە بێبەش بوون کە لەزۆر وڵاتانی دنیادا ئەوحەقیقەتە ڕوون و ئاشــکرایە کە ئەو داهاتەی لەگەشــتوگوزارەوە دەســت دەکەوێت








# ڕووبەڕووی دۆخێکی دژوار دەبێتەوە..

## پـــارێزگایەدا لە ٢٨هەزارەوە بۆ ١٢ هەزار کەمی کرد

لەداهاتی پێترۆڵ کەمتر نییە..

پڕۆژەی گەشـــتیاری لەســـەیرانگای چاوگەو گوڵانی نزیك هەڵەبجە بەکوێ گەیشـــت ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزار لەسلێمانی بەڕاشکاوانە وەڵام دەداتەوەو ئەو پێی وایە : خەسڵەتی کێبڕکێی گەشتیاری لەپارێزگای سلێمانی بوونی هەیە، ساڵانی ڕابردووش کارێکی باش لەبواری پێشخســـتنی گەشتیاری ئەنجامدراوەو چەندین پڕۆژەی تریش ئەنجام دەدرێت، کەواتە گرفتی کەمبوونەوەی گەشتیاری و بوونی ئاستەنگەکانی بەردەم گەشـــتوگوزار لەپارێزگای ســـلێمانی لەکوێدایە؟ بۆ نەتوانراوە وەبەرهێنانی گەشتیاری ئەنجام بدرێت؟(پڕۆژەی چاقی گەشتیاری)لەبناری گۆیژە کەبەتێچووی(١٢٠) ملیۆن دۆلارو لەسەر ڕووبەری (٣٠٠) دۆنم زەوی لەسەر بووژانەوەی گەشـــتوگوزار لەسلێمانی دەبێت؟ ئایا شوێنە گشتییە گەشتیارییەکان؛ شارەوانی پاکوخاوێنـــی بپارێزێـــت؟ ئەی باشـــە دەسەڵات و بودجەدا دەزگا پێوەندارەکانی بەئەرکەکانی سەرشانیان هەڵبسن؟

لەلایەن (کۆمپانیای نالیاوە) ئەنجام دەدرێت چ کاریگەرییەکی گەر هاووڵاتیان هاوکار نەبن لەپاراستنی پاکوخاوێنی بەتەنیـــا دەتوانێـــت لەنەبوونـــی یاســـاو گەشـــتوگوزاری دەتوانن









**یاسین فەقێ سەعید بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی بۆ(گوڵان):**

# پشێوییەکانی ئەم دواییەی پارێزگای سلێمانی کاریگەری خراپی کردۆتە سەر هاتنی گەشتیاران و گرفتی بێبازاڕی لێکەوتۆتەوە

**کۆبوونەوەی خەڵك لەسەنتەری شار درێژەی کێشاو کاریگەری لەسەر بازاڕ و هاتوچۆی شارەکە بە گشتی دروست کردووە**

سەبارەت بەوەی لە نەورۆزی ئەمساڵ بەراورد بەساڵی رابردوو ژمارەی گەشتیارەکان لەشاری سلێمانی کەمی کردبوو، هۆکاری ئەمە چی بوو؟ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی: ساڵانە ئەو گەشتیارانەی ڕوو دەکەنە پارێزگای سلێمانی چەند جۆرێکن، جۆرێکیان ئەوگەشتیارییە ناوخۆییانەن، لەبەرئەوەی خەڵکی شاری سلێمانی لەم ڕووەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، خەڵکەکەی بەگشتی حەزیان لە سەیران و گەشتە، جۆرێکی تری گەشتیارەکان ئەوانەن کە لەناوچەکانی تری عێراقەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، هاوکات گەشتیاری بیانیشمان هەیە کە لەدەرەوی وڵات وەکو ئێران و وڵاتانی تر ڕوو لە سلێمانی دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی لەمساڵدا گەشتیارانی دەرەوەی هەرێم ڕووی لەکەمی کردووە، بەپێی ئەو ئامارانەی لە بازگە و سنوورەکان تۆمارکراوە ژمارەیان لە (١٢-١٤) هەزار کەس بوون، لەکاتێکدا لەساڵی رابردوو زیاتر لە(٢٨) هەزار گەشتیار ڕوویان لەپارێزگای سلێمانی کرد، واتا ژمارەکە دوو هەندەی ئێستا بوو، بەرادەیەك لە نەورۆزی ساڵی رابردوو ناچاربووین لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و قایمقامەت و پەروەردە خێمە لە گۆڕەپانی هەندێ لە قوتابخانەکان هەڵبدەین بۆ پشوودان و مانەوەی گەشتیارەکان، چونکە لە هۆتێل و مۆتێل و کۆمەڵگا گەشتیارەکان شوێن نەمابوو، هۆکاری کەمبوونەوەی ئەمساڵی گەشتیاران بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشێویی و بارودۆخە خراپەی کە لە پارێزگای سلێمانی ڕوویداوە کە خەڵك لەسەرای سلێمانی کۆبوونەتەوەو دواتر ڕووداوی ناخۆشی لێبکەوێتەوە، ئەمەش حاڵەتێکی ناسروشتی و ناسەقامگیری لەشارەکە دروست کردووە و هۆکارێکی تر ئەمساڵ وەرزەکە باراناوی و تەڕ بوو کە لە ڕۆژانی نەورۆز و گەشتدا بارانباری، هۆکارێکی تریش کەمی ژمارەی گەشتیارانی ئەمساڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆژانەی کە لەژێر ئەنجامداندایە، لەساڵی ٢٠١٠ تا ئێستا لەسەر بودجەی پەرەپێدان و پارێزگا و حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٣٠٠) پرۆژەی لە ژێر ئەنجامدانە ئەو پرۆژانەش کاریگەری لەسەر هاتووچۆکردن دروست کردووە، بەڵام فاکتەری سەرەکی کە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی گەشتیاران لە سلێمانی دروستکردووە ئەو خۆپیشاندان و توندوتیژی و بەسەردادانی هەندێك بارەگای حزب و لایەنە، بەتایبەتی کۆبوونەوەی خەڵك لەبەردەرکی سەرا کە درێژەی سەندوو لەخۆپیشاندان دەرچووە، کاریگەری لەسەر بازاڕ و هاتوچۆی شارەکە بەگشتی دروست کردووە، چونکە ئەو شوێنەی ئەوان تێیدا کۆبوونەتەوە سەنتەری سەرەکی جموجوڵی خەڵك و بازارە..

**لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان گرێبەست کراوە بۆ هەرسێ شوێنی بناری کۆسرەت و قۆپی قەراغ و چەمی قلیاسان**

سەبارەت بەوەی ئایا تا چ رادەیەك ژێرخانی گەشتیاری لە پارێزگای سلێمانی بونیاد نراوەو ماستەرپلانی گەشتیاری هەیە؟ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی: لەساڵانی رابردوو کار و ئیشێکی زۆر لە

گەشتوگوزاری سلێمانی بۆ ئامادەکردنی ماستەرپلان بۆ چەند زۆنێك کراوە، یەکێك لەوانە بناری کۆسرەت کە لەسەر ئاوی دوکانە، دوومیان قۆپییەکانی قەرەداغە و زۆنێکی تر چەمی قلیاسانە کە دەکاتە (قلیاسان، بەکرەجۆ، خێوەتە بۆ گوێژە و ئەزمەر) ئەو سێ زۆنە لەگەڵ سێ کۆمپانیای بیانییەوە (ئیسپانی و فەرەنسی و کەنەدی) گرێبەستیان بۆ کراوە، بەڵام تا ئێستا نەخراونەتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە هەرسێ زۆن کێشەی مۆڵکایەتی زەویوزار چارەسەرنەکراوە، لەلایەکی تر ساڵانێکی زۆرە هەندێ ناوچەی وەکو (ئەحمەد ئاوا و خورماڵ) شوێنی گردبوونەوەی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان بوون، بێگومان ئەمە وا دەکات کە کەمتر گەشتیار ڕوو لەم شوێنانە بکات، بەڵکو لەسەردەمێکە گەشتوگوزار و سەیران لەم شوێنانە قەدەغەیان کردبوو، بەڵام پاش نەمانی ئەو هێزە توندڕەوانە لەسەر بودجەی حکومەتی کوردستان باشترین پرۆژە لەم ناوچانە ئەنجام دراوە، ئەویش وەکو پرۆژەی ڕێگای (خورماڵ- ئەحمەد ئاوا) پرۆژەیەکی تر تەواوکردنی کابینەکانی ئەحمەدئاوایە، هەروەها ئێستا پرۆژەی چاککردنی ڕێگای (ئەحمەد ئاوا- زەڵم) ئەو بەشەی بەناو شوێنە گەشتیارەکان دەڕوات لەژێر ئەنجامدانە، جگە لەمانە لەناوچەی چاوگەو گوڵان لەنزیك هەڵەبجە سەیرانگایەك هەیە دراوە بەکۆمپانیایەك کە پرۆژەی جوانکاری و دروستکردنی شوێنی حەوانەوەی بۆ جێبەجێ دەکات.

**تا ئێستا نەتوانراوە وەبەرهێنانی گەشتیاری ئەنجام بدرێت**

هەروەها لە پارێزگای سلێمانی چەندین شوێنەوار هەیە، لە هەموو وڵاتانیش گەشتیاران گرنگی بەمبوارە دەدەن، ئایا کار بۆ شوێنەوارەکان کراوە تاوەکو ببنە شوێنی گەشتیاری؟ لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی: خەسڵەتی کێبرکێی گەشتیاری لەپارێزگای سلێمانی هەیە، بۆ نموونە کۆمەڵێك شوێنەواری وەکو ئەشکەوتی هەزارمێرد و چەند مەزارگە و شوێنی ئایینی وەکو مەزارگەی باخەکۆن و بیارەو چەندین شوێنی مێژوویی و گەشتیاری سروشتی و جوانیان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە لەم شوێنانە وەبەرهێنانی گەشتیاری تێدا ئەنجام بدرێت، چونکە پلانێك بۆ پرۆژەی گەشتیاری لەم شوێنانە نەبووە، بۆ نموونە لە ئەحمەد ئاوا کە شوێنێکی دڵگیر و سەرچاوەیەکی ئاوی شیرینە تاوەکو ئێستا کێشەیی خاوەندارێتی زەویوزاری چارەسەرنەکراوە و ماستەرپلانی نییە، هەر بۆیە نەتوانراوە پرۆژەی گەشتیاری تێدا ئەنجام بدرێت.

هاوکات شوێنەکانی تریش بەگشتی کێشەو گرفتیان هەیە و نەتوانراوە بەپێی پێویست کارو پرۆژەی گەشتیاری هاوچەرخیان بۆ بکرێت، هەندێ شوێن وەکو ئاماژەمان پێکرد هێزی توندڕەوی ئیسلامییەکانی لێ بوو و خەڵکەکەشی ڕێگربوون لەگەشتوگوزارو سەیران، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە لەبارەی ژمارەیەك پرۆژە بە بودجەیەکی زۆر لەژێر جێبەجێکردندایە، هەروەها ئێستاحکومەت پلانی بۆ پرۆژەی گەشتیاری و بەرەودان بەو کەرتە هەیە و لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە پرۆژەی ماستەرپلانی گەشتیاری بۆ هەموو کوردستان لە پلان و ئامادەکردندایە بە تەواوبوونی ماستەرپلان دەتوانرێ بە بەرنامە و پلانی تۆکمە و زانستی کار لەسەر شوێنە گەشتیارییەکان پیادە بکرێت بەتایبەتی پرۆژەی ستراتیژی گەشتیاری، هەروەها دەبێ بپرسین ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی دووبارە گەشتیارانی کەنداو کوێت و وڵاتانی تر کە چۆن پێش ڕاپەڕین دەهاتنە کوردستان لە جیاتی ئەوەی بڕۆن بۆ ئەورووپا و سویسرا دەهاتنە کوردستان وا بکەین ڕایانبکێشینەوە لای خۆمان، چونکە لای خۆمان نزیکتر و هەرزانترە بۆ ئەوان و زمانی لێك تێگەیشتن هەبووە و لەڕووی ئایین و کەلتور وەکو یەکین و نزیکین، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت پرۆژەی گەورە و ستراتیژی و سەرنج ڕاکێش ئەنجام بدرێت هەروەکو ئەو پرۆژەی ئێستاکە کە کۆمپانیای نالیا دەیەوێت جێبەجێی بکات،

**ساڵانێکی زۆرە هەندێ ناوچەی وەکو (ئەحمەد ئاوا و خورماڵ) شوێنی گردبوونەوەی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان بوون، بێگومان ئەمە وا دەکات کە کەمتر گەشتیار ڕوو لەم شوێنانە بکات**

ئەویش ئەوەیە کە کۆمپانیای (نالیا) پرۆژەیەکی گەشتیاری ستراتیژی و گەورەی لەبەردەستە کە لەسەر ڕووبەری (٣٠٠) دۆنم لە بناری گوێژە بەناوی (پرۆژەی چاقی گەشتیاری) کە بودجەی تێچووی نزیکەی (١٢٠) ملیۆن دۆلارە، پێکهاتەی پرۆژەکە هەمەجۆر و هاوچەرخ و زۆر پێشکەوتووە و بەرفراوانە، گەرچی تا ئێستا کۆمپانیا کەم هاتووە کە بەشداربێت لە بنیادنان و برەودان بە پرۆژەی گەشتیاری چونکە هۆکارێك هەبووە کاریگەری لەسەر دواکەوتنی و بەشدار نەبوونی کۆمپانیاکان هەیە، وەکو نەبوونی ماستەرپلانی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان، دووەم نەبردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییە گرنگەکانی وەکو ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و .. تاد. بۆ شوێنە گەشتیارییەکان و چارەسەرنەکردنی کێشەیی زەویوزار، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕێگاوبان نەبێت یان خراپ بێت ئەوە هیچ کۆمپانیایەك ناتوانێ پرۆژە ئەنجام بدات، هەر بۆ نموونە ئێستا ماستەرپلانی بناری کۆسرەت ئامادەیە، بەڵام ڕێگا نییە ناتوانرێت بگەینە ئەو شوێنە و ناتوانرێ پرۆژەی لێ ئەنجام بدرێت، بۆیە پێویستە ڕێگاوبانی بۆ دروست بکرێت، ئینجا کۆمپانیاکانیش دەتوانن بێن کارو پرۆژە لەم شوێنە بکەن.

**کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەئاستی گەشتوگوزاری کوردستان نەبوون**

سەبارەت بەوەی ئایا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تا چ ئاستێك ڕۆڵیان هەیە لەبەرەو پێشەوەبردنی و ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان؟ بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی:

بێگومان ئێستا بەهاوکاری شارەوانی سلێمانی خەریکی ئامادەکردنی نەخشەیەکی گەشتیارین بۆ شاری سلێمانی، لەدیوێکی نەخشەکەی ناو شاری سلێمانی هوتێل و موتێل و ریستۆرانت و یانەو باخچەکانی تێدا دیاری دەکەین، لەدیوی دووەمی نەخشەکەدا ناو و شوێنە گەشتیارییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی لەسەر دیار دەکەین، ئەم نەخشەیە وەکو هەنگاوی یەکەم دەبێتە ڕێگانیشاندەرێك بۆ گەشتیاران، بەڵام بەگشتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەکوردستان بەپێی پێویست بەرنامە و کارو پلانیان نەبووە و بۆ ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان لێرەو لەوێ هەندێ کار و بەرنامە هەبووە، بەڵام لە ئاستی گەشتوگوزاری کوردستان نەبووە.

**پاککردنەوەی سەرچنار و قلیاسان و دەباشان و چەندین شوێنی تر ناکەوێتە ناو سنووری ئەو سیستەمی پاککردنەوەیەی لەسلێمانی هەیە**

سەبارەت بەوەی کە لەم نەورۆزەدا زبڵو خاشاکێکی زۆر لە ناوچە گەشتیارییەکان بەرچاو دەکەوت، ئایا خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو کاتە نەکرابوو یان هۆکاری تر هەبوو؟ بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی:

کەموکوڕی لەوەدایە پاککردنەوەی شوێنە گەشتیارییەکان بەپێی سنووری شارەوانییەکانە، بۆ نموونە شارەوانی سلێمانی بۆ پاککردنەوەی ناو شار لەگەڵ دوو کۆمپانیا گرێبەستی کردووە کە ڕۆژهەڵاتی شار بەکۆمپانیای ئۆراسکۆب و ڕۆژئاواشی بە کۆمپانیایەکی تر داوە بەم دابەشکردنەش پاککردنەوەی سەرچنار و قلیاسان و دەباشان و چەندین شوێنی تر هەیە ناکەوێتە ناو سنووری ئەو سیستەمی پاککردنەوەی لەسلێمانی هەیە، هەروەها نەبوونی تیم و کرێکاری تایبەتیش لەلایەك و نەبوونی هاوکاری هاووڵاتیان بۆ پاکو خاوێنی شوێنە گەشتیارییەکان لە ئەنجامدا زبڵوخاشاکێکی زۆر لە سەیرانگا و شوێنە گەشتیارییەکان بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی وەکو ئەو نەورۆزەی دیتمان، هەر بۆیە ئەم گرفتەمان خستۆتە بەردەمی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە پێمان ڕاگەیاندوون ئەو شوێنە گەشتیاریانەی ناکەونە سنووری شارەوانی سلێمانی ناتوانرێ پاك بکرێتەوە، بۆیە پێویستە سیستەمێك بۆ پاك ڕاگرتنی ئەم شوێنانە پیادەبکرێت کە پاککردنەوەی ناوچە گەشتیارییەکان بدرێت بەکۆمپانیایەك کە لەهەفتەیەکدا دوو ڕۆژ تا سێ ڕۆژ پاکی بکاتەوە، بەئەنجامدانی ئەم کارە دەتوانرێ شوێنە گەشتیارییەکان بە پاکو خاوێنی ڕابگرین، بەڵام لەو کاتەشدا هەر دەبێ هاووڵاتیان هاوکارمان بن بەتایبەتی بەوەی کە پاشماوەکانی خواردن و خواردنەوەکان لە کیسی نایلۆن کۆ بکەنەوە هەر چەندە لە ڕۆژانی سەیران و گەشتوگوزار کیسی نایلۆنمان لە بازگەکان بەسەر هاووڵاتیان



دابەشکردووەو لە راگەیاندنەکان رۆشنبیری و ڕێنمایی پاك و خاوێنیمان بڵاوکردۆتەوە، کەچی زۆر لە هاووڵاتیان هەر پابەندی ڕێنماییەکان نابن، بۆیە زبڵوخاشاك و پاشماوەکانی گەشتیاران ناوچە گەشتوگوزارییەکانیان زۆر بێسەرو بەر کردووە، بۆیە لێرەدا گلەیی لە هاووڵاتیان و گەشتیاران دەکەین، هاوکات تاوەکو کارگەی ریسایکلین لە پارێزگای سلێمانی دانەمەزرێت رزگارمان نابێت لە زبڵوخاشاك و ناتوانین جوانی و دیمەنی سروشتی گەشتیارییەکان بە باشی نیشانی گەشتیاران و دنیا بدەین.

### داوا کراوە پێداچوونەوە بۆ ڕێنمایيە گەشتوگوزارییەکان ئەنجام بدەین

ئایا بۆ ساڵی(٢٠١١) بودجەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ پرۆژەی گەشتیاری لە سلێمانی لەمبارەوە بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی:

بڕی ئەو بودجەیەی بۆ ساڵی ٢٠١١ بۆ پرۆژەکانی گەشتیاری سلێمانی تەرخانکراوە تەنیا (حەوت ملیار و نیو) دینارە، کە ئەمەش بەشی بەشێکی زۆر کەمی کارو پرۆژەی گەشتیاری دەکات، بەڵام ئەگەر حکومەت وەکو نەوتێکی هەمیشەیی تەماشای کەرتی گەشتیاری دەکات، دەبێت بودجەیەکی باش بۆ کارو پرۆژەی کەرتی گەشتوگوزار تەرخان بکات، هەروەها یەکێك لە کێشەکانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بەگشتی ئەوەیە کە سەرچاوەی دانانی ڕێنماییەکان بۆ پۆلێن کردنی شوێنە گەشتیاریەکان( ڕێکخراوی گەشتیاری عەرەبی ) بووە، ئەو ڕێکخراوەش هاتووە کۆلاژێکی وەرگرتووە لەڕێنمایی هەندێ لەم وڵاتانە کە لەگەڵ دابونەریتی وڵاتەکانی عەرەبی گونجاندویەتی زۆر شتی لێ لابردووە و هەندێ شتیشی بۆ زیادکردووە، ئێمەش لەوانمان وەرگرتووە کە ئێستاکە کۆن بووەو نوێی نەکراوەتەوە، هەر بۆیە ئێستاکە هەر سێ بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك لەلایەن بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ڕاسپێردراوین کە پێداچوونەوە بۆ ڕێنمایەکانی گەشتوگوزار ئەنجام بدەین و نوێیان بکەینەوە.

### پرۆژەکانی گەشتیاری کوالێتیان نزمە

سەبارەت بەوەی ئایا کوالیتی پرۆژەکانی گەشتیاری ستاندارد و جیهانییە، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی: یەکێك لە کێشە و گرفتەکانی گەشتوگوزار کە تا ئێستا لە کوردستان هەیە پرۆژەکانی گەشتیاری کوالێتی نزمە، بۆ نموونە ئوتێل و مۆتیل و کابینە و کۆمەڵگاکانی گەشتیاری دەبێ لە ماڵەکەی خۆت خۆشتر بێت، لە کاتێك گەشتیار دەمێنێتەوە دەبێ هەست بەخۆشی و ئاسودەیی بکات نەك ئاستی شوێنەکان لە ماڵەکەت خراپترو ناخۆشتر بێت، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەیە کە دەچیتە کابینەیەك دەڵێی کۆڕەوت کردووە نەك گەشت، بۆیە ئێستا لەمبارەوەش پێداچوونەوە دەکەین و ڕێنمایی دەدەین بەهەر لایەن و کەس و کۆمپانیایەك کە دەبێت پرۆژەکانی گەشتیاری بەتایبەتی ئوتێڵ و مۆتیڵ و کۆمەڵگا و کابینەکانی گەشتیاری بەپێی ستانداردی گەشتیاری و هاوچەرخ بێت، نەك وەکو ئەو بارودۆخەی ئێستاکە هەیە.

لەسەرجەم وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا کەرتی گەشتوگوزار لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە پێشدەکەوێت و پێویستیشە بەرنامەو کارەکانی دامودەزگا پێوەندارەکانی وەبەرهێنان بەو ئاڕاستەیە بڕوات کە هانی بزنسکارو سەرمایەداران بدات و کارئاسانییان پێشکەش بکات تاوەکو بە باشترین شێوازو بەرزترین کوالیتی پرۆژەکانی گەشت و گوزاری ئەنجام بدرێت ، سەبارەت بەوەی ئایا پێوەندی گەشتوگوزار لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان چۆنە؟ بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی:

دەستەی وەبەرهێنان بۆ هەر پرۆژەیەك بیەوێت مۆڵەتی پێ بدات راوبۆچوونی لایەنی پێوەندیدار وەردەگرێت، بۆ نموونە پرۆژەی(شاری چاقی گەشتیاری ) مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنانی هەیە، بەڵام کە کۆمپانیا نالیا پلانی پێشکەشکردووە پێش رەزامەندی ناردوویانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار ئێمەش هەڵسەنگاندنمان بۆ پلانی ئەو پرۆژەیە کردووە بەپێی ڕێنماییەکان بڕیارمان لەسەرداوە، لەپاشان وەڵاممان داینەوە کەلاریمان نییە لەسەر ئەنجامدانی..


**تاوەکو کارگەی ریسایکلین لە پارێزگای سلێمانی دانەمەزرێت رزگارمان نابێت لە زبڵوءخاشاك و ناتوانین جوانی و دیمەنی سروشتی گەشتیارییەکان بە باشی نیشانی گەشتیاران و دنیا بدەین**

لەکۆتاییدا بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی سەبارەت بەو سێکتەرانەی لە بواری گەشتیاری بەباشی کاریان بۆ نەکراوە وتی:

یەکێك لەو سێکتەرانەی کە بەگشتی لەلایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی هەرێمی کوردستان گرنگی پێ نەدراوە کەرتی گەشتیارییە، ماوەیەك گەشتوگوزار دەزگا و ماوەیەك وەزارەتێکی سەربەخۆ بوو لە پاشان یەکی گرتەوە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، هەروەها تەرخان نەکردنی بودجەیەکی شایستە بە کەرتی گەشتوگوزار و نەبوونی یاسایەکی تایبەت کە وەکو یاسایی وەبەرهێنان بەهێزبێت، هەموو ئەمانە وایکردووە کە گەشتوگوزار لە کوردستان پێش نەکەوێت و بە سادەیی بمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر دەمانەوێت گەشتوگوزار بکەینە داهاتێك بۆ کوردستان ئەوە دەبێ وەزارەتێکی تایبەت بەوەزارەتی گەشتوگوزار و شوێنەوار دابمەزرێت و هێزی یاسایی وەبەرهێنانیش بدەین بەگەشتوگوزار و بودجەی باشی بۆ تەرخان بکرێت، لەو کاتەدا بە فیعلی وەزارەتە تایبەتمەندەکە دەتوانێ کەرتی گەشتوگوزار بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو و هاوچەرخ، لەلایەکی تر ئەو یاسایەی کە بەم دواییە بۆ وەزارەتی شارەوانی لە پەرلەمان پەسەندکرا تەنیا چوار لاپەڕەیە و لەیەك بڕگە زۆر بە سادەیی باسی گەشتوگوزاری تێدا کراوە، ئەمەش کێشەیەکی تری ئەم بوارەیە.

هاوکات پێویستە دەسەڵاتی تایبەتمەند و هونەری بدرێت بە ئێمە بۆ ڕاپەراندنی کارەکانمان کە هۆکارێکی سەرەکی برەودانە بە کەرتی گەشتیاری بۆ نموونە دەسەڵاتمان هەبێت کوژاندنەوەی زەوی ئەنجام بدەین و چارەسەرەی خاوەنداری زەویوزاری گەشتیاری بکەین، بەپێچەوانەوە ئێمە پۆلیسی تایبەت بە گەشتوگوزارمان هەیە ناتوانین لێپێچینەوە و سزای بۆ دیاری بکەین، ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەسەڵات ..

# ڕێکەوتنێکی تری ستراتیژی بەڵام لەگەڵ جەماوەر


ڤینۆس فایەق

پیاوێکی ناسیاومان لەپێنج ژن کەیەکێکیان کۆچی دوایی کردووە لەیەکێك جیابۆتەوە، ئێستا سیانی هەیە، لەهەر پێنجیان ١٩ نۆزدە منداڵی هەیە، هەرسێ ژنەکە و هەر ١٩ منداڵەکەی بە کوڕ و کچ و زاوا و بوك و منداڵەکانیانەوە بەپێی سیستەمێکی عەشایەری هەموویان لەدوو باڵەخانەی گەلێ گەورەدا دەژین. کەدەچیتە ماڵیان لەهەموو ڕەنگ و ئاڕاستەیەکی حزبی و سیاسی تێدایە، لەئەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست، لە دینیەکی کۆنسەرڤاتیڤەوە بۆ عیلمانییەکی ئێجگار کراوە، ل ئازادیخوازەوە بۆ توندڕەوێکی کەللەپوت، ئیتر لەسەوز و زەرد و مۆر و شین و سوورەوە. تاد..

ئەم پیاوە دەڵێ: «لەوەتەی ئەو بارودۆخەی کوردستان وا تێکچووە، لەوەتەی خۆپیشاندانەکەی بەردەرکی سەرا دەستی پێکردووە، ماڵەکەی منیش بووەتە بەردەرکی سەرایەك»، لەماڵەکەیدا باری نائاسایی ڕاگەیەنراوە، بەردەوام لەقەیرانێکی ژیانیی سەختدا دەژین و، ئەگەری هەڵگیرسانی یەکەمین پریشکی شەڕی ئەهلی ئەوە لەماڵەکەی ئەوەوە سەرهەڵدات. هەروەها دەڵێ: یەکێك لە هۆکاری قەیرانەکە ئەوەیە کوڕی هەیە کە لە حزبەکەیدا کەیەکێك لەحزبەکانی دەسەڵاتە دژایەتی دەکرێت چونکە براکەی تری لایەنگیری بزوتنەوەی گۆڕان دەکات، کوڕێکی تری نێردراوەتەوە ماڵەوە و پێی وتراوە بڕۆ ئیسراحەت بکە و مانگانە وەرە مووچەکەت وەربگرە.

چیرۆکی ئەم پیاوە چیرۆك و بەسەرهاتەکانی ڕۆژگارەکانی سەردەمی براکوژی وەبیرهێنامەوە، ئەوەدەمی کەسانێك ناویان نابوو شەڕی براکوژی، هەندێك شەڕی ناوخۆ، بەڵام بەلای منەوە ناوی شەڕی براکوژی گونجاوتریان بوو، ئەو دەمە واماندەزانی شەڕ و کوشتنی براکان و دواتر ڕێکەوتنە ستراتیژیەکەی نێوان حزبەکان کەمێك لە کێشەکانی نێوانیانی بەلاداخست. بەڵام پرسیاری گرنگ لە ئێستادا ئەوەیە ئایا ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات چی کۆتایی پێدەهێنێت؟ ئایا دەبێ جارێکی تر براکان ڕووی تفەنگەکان بکەنەوە سینگی یەکتر، یان دەبێت بەجیددی بیر لە چارەسەرێکی ڕیشەیی بکرێتەوە؟

ئێستا زۆربەمان تێدەگەین لەوەی کە ڕێکەوتنە ستراتیژیەکەی نێوان یەکێتی و پارتی تەنیا ڕێکەوتنێك بوو لەسەر ئالیەتێك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، نەك ڕێکەوتنێك بۆ چۆنیەتی ئاشتکردنەوەی خەڵکی سەر جادە و میللەتێك کە گرانترین باجی داوە بەدرێژایی مێژوو.

ئەمڕۆ کەڕۆژی هەینیەو ئەم وتارە دەنووسم بۆ ٤٤ ڕۆژەمینە کە خەڵك دەچنەوە بۆبەردەرکی سەرا، هەرئەمڕۆ ئێوارە تەقەیەکی زۆر بەسەر جەماوەری خۆپیشاندەران کراوە، دوێنێش پێنج شەممە ٣١ی مارت لە کەلار خەڵك تێکهەڵکێشی ناوخۆپیشاندران کراون بۆ ئەوەی هێرش بەرنە سەر ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕان و بەچەقۆ بریندراری بکەن.

ئەمجارەیان حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسیەکان دەبێت لەوە جیددی تر لەو مەسەلەیە بڕوانن، چونکە زۆر لەوەگەورەتر و هەستیارتر و مەترسیدارترە کەوا خەمساردانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. بەشبەحاڵی خۆم هەفتانە کە دەمەوێت وتارەکانم بنووسم ناتوانم لەبارەی هیچ باسێکی ترەوە بنووسم، چونکە ئەم قەیرانە نەك تەنیا هزری من، بەڵکو هزری هەموومانی داگیرکردوە.

دەبێت ئەمجارەیان هێزە سیاسیەکان ڕاستەوخۆ بەرانبەر بەجەماوەر بوەستن و لەگەڵ ئەوان دانوستان بکەن، دەبێت لەگەڵ ئەوان ڕێکەون و پێمان بڵێن چی بکرێت باشە. هەروەك ئاگادارن خۆپیشاندەران داوای ڕووخانی دەسەڵاتێك ناکەن، بەڵکوو داوای ڕووخانی سیستەمێکی گەندەڵ دەکەن، ڕەنگە لەڕووی لۆژیکەوە ڕووخانی دەسەڵاتەکە لە گۆڕینی سیستەمەکە ئاسانتر بێت، بەڵام ئەمجارە تۆپەکە لەبەرپێی دەسەڵاتدایە و واپێویست دەکات چارەسەری دووەم هەڵبژێرێت و ئەرکە گرانەکە بەجێ بهێنێت کە گۆڕینی سیستەمەکەیە، ئەمجارە دەبێت ڕێکەوتنە ستراتیژیەکە لەگەڵ جەماوەردا مۆر بکات نەك لەنێوان خۆیاندا..

# پرۆژەی پەروەردەی ژینگەیی



عەبدولڕەحمان سدیق

لە (١٦)ی نیسـانی هەموو سـاڵێك، ژینگە دۆسـتانی هەرێمی کوردسـتان بەتایبەتی یادی بۆنەی ڕۆژی ژینگەی کوردستان بەرز ڕادەگرن.

ئەم ڕۆژە بۆنەیەکە بۆ هۆشیاریی زیاتر لە بواری ژینگەداو، بۆ سـەرنج ڕاکێشـانی سیاسەتمەدارو بڕیار بەدەسـتانی کوردسـتان بەلای ژینگەداو، دروسـتکردنی بایـەخ پێدانێکی زیاتـرو چاکتر بەژینگەو پێکهێنەرەکانی.

هەروەها ئاماژەیەکیشـە بۆ بـرەودان بە ڕۆڵی کۆمەڵگە، لە گۆڕینی هەڵوێستەکان بە ئاراستەی پاراسـتنء چاککردنـی ژینگەو، دروسـتکردنی هەستێکی جیهانیی لای دانیشتووان و هاوڵاتییان بەو بەیەکـەوە بەسـتنەوەیەی کە چارەنووسـی هەموویانی بەیەکەوە گرێداوە.

لە ڕۆژی ژینگەدا، پێویستە لە بیری ئەوەدا بین کە دابین کردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە ڕووی ژینگەییەوە لە مافە سەرەکییەکانی خۆیەتی وەك بەشێك لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی.

دەستکەوتنی ئاوی خاوێنی خواردنەوەو، بوونی سیسـتمێکی گونجاو بـۆ ئـاوەڕۆکانء، بوونی میکانیزمێکی بێ زیان بۆ ڕزگاربوون لە پاشماوەو پاشـەڕۆکان و، زیادکردنی ڕووبەری سەوزاییء، دووبارە دارِشتنەوەی دیزاینی شارەکان بەئاراستەی کـەم کردنـەوەی قەرەباڵغی و پاراسـتنی زیندە جـۆرەکان و، هەڵگرتنەوەی مینی چینراوو.تاد لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤن.

بۆ هەموو ئەمانەش بوونی ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسـیی و، ئیدارەیەکی زانسـتیانەی ژینگەیی زۆرگرنگـن بـۆ جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانـی تایبەت بـە ژینگەو، هاوکاریی نێودەوڵەتیی، کەمکردنەوەی هەژاریی و، کۆنترۆڵ کردنـی جەنگـەکان، پەیڕەوکردنـی پەرەپێدانی هەمیشـەیی بەردەوامیش، هەنگاوی زۆر گرنگن کە کاردەکەنە سـەر گۆڕینی دروشمەکان لە وشەوە بۆ کردار، لە قسەوە بۆ پڕۆژە.

ڕۆژی ژینگە، هۆکارێکیشـە کـە بە هۆیەوە گەلان، تیایدا لەسەر ئاستی هەرێمایەتی نیشتمانی، چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن لە پێناوی پاراستن و چاککردنـی ژینگەدا، لەپاڵ ئەو ڕۆژانەی دی کەبۆ ژینگە دیارکراون لەسـەر ئاستی جیهانیی و دەوروبەر، بۆ نموونە:

- (٥)ی حوزیرانـی هەمـوو سـاڵێك ڕۆژی جیهانیی ژینگەیە.

- (١٤)ی تشـرینی یەکەمی هەموو سـاڵێك ڕۆژی ژینگەی وڵاتە عەرەبیەکانە.

- (١٥)ی نیسـانی هەمـوو سـاڵێك ڕۆژی ژینگەی عێراقە.

- ڕۆژی (١٦)ی نیسـانی هەموو ساڵێکیش ڕۆژی ژینگەیە لە هەرێمی کوردستاندا کە پێویستە لەو ڕۆژەدا گرنگیی ژینگە زیاتر بۆ هاوڵاتیان روون بکرێتەوەو، پرۆژەی جۆراوجۆری تیادا پیشـکەش بکرێت بەمەبەسـتی بنیاتنانی هۆشیاریی ژینگەیی لە هەموو ئاستەکاندا.

لەم بۆنەیەشـدا بەباشـی دەزانـم پرۆژەیەکی ژینگەیـی تایبەت بەبـواری پـەروەردە بخەمە روو، کەبەهەماهەنگیی نێـوان وەزارەتی پەروەردەو دەستەی پاراسـتن وچاککردنی ژینگە دەتوانرێت دەوڵەمەندتر بکرێت و، جێبەجێ بکرێت، کەئەویش پڕۆژەی پەروەردەیی ژینگەییە:

**ناوی پڕۆژە: پرۆژەی پەروەردەی ژینگەیی**

**پێناسە:**

پرۆژەیەکی پەروەردەییە بەمەبەستی گەشەپێدانی هۆشیاریی لای مرۆڤ و، زیادکردنی بایەخدانیی بەژینگە، لەرێگەی پێدانی زانیاریی و ڕاهێنانیی لەسـەر چارەسـەرکردنی گرفتە ژینگەییەکانی ئێستاو ڕێگرتن لەسەرهەڵدانی گرفتی دیکە.

بنەماکانی پەروەردەی ژینگەیی:

١-پەروەردەی ژینگەیی پرۆسەیەکی بەردەوامە لەگەڵ ژیان وتەمەندا ڕێ دەکات.

٢- پـەروەردەی ژینگەیـی شـارەزابوونە

لەگشت لقەکانی زانست، بۆ دارشتنی دیدێکی هاوسەنگ.

٣- پەروەردەی ژینگەیی بایەخ دەدات بە هاوکاریی نێوخۆیی جیهانیی بۆ رێگرتن لەپیسبوونی ژینگە.

٤- پەروەردەی ژینگەیی بۆ هەموو تەمەن وئاستێکە، بەڵام گرنگە لەسەرەتاوە منداڵانی لەسەر پەروەردە بکرێت.

٥-یارمەتیدان بۆ دەستنیشانکردنی گرفتە ژینگەییەکان و هۆکارە راستەقینەکانی.

٦-جەختکردنەوە لەسەر بیرکردنەوەی قووڵ و،دۆزینەوەی میکانیزم بۆ چارەسەرکردن.

٧-خۆدوورگرتن لەپابەندبوون بەتەنیا ئامۆژگاریی و، بەیەك جۆر پرۆگرام.

٨-نزیککردنەوەی توێژینەوە زانستییەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندن، بەکردارییکردنیان.

**ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی:**

١-هۆشیاریی:بۆ هەستیاربوون بەگرفتەکان.

٢- زانیاریی: بۆزانینی قەبارەو رووبەری کێشەکان.

٣-ئاراستەکان: بۆ زانینی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەکێشەکەوە.

٤-دەست رەنگینی: بۆ فێربوونی رووبەروو بوونەوەی سەرەتاکانی کێشەکە.

٥-بەشدارییکردن: رەخساندنی هەل بۆ بەشداربوون لە دروستکرنی بریارو جێبەجێکردنیدا.

رەهەندەکانی پرۆژەی پەروەردەی ژینگەیی:

١-بابەتەکانی سیستمی ژینگەیی، هاوسەنگی ژینگەیی، زیندەجۆرەکان (بایۆدایڤێرستی)، شاری سەوز، پاوانە سروشتییەکان، بەرێوەبردنی ژینگەیی.

٢-بابەتەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی پێدراوی وەك دەرامەتە سروشتییەکان، دەرامەتە نوێبووەوەکان، کێشەی دانیشتووان، کێشەکانی پەروەردەو، راگەیاندنی ژینگەیی.

٣-کێشەکانی پەیوەست بە پیسبوونی ژینگەو، جۆرەکانی و، بەهەدەردانی دەرامەتە سروشتییەکان.

سوودمەندان لە پرۆژەی پەروەردەی ژینگەیی:

١-قوتابیانی قۆناغی بنەرەتی.

٢-بەرێوەبەروماموٚستایان.

٣-راگەیاندنکارو پەروەرشیارانی بایەخدەر بە چالاکییە ژینگەییەکان.

ئەنجامەکانی پرۆژەو هەڵسەنگاندنی:

یەکەم:

ئەنجامی قۆناغی یەکەم: کەتیایدا ئەم کارانە پێویستە تەواوکرابن:

١-ناساندنی پرۆژەکە لە ناوەندە زانستیی و میدیاییە نێوخۆییەکان.

٢-چاککردنی بارودۆخی ژینگەیی لە ١٢ قوتابخانەدا، لەرێگەی چالاکیی و پرۆژەی دەرەوەی پۆلەوە.

٣-چاپکردنی دوو نامیلکەی رابەری ژینگەیی:

یەکێکیان بۆ مامۆستایان بۆ رێنماییکردنی قوتابیانی تەمەن ٦-١٢ ساڵ.

دووەمیان بۆ قوتابیانی تەمەن ١٣-١٥ ساڵ.

٤-بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و، چاکترکردنی باری ژینگەیی لە هەر گەرەکێکی چوار دەورەی قوتابخانە دیارکراوەکان.

دووەم:

ئەنجامی قۆناغی دووەم: کەتیایدا ئەم کارانە پێویستە تەواوکرابن:

١-فراوانکردنی ئەزموونەکە بۆ ئەوەی گەرەکێکی دیکەش لێی سوودمەندبێت.

٢-پێکهێنانی ژینگە کتێبخانەیەکی گەرۆك.

٣-دامەزراندنی ژینگە شانۆیەکی گەرۆك.

بەم جۆرەش لەم بوارەدا هەر یەك لە رێکخراوەکانی تایبەت بە ژینگەو، راگەیاندنی ژینگەو، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئافرەتان و منداڵپارێزیی و ئەوانی دی، دەتوانن رۆڵی بەرچاویان هەبێت شان بەشانی دەزگاکانی پەیوەندیدار بۆ خستنە رووی یاسای ژینگە پارێزیی، دواتر دەتوانین بڵێین ئەرکی هاووڵاتی ئاسایی دێتە ئاراوە کە ئەوسا لەبەر رۆشنایی یاساو، پاشان هۆشیاریی یاساییدا دەتوانێت ئەرك و لێپرساوێتیەکانی خۆی بزانێت و ئاگاداری پێکهێنەرەکانی ژینگە بێت لە ئاوو هەواو خاك و... تاد.

ئەرکی هاوڵاتی و لێپرساوێتی هاووڵاتی خاڵێکی سەرەکیە لەپاراستنی ژینگەدا لەگشت وڵاتانی جیهاندا، بەڵام بە مەرجێك پێشتر دەوڵەت و رێکخراوەکان ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن لە بارەی:

١- ئامادەکردن و کارکردن بەیاسای پاراستن وچاککردنی ژینگە.


٢- روونکردنەوەو شیکردنەوەی یاسای پاراستنی ژینگە.

٣-زانینی ئەرکەکان لەلایەن کەس ولایەنەکانەوە.

٤- زانینی ئەو سزایانەی کە رووبەرووی هەرکەس و لایەك دەبێتەوە لە حاڵەتی سەرپێچی کردن لە یاساکە لە برگەیەك یان ماددەیەك لە ماددەکانی.

٥- بەردەوامیی پێوەندیی نێوان دەزگاکان و هاوڵاتیان لە رێگەی جیاجیاوە سەبارەت بەهۆشیاریی یاسایی.

# لە غیابی پلانی ئابووریدا وەبەرهێنان پەرەپێدانی لێناکەوێتەوە



لەدوای دەرچوونی (یاسای وەبەرهێنان – لە هەرێمی کوردستان ٢٠٠٦) وەبەرهێنان بە یەکێک لەو بوارە گرنگانە دانرا کە دەکرا رۆڵی لەپەرەپێدان و دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان و بەدەستهێنانی سەرمایەی نوێ هەبووایە. بگرە کوردستانی لە کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەر و بەکاربەرەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن بەلکێش بکردایەو رۆڵی لە کەمکردنەوەی بێکاری و دابینکردنی هەلی دۆزینەوەی کاری نوێ هەبووایە، دوای تێپەڕبوونی ٥ساڵ دەکرێت ئەو پرسیارە بوروژێنرێت: (ئایا وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی ئابووری هەرێمەکە بەنەخشە ڕێگەی راست و دروست دەبات؟ یا بەپێچەوانەوە لەنیو دەیەی رابردوودا لەئاکامی نەبوونی سیاسەتی ئابووری و ستراتیژییەتێك بۆ ئابووری و وەبەرهێنان نەتوانرا ببینە خاوەنی پلانێکی ئابووری وا کە وەبەرهێنان ئاراستەیەکی راست و دروستی بداتێ؟ ئەگینا بۆچی لەو ماوەیەدا نەتوانرا چینی ناوەند دروست بکرێتەوەو لە ئابووری شەخسی و گەندەڵی دەربازمان بێت و بەرەو ئابووری بازاڕ هەنگاو بنێین، ئەو ئابوورییەی خاوەنی کۆمەڵێك یاساو تەشریعاتی وەك یاساکانی بنبڕکردنی گەندەڵی و کێبرکێ و نەهێشتنی قۆرخکاری و پاراستنی مافی بەکارهێنەر و بەکاربەرو. تادواییی-یە. رەنگە وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبوون و عەقاراتدا تەنیا



ژمارە (٨٢٤) ■ ٢٠١١/٤/٤

لایەنێك بێت كە دەكرێت دەستەی وەبەرهێنان شانازی پێوە بكات، بەڵام ئایا ئەو پرۆژەو شوقەو باڵەخانانەی لەگوندە پێشكەوتووەكان بونیادنران زۆربەیان چ چینێك توانیان بیكڕنەوە، پرۆژەو شوێنی نیشتەجێبوون بۆ كەسانێك دروستكرا كە خۆیان ئەو ئیمكاناتانەیان هەبوو دروستی بكەن، چونكە هەر ئەوانەی خاوەنی خانووی خۆیان بوون چوونە ناو ئەو شوێنە راقیانەوە، لێرەدا نامانەوێت زۆر بچینە ناو وردەكاری كەموكوڕییەكانی وەبەرهێنان لەم هەرێمەدا، بەقەد ئەوەی دەمانەوێت خاڵی بێهێزی گەشەكردنی وەبەرهێنان بوروژێنین، ئایا كەموكوڕییەكان لەو یاسایەدایە كە پێش ٥ ساڵ دەرچووەو ئێستاكە بۆ ئەم قۆناغە ناگونجێت و پێویستی بە هەمواركردنەوە هەیە؟ یا پێوەندی بەكۆمەڵێك یاساو تەشریعات و بواری ترەوە هەیە كە وەك تەواوكارییەك وایە بۆ گەشەكردنی وەبەرهێنان، یا «لە غیابی نا ئەكتیڤی رێكار و ئالیاتەكان» دایە بۆ رووبەڕووبونەوەی كەموكوڕی و گەندەڵییەكان كە ڕۆچووینەتە ناو ئابوورییەكی سەقەت و بێ پلان و بەرنامە، لەمەشدا كەسانی هەڵپەرست و بەرژەوەندیخواز فرسەتەكەیان قۆستۆتەوە «لەژێر چەتری تۆمەتی گشتی خۆیان حەشار داوە»، ئالێرەدا دوور لەپاساوی هەنگاوە لاوازەكانی حكومەت لە رێكخستنەوەو ئاراستەكردنی وەبەرهێنانێكی راست و دروست و دەرنەكردنی كۆمەڵێك یاسای تایبەت كەمافی وەبەرهێنەر و بەكارهێنەریش دەپارێزێت، یا دوور لەململانێ سیاسییەكانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەكان كە فرمێسكی تیمساحیانە لە دیاریكردن و دەستنیشانكردنی كەموكوڕییەكان دەڕژن.

## یاسای وەبەرهێنان پێویستی بەهەمواركردنەوە هەیە

لەسیستەمی لیبرالییەت دا ئابووری و دیموكراسی دوو هاوكێشەی هاوتەریبی یەكترن و كاریگەری توندیان لەسەر یەكتر هەیە، پێویستە بەجدیەت و بەروونی و ئاشكرا دەست بخرێتە سەر كەموكوڕییەكان و لایەنە نێگەتیڤەكانی یاساكەو بارودۆخەكە بخرێتە روو، پاڵپشتی و پشتگیریش لە هەموو هەنگاوێكی بوێرانە بكەین كە بۆ چارەسەركردنی واقیعەكە دەنرێت، لەم راپۆرتەدا زیاتر روو دەكەینە ئەو هۆكارانەی كەلەپشت دەركردنی یاساكەوە بوون و هەوڵیش دەدەین لایەنی بێهێزی و ئاستەنگەكانی بەردەم گەشەكردنی وەبەرهێنان باس بكەین، بەتایبەت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە ئایا بۆچی وەبەرهێنەران لەو ماوە زۆرەی رابردوودا روویان لەكەرتە بەرهەمهێن و پێویستەكانی هەرێم نەكردو زیاتر روویان كردە كەرتەكانی نیشتەجێبوون و عەقارات و بازرگانی؟ یا تاچەند پرۆژە وەبەرهێنەكانمان توانیوێتی كەڵكی ئابوورییانەی هەبێت، سەرەتا دەبێت ئەو راستییە بزانین كە ئامانج لەدەركردنی یاساكە زیاتر بریتی بوو لە:(دابینكردنی ژینگەیەكی لەبار بۆ وەبەرهێنان و هەڵگرتن و لابردنی ئاستەنگە یاساییەكان و بواردان بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەی نیشتمانی و بیانی لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری دا. ئەمە ئامانجی ئەو یاسایە بوو كە پێش ٥ ساڵ لەمەوبەر دەرچوو، بەڵام ئاخۆ بۆ گەیشتن بە ئابووری بازاڕ توانرا ئەو تەشریعات و یاسایانە دەربكرێت كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پشتگیری ئابووری بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی پێویستمانە، یا ئەو كەرتانەی بەستراتیژییەت و گرنگ دادەنرێن وەكو كەرتەكانی كشتوكاڵ و گەشتوگوزار و وزەو پیشەسازی و گواستنەوەو گەیاندن و ئاودێری و بەنداوەكان. توانرا بەپێی پێویست و لەئاست داواكاری و ئومێدەكانی هاووڵاتییان و هەرێمەكە گەشەكردنێكی راستەقینە بەخۆیانەوە ببینن و دوور بن لەدەستێوەردان و گەندەڵی و زۆرترین وەبەرهێنەری بیانی وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام بدەن. بۆچی دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە یاسای وەبەرهێنان هەموار نەكرایەوە؟ لەمبارەیەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دكتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵا شارەزا لەبواری یاسا و سیاسەتی بازرگانی سەبارەت بەیاسای وەبەرهێنان پێی وابوو: یاسا لەهەموو وڵاتێكدا جێگیر و سەقامگیرە، واتا ناكرێت ئەمڕۆ یاسایەك دەربچێت و سبەینێ لە ماوەیەكی كەمدا هەڵبوەشێتەوە یا گۆڕانكاری بەسەردا بێت، بەتایبەت لە یاساكانی وەبەرهێناندا كە لەبنەڕەتدا بۆ مەبەستی راكێشانی وەبەرهێنە بیانییەكان دەركراوەو چەسپێنراوە، ئەمەش بەبنەمایەكی گرنگی شەفافییەت دادەنرێت بۆ ئەو سەرمایەدار و وەبەرهێنەرە بیانیانەی دەیانەوێت روو لە هەرێمی كوردستان بكەن و لە مەودایەكی دوور و درێژدا كاری وەبەرهێنان ئەنجام بدەن. ئەم بارودۆخە سەرجەم یاساو نیزام و رێنماییەكانی تریش دەگرێتەوە كە پێوەندارن بە وەبەرهێنان وەكو(یاساكانی باج و بۆرسەو بانك و عەقارات و. تاد..)، بەڵام بەو پێیەی یاسای وەبەرهێنان رەنگدانەوەی پێداویستییەكانی هەرێمەو، لە زەمەن و كات و بارودۆخێكی دیاریكراوی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی دەرچووە، هەر بۆیە لەگەڵ گۆڕانكارییەكاندا بەڵێ؛ دەكرێت یاسای وەبەرهێنانیش



## پرۆفیسۆری یاریدەدەر
## دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵا:



# وەبەرهێنەر ئیستغلالی بارودۆخەکەیان کردووەو ئاراستەی وەبەرهێنانیان بەرەو بەرژەوەندی شەخسی بردووە

دووبارە دابڕێژرێتەوە یا هەموار بکرێتەوە هیچ ڕێگرییەك نابینم کە گۆڕانکاری یا هەموارکردن نەکرێت لەیاساکە، ئەمەش بەشێوەیەك بێت کە بگونجێت لەگەڵ داواکاری و پێداویستییە ئابوورییەکانی هەرێمەکە. بۆ نموونە لەبەرئەوەی یاساکە پشتی بەمعیارێکی وا بەستووە کە جیاوازی وا نەکراوە لە کاری وەبەرهێنان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، هەر بۆیە یاساکە نەیتوانیوە دابەشبوونێکی دادپەروەرانەی وەبەرهێنان لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان رابگرێت. یاساکە پێویستی بەهەمووارکردنەوە هەیە، بەڵام من پێم وانییە هەمموو شکست و کەموکورتییەکانی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان بۆ برگە یاساییەکان بگەڕێتەوە، چونکە خودی یاساکە پریەتی لە ئاسانکاری و هاندان و ئیمتیازات بۆ وەبەرهێنەری بیانی، بەرادەیەك زۆرجار لەسەر حسابی وەبەرهێنەری نێوخۆیی بووە، بەڵام گرفتی وەبەرهێنان لە کوردستان بۆ ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوە کە لەهەرێمەکەدا بوونی هەیە، چونکە بەهۆی ژینگەیەکی ناتەندروست کەلێن دروستبووەو وەبەرهێنەر ئیستغلالی بارودۆخەکەیان کردووەو ئاراستەی وەبەرهێنانیان بەرەو بەرژەوەندی شەخسی بردووە لەسەر حسابی بەرژەوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێم. دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵا پێیوایە جگە لەهەمووارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان کۆمەڵێك یاساو میکانیزمی تر هەیە کە دەکرێت هانی وەبەرهێنانێکی تەندروست و راست لەهەرێمەکەدا بدرێت لەبوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بانك و..تاد. گرنگترینیان بریتییە لە (بوونی ژمارەیەك لە یاساو رێنمایی تری پەیوەندار بە وەبەرهێنان وەکو یاساکانی دارایی و باج و کێبرکێ و رسوماتی گومرکی و یاساکانی کۆمپانیاکان و بانك و تەمویلکردنی پرۆژەکان و پاراستنی موڵکییەتی فیکری و بۆرسە. ئەمانە هەمووی ئەو کۆمەڵە تەشریعاتانەیە کە هاندەری وەبەرهێنەرە بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەو ئەنجامدانی پرۆژەکانیان بەتایبەت پرۆژە پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و تەندروستییەکان. لەلایەکی ترەوە سەقامگیری نزامی سیاسی و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و حکومەتی ناوەندی و نێوخۆی هەرێم رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەپێدانی متمانە بە وەبەرهێنەر، بەڵام ئەوەی لەمڕۆدا زۆرجار کاریگەری خراپی لەسەر وەبەرهێنان دروستکردووە بۆ ئەو پێوەندییە لاوازەی نێوان وەبەرهێنانی بیانی و هێزی بازاڕ دەگەڕێتەوە، چونکە بازاڕەکانی کوردستان زۆر لاوازن و لەئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کۆمپانیا گەورەکاندا نین، بۆ نموونە لە بازاڕەکانی کوردستان دامەزراوەکانی دارایی و خزمەتگوزارییەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی بوونیان زۆر لاوازە، ئەمە سەرەرای بوونی گەندەڵی و بەرژەوەندی کەسانێکی خاوەن نفووز لەناو کەرتی وەبەرهێناندا.

لەکۆتاییدا بەرێزی پێی وابوو: ئەزموونەکانی چین و تایلەندو مالیزیا پێمان دەڵێن زەمانەتە تەشریعی و یاساییەکان بەس نین بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو وەبەرهێنەرە بیانیانەی کە لەبواری پرۆژەی ستراتیژی و گەورەو دوور مەوداکان کاری وەبەرهێنان دەکەن، بەڵکو پێویستیمان بە رێککەوتننامەی (پاراستنی وەبەرهێنان) دەبێت کە زەمانەتی نێودەوڵەتی بۆ گەورە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانە پێشکەش بکات کە هانی کۆمپانیاکانیان دەدەن بێنە هەرێمی کوردستان و کاری وەبەرهێنان ئەنجام بدەن. سەبارەت بە هۆکاری ئەوەی بۆچی وەبەرهێنان لەکوردستان روویان لەبوارەکانی نیشتەجێبوون و بازرگانی کردووە بوارە گرنگەکانی تری بەرهەمهێنانیان پشتگوێ خستووە، بۆچی دەستەی وەبەرهێنان نەیتوانیوە ئەو واقیعە بگۆڕێت؟ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر سائیب جەواد تویژەری ئەکادیمی عێراقی لەلێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی:

## پرۆفیسۆر
## دکتۆر هۆشیار مەعروف:



# پلانی ئابووری هەنگاوێکی گرنگە بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان

ئەو وڵات و هەرێمانەی نەتوانن وەبەرهێنان ئاراستەی ئەو کەرتە بەرهەمهێن و ستراتیژیانە بکەن کە لە ریزبەندی پێشەوەی پێداویستی و داواکارییەکانی هاوڵاتیان دێت، ئەوا راستەوخۆ سەرمایەدار و بیزنسکار روو لەو کەرتە ئاسانەو دەستکەوتە خێراو باشانە دەکەن کە زوو قازانج و داهاتیان بۆ کەڵەکە دەبێت بێئەوەی بیزنسکار و وەبەرهێنەر گوێبدەنە بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی، ئالێرەدا رۆڵی دەستەی وەبەرهێنان دێت کە هانی راکێشانی وەبەرهێنان و پێدانی ئاسانکاری دەدات بەتایبەتی لەو کەرتانەی کە وەبەرهێن رووی تێناکەن و وڵات و هەرێمەکە پێویستێتی. وەبەرهێنان لەبواری بەرهەمهێناندا داهات و توانایەکی تەکنیکی بەرزو دەستی کاری بەهرەمەندی دەوێت، لەلایەکی ترەوە ئەو وەبەرهێنانە مەترسیدارە و پێویستی بەزەمانەت هەیە کە لەسەرجەم عێراق و بگرە هەرێمی کوردستانیش وەکو بەشێك لەعێراق بەو رادەیە ئارام و سەقامگیرییە نییە، بۆ نموونە لەشاری سلێمانی و ئەو پارێزگایە خۆپیشاندان ئەنجامدرا راستەوخۆ بێبازاری کەوتەوەو سەرمایەدارەکانمان پارەو داهاتەکانیان ئاراستەی وڵاتانی دەرەوە کرد. وەبەرهێنان لەکەرتەکانی

کشتوکاڵی و پیشەسازی و بەرهەمهێنان پێویستی بەژێرخانێکی بەهێزی ئابووری هەیە، من نازانم چۆن کۆمپانیایەکی گەورەی کشتوکاڵی دێتە ئەم وڵاتەوەو بوارەکانی ئاوەڕۆو ڕێگاوبان و کارەباو بازاڕ بەوشێوەیە لاواز بێت، لەهەرێمی کوردستان گرفتی تریش هەیە کە تایبەتە بەگرفتی مین و بوونی کێشەی سیاسی و یەکلانەبوونەوەی گرفتەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی و بچووکی قەبارەی بازاڕە ناوخۆییەکان لەکوردستان دا، بۆیە لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو حکومەتەکان هەوڵی ڕاکێشانی وەبەرهێنان دەدەن و زۆربەی جاریش خۆیان بەئەنجامدانی پرۆژە گەورەو ستراتیژییەکان هەڵدەستن.

سەبارەت بەو میکانیزمانەی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیگرێتە بەر بۆ لێپرسینەوە لەو کەموکوڕیانە کە بیزنسکار و وەبەرهێنێکی خاوەن نفوز دەیکات، دکتۆر سائیب جەواد وتی: لاوازی ئاستی لێپرسینەوەی حکومی و نەبوونی میکانیزمێك بۆ دەستنیشانکردن و سزادانی گەندەڵکارەکان کێشەیەکی تری بەردەم گەشەکردنی وەبەرهێنانە، ئێستاکە لەعێراق و کوردستان پلانی ئابووری گشتی نییە، بەڵکو لەڕێگەی بەرنامەو پرۆگرامی کەرتەکانەوە یاخود وەزارەتەکانەوە ئابووری دەبرێت بەڕێوە، ئەو ڕاپۆرت و ستراتیژییانەی کە بۆپەرەپێدانی ئابووری و پلاندانانیش دادەنرێت لەڕووی پراکتیکییەوە بەتەواوی جێبەجێ ناکرێت، کاتی ئەوەهاتووە حکومەت لەو چوارچێوە داخراوە دەربازی بێت، کەپلانی ئابووری ئاراستەی ئەو ئەزموونە بکرێتەوە کەحکومەت تەمویل بێت و کەرتی تایبەت ڕۆڵی تێدا نەبێت، چارەسەرکردنی ئەم گرفت و کێشانە پێویستی بەکەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر هەیە کە بەرژەوەندی گشتی لەسەروو بەرژەوەندی شەخسییەوە دابنێت، ماوەیەك دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ مامۆستایانی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری گفتوگۆیان کرد و ئەو مەسەلانەیان تاوتوێکرد، کەچی دواتر ڕوویان لەپرۆژەکانی نیشتەجێکردن کردوو لە پرۆژە بەرهەمهێنەکان دوور کەوتنەوە.

پرۆ فیسۆر دکتۆر هۆشیار مەعروف توێژەری ئەکادیمی و شارەزای ئابووری ئەو خەلەلە وەبەرهێنانەی کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان درکی پێدەکرێت بۆ نەبوونی پلاندانان گەڕاندەوە بەرادەیەك نەبوونی ستراتیژییەتێك بۆ پلاندانان وایکردووە بێسەروبەری لە ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بکەوێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا پێی وابوو خەلەلی وەبەرهێنان لەنەبوونی پلاندانانەوە سەریهەڵداوە، کە بەهۆی نەبوونی سیاسەتی ئابووری و ستراتیژییەتەوە سەریهەڵداوە، لەمبارەیەوە پێی وابوو مەسەلەی وەبەرهێنان پێوەندی بە پلاندانانەوە هەیە، کە لەم وڵاتەدا

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر سائیب جەواد:**



# نەبوونی میکانیزمێک بۆ دەستنیشانکردن و سزادانی گەندەڵکارەکان کێشەیەکی تری بەردەم گەشەکردنی وەبەرهێنانە

پلاندانان وجوودی نییە، هەربۆیە زۆربەی بەرنامەو کارەکانی داهاتووی حکومەت و کەرتی تایبەتیش دیار نییە، ناکرێت پلاندانانی ئابووری کە نەخشە ڕێگەی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانە بۆ هەموو نەتەوەیەك کەچی لەهەرێمی کوردستان بوونی نەبێت، مومکین نییە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پرۆژە بەردەوامەکان بەپێی خواست و ویست و لەکاتی خۆیدا تەواو بێت و تەواوی ئامانجەکانی بەدەست بێنێت بێ بوونی پلانێکی زانستییانەو تۆکمەی ئابووری. داننان و مۆڵەتدان بەپرۆژەکانی کەرتی تایبەت و حکومیش پێویستی بەهەماهەنگی و پلانی کورت خایەن و درێژ خایەن هەیە، نابێت ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخەین کە زۆربەی پرۆژەکانی کەرتی تایبەت بازرگانییەو کەرتی تایبەت و حکومیش کەمتر خۆیان لەپرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی داوە، لەم ڕوانگەیەوە دانانی کارگەو بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی بەو ستراتیژە دادەنرێت کەئابووری هەرێمەکە بەرەو پێشەوە دەبات، بۆیە ئەرکی وەزارەتەکانە بەمیکانیزمێکی شیاو پێوەندی وەزارەتەکان لەلایەك و پێوەندییان بە وەزارەتی پلاندانانەوە لەلایەکی تر ڕێکخرێت و ڕیزبەندی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان و ڕەچاوی دیراسەی سوودی ئابووری پرۆژەکەش کرابێت. نەبوونی پلانی ئابوورییە وادەکات بەرنامەو پلانی درێژخایەنمان نەبێت و ڕووبەڕووی مەترسییەکان نەبینەوە، باس لەهەڵمەتی بونیادنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستە هەرێمەکە پێویستی بە ١٠٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، کەچی لەکوردستان خاوەنی دوو کارگەی پێشکەوتووی خشت و پێداویستییەکانی تری خانووبەرە نین و کارگەکانی دروستکردنی کەرەستەی بیناسازی لەڕووی کوالێتی و چەندایەتییەوە پشتگوێ خراون، ئەرکی کابینەی شەشەم پلاندانانی ئابووری و دۆزینەوەی میکانیزمێکی پێشکەوتووە بۆ بوژانەوەو بەردەوامبوون و پێشخستنی ئەو بناغانەیە کەپێشتر دانرابوون، تەنیا بەوەبەرهێنانی درێژخایەن دەتوانرێت بەشێك لەو بودجەیە وەکو یەدەگ و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان هەڵبگیرێت و حکومەتێك دامەزرێت خاوەنی یەدەگی دراوو گەنجینەی دەوڵەمەند بێت. ناکرێت لەغیابی پلانی ئابووری چارەسەری خێراو زانستییانە بۆکێشەکانی بەردەم ئابووری کوردستان نەدۆزرێتەوە، ڕاستە ئابووری هەرێمەکە بەراورد بە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کەمتر کێشەی هەیە، بەڵام چارەسەرنەکردنی کێشە ئابوورییەکە چەند بچووك و کەمیش بێت، لەئاییندەدا جێی مەترسییە بوونی پلانی ئابووری وا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات شەفافییانەتر مامەڵە لەگەڵ ئابووری بکات و پرۆژەکانی بەشێوەیەکی باشتر و خێراتر بەڕێوەبەرێت، چونکە پلانی ئابووری پشت بە داتاو زانیاری ڕاست و دروست دەبەستێت و خەڵکیش لەڕێگەی جێبەجێکردنی پلانەکەوە حوکم لەسەر باشی و خراپی بەڕێوەچوونی بەرنامەو کارەکانی حکومەت دەدەن.

پرۆ فیسۆر هۆشیار مەعروف پێی وابوو: تاکو ئێستا تێناگەن کە پلاندانانی ستراتیژی پێویستە لەخوارەوە بۆ سەرەوە بێت، ئێمە پێویستیمان بەسەدان پلان هەیە کە جۆرە ڕێکخستن و پێوەندییەکیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە پێموایە بێ پلاندانانی ئابووری کە ئەویش بەستراوەتەوە بە ستراتیژییەتی ئابووری و سیاسەتی گشتی ئابوورییەوە ناکرێت وەبەرهێنان سەرکەوتوو بێت، ئێمە لیژنەیەکی ئابووریمان لەئەنجومەنی وەزیران داناوە (ناوی گەورەو دێی وێرانە) هیچ جوڵەو بەرنامەو کارێکی ئەوتۆی نییە. . ئەمڕۆ بەبێ پلانی ئابووری دەستەی وەبەرهێنان ئیعلانی پرۆژەو بەرنامە خزمەتگوزارییەکانی دەکات، وەبەرهێنەری نێوخۆی کوردستان خاوەنی ڕۆشنبیری چاولێکەری و کۆکردنەوەی پارەیە لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی و شارەزایی تەکنیکی و توانای هونەرییان نییە.